


ئامادەکردنی:

حەمەسەعید حەسەن

# ئازایەتی لە ڕوانگەی ئۆشۆوە

Scanned by CamScanner

# (١)
# سەفەر بەرەو نادیار

باوەڕێکم پێ نییە، ئێوە لە هەموو شتێک دڵنیا بکات، بەڵێنی ئەوەیشتان پێ نادەم، داهاتوویەکی ئاسوودەتان بۆ دابین بکەم، لە هەوڵی ئەوەدام، هۆشیار بن و بزانن حاڵی حازر نیگەرانی لە ئارادایە، نەک دڵنیایی و یەقین. نیازم نییە لە ڕاستی و دروستی باوەڕێک دڵنیاتان بکەم، خەریکی ئەوەم نیگەرانترو دوودڵترتان بکەم و تەمی گومان لە کنتان ئەستوورتر بکەم، ئاخر بەبێ نیگەرانی و دوودڵی و گومان، نە هۆشیاریتان گەشە دەکات و نە لە ژیان تێدەگەن. تەنیا دوو ئەگەرتان لەبەردەمدایە، یان ئەوەتا بە چاوی نووقاوەوە، دەچنە سەر باوەڕێک، کە یەکسانە بەوەی هەست بە



Scanned by CamScanner

دڵنیایی دەکەن، بەڵام ژیان بە گەوجایەتی بەسەر دەبەن، یان ئەوەتا هۆشیار دەبن و بە گومانەوە سەرنجی هەموو باوەڕێک دەدەن.

تەنیا کەسانی گێل هەست بە دڵنیایی دەکەن، کەسانی ڕاستەقینەی زیندوو، لە هیچ دڵنیا نیین. ژیان پرۆسەیەکی میکانیکیی ساکار نییە، مەتەڵێکی هێندە ئاڵۆزە، کەس ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات، لە ساتەوەختی داهاتوودا چی ڕوو دەدات. ژیانێکی تژی لە یەقین، لە مردن سامناکترە، ئاخر ژیانی ڕاستەقینە، پڕە لە تەمومژ و کوتوپڕی، هەر ئەوەیشە، ژیانی جوان کردووە. هەر کە گوتت: من بە یەقین گەییشتووم، وەک ئەوە وایە جاڕی مردنی خۆت دابێت. ئەوی لە ئازادی بترسێت، با گومانی لە ئینسانبوونی خۆی هەبێت، من هاتووم ئازادیتان پێ ببەخشم، نەک دڵنیایی.

نەهاتووم پێتان بڵێم: خوایەک هەیە، ڕۆحێکی پیرۆز هەیە، خوا تاقە کوڕێکی هەیە کە حەزرەتی مەسیحە. نەهاتووم پێتان بڵێم: بەهەشت هەیە، دۆزەخ هەیە، کردەوەی چاک ئەوەیە، کردەوەی خراپ ئەوەیە، ڕەوتارت چاک بێت، دەچیتە بەهەشت، بەدڕەوتار بیت، دەچیتە دۆزەخ و تەواو. ئەگەر وا بڵێم و تۆیش بڕوام پێ بکەیت، ڕەنگە هەست بە دڵنیایی بکەیت، بەڵام ئازادیت لەکیس دەچێت. کە مردن لە دەرگات دەدات، یەقین هیچ سوودێکی نابێت، بۆیە خۆت بە هیچ یەقینێکەوە گرێ مەدە، ئاخر ژیان و یەقین، پێکەوە هەڵناکەن، ئاخر زیرەک کەسێکە گومان بورووژێنێت، نەک ملکەچی یەقین بێت.

ئازایەتی ئەوە نییە، خۆت ڕادەستی یەقین بکەیت، ئەوەیە متمانەت بە خۆت هەبێت. زیرەکی ئەوە نییە، پێشبینیی داهاتوو



Scanned by CamScanner

بکەیت، ئاخر خۆ ژیان زانست نییە، تا بزانیت، ئەگەر وات کرد، ئەوە ڕوو دەدات. ژیان هۆکار و ئەنجام نییە، وەک ئەوەی ئاو گەرم بکەیت، دەبێت بە هەڵم، لە ژیاندا شتێکی وەها نییە، تا تەواو لێی دڵنیا بین. ئیشی من ئەوە نییە، یەقینێکتان لە کن جێگیر بکەم، ئەوەیە: یەقینتان وردوخاش بکەم و دوور فڕێی بدەم، ئەوەیە: زیاتر سەراسیمەتان بکەم، ئەوەیە لە کۆتوبەندی باوەڕ ئازادتان بکەم، تا ئازادانە بە ڕووی هەموو ئەگەرێکدا بکرێنەوە، ئاخر هیچ شتێک جێگیر و نەگۆڕ نییە.

کرۆکی ژیان بریتییە لە نادڵنیایی، چونکە هەر کە بە دڵنیایی گەییشتین، ئازادی لە دەست دەدەین. سەراسیمەیی: وروژاندنی پرسیارە، نادڵنیایی: ئازادییە، ئازادی: ئازایەتییە، ئازایەتی: ڕاستگۆییە، ئاخر ئەگەر ئازا نەبین، ڕاستگۆیش نابین، ئازا نەبین، خۆشەویست نابین، ئازا نەبین، متمانەمان بە خۆمان نابێت، ئازا نەبین، ڕێی بەرەو حەقیقەت نابینینەوە، ئازا نەبین لە قوڕی وەهمدا دەچەقین. جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ترسنۆک و ئازادا نییە، تەنیا ئەوەیە، ترسنۆک گوێڕایەڵی مەترسی دەبێت، بەلام ئازا گوێ بە مەترسی نادات و ڕێی بەرەو نادیار دەگرێتە بەر.

سڵنەکردنەوە لە مەترسی، گوڵێکی بۆنخۆشە، بۆنی ئازایەتی لێ دێت. ئازا هەرچەند دەرک بە مەترسییەکان دەکات، بەڵام هەر پەلاماری نادیار دەدات. کە کەناری دڵنیایی بەجێ دەهێڵێت و وەکوو کریستۆڤەر کۆلۆمبوس (١٤٥١ – ١٥٠٦) خۆت بەدەم ئۆقیانووسەوە دەدەیت، گومانی تێدا نییە، ترس لە دڵتدا هەیە، بەڵام ئەوە خولیای سەرکێشییە، بۆ بەگژدا چوونەوەی نادیار هانت دەدات. بە چاوپۆشین لە مەترسییەکان، کە ملی ڕێی نادیار دەگریت،

هێدی هێدی تەمی ترست دەڕەوێتەوە، ئاخر هەست بە بەهێزیی خوت دەکەیت و تێدەگەیت ژیان هەر بێزاری نییە، بەڵکوو سەرچڵی و گەڕان لە دووی نادیاریشی تێدایە. ئازایەتی چییە؟ قوربانیدانە بە دیار، بۆ گەییشتن بە نادیار، دەستبەردانە لە ئاسایی و باو، بۆ گەییشتن بە نائاسایی و دژەباو. ئازایەتی: سەرچڵییەکە تەنیا لەوانە دەوەشێتەوە کە لە کرۆکی ژیان تێگەییشتوون.

ژیان گوێ ناداتە لۆگیکی تۆ، ئەوە تۆیت دەبێت گوێڕایەڵی لۆگیکی ژیان بیت. درەخت با ڕەگیشی قووڵ ڕۆ چووبیت و قەدیشی ئەستوور بێت، لەبەردەم زریاندا خۆی پێ ڕاناگیریت، بەڵام گیا بەرگەی هەمان زریان دەگرێت و هێندە نابات وەک هیچ ڕووی نەدابێت، دەکەوێتەوە سەما. درەخت بۆیە تێکدەشکێت چونکە ترسی لە مردن هەیە، بەڵام گیا چونکە باکی بە مردن نییە، بۆیە دوای زریان جوانتر سەر بڵند دەکاتەوە و دەکەوێتەوە کەرویشکە. ئەوە ترسە لە مردن، ئینسان تێکدەشکێنێت و دەیکات بە کۆیلە، ئەوی ترسی لە مردن نەبێت، نە دەبێتە کۆیلەی کەس و نە کەس دەکات بە کۆیلەی خۆی.

وشەی (Courage) کە بە مانای ئازایەتی دێت، لە (Cor)ی لاتینییەوە هاتووە کە بە مانای دڵ دێت، ئاخر ئازا بە دڵ بڕیار دەدات، نەک بە ئاوەز. ترسنۆک کە بە عەقڵ بڕیار دەدات، بە چەمک و تیۆری و لاهووت، هەموو دەرگاکان بە ڕووی خۆیدا دادەخات و هەنگاوێک ناچێتە پێشەوە. ڕێگای دڵ، ڕێی ئازایەتییە، ئازایەتی: ژیانە بەدەم نادڵنیاییەوە، ژیانە بەدەم خۆشەویستی و متمانە بە خۆ بوونەوە، ئازایەتی: بەڕێکەوتنە بەرەو نادیار، دەستبەرداربوونی ڕابردووە و ڕێخۆشکردنە بەرەو داهاتوو. ئازایەتی: تاقیکردنەوەی



Scanned by CamScanner

ڕێی ترسناکە، ئاخر ژیان تژییە لە مەترسی و ئەوە کەسانی ترسنۆکن خۆیان لە ڕێی مەترسیدار دەدزنەوە.

شاعیر بە دڵ دەژی و لە ڕێی دڵەوە گوێبیستی دەنگی نادیار دەبێت، سەر ناتوانێت گوێی لە شتی نادیار بێت، ئاخر پڕە لە شتی زانراو. عەقڵ چییە؟ هەموو ئەو شتانەیە کە دەیانزانیت، ڕابردوویەکی مردووی کەڵەکەبووە کە کۆتایی پێ هاتووە. عەقڵ: یادگەیە و هیچی تر، بەڵام دڵ کە هیوایە، جێیەکە لە داهاتوودا، سەر بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە، بەڵام عەقڵ خەو بە داهاتووەوە دەبینێت. داهاتوو هێشتا نەهاتووە، بەڵام بەڕێوەیە، هەموو ساتێک داهاتوو دەبێت بە ئێستا و ئێستا دەبێت بە ڕابردوو. ڕابردوو هیچی لە دەست نایەت، ئاخر زەمانی بەسەرچووە و مردووە، بەڵام داهاتوو زیندووە و هەموو وەختێک بەرەو ئێستا بەڕێوەیە، ئێستایش: بزاوتێکە بەرەو داهاتوو.

هەمووان دەخوازن کەسانی ڕاستەقینە بن، نەک ساختە، ئاخر ئینسان ئەگەر خۆی وەها نمایش کرد کە هەیە، کەسێکی بەختەوەر دەبێت. بۆ ئەوەی خۆمان بین، کەسانی ڕاستەقینە بین، پێویستمان بە ئازایەتی هەیە. مەترسە! گوێ مەدە قسەی خەڵک! ئەوەبە کە هەیت، با بە شێتت بزانن، خۆ بەوەی ئەوان پێیان وایە شێتیت، شێت نابیت. ئەگەر سڵت لە قسەی ئەوانی دی نەکردەوە، زوو یان درەنگ لێت تێدەگەن و ئەوانیش وەک تۆ دەکەن. بە تەنیا دەست نیت، کاروانێک بە دواتەوەیە. ئەوە بکە لە دڵتەوە هەڵدەقوڵێت، بە خۆت بێت، خۆتی ڕاستەقینە، هێندەت زانی هەر خۆت چاوپۆشین لە قسەی خەڵک، ئەوەیە ئازایەتی.

Scanned by CamScanner

تۆ تەنیا بەرانبەر بە دڵی خۆت بەرپرسیت، ئەوە هیچ بە دەردت ناخـوات، ئەوانـی دی لێـت ڕازی بـن و ڕێزت بگرن، تـۆ کە خودی خۆت تێکشکاند، ئیدی چی لە ڕێز دەکەیت؟ ئاخر خۆکوشتن ئەوەیە، دژی ڕەوتـی ڕووبـاری دڵـی خۆت مەلە بکەیـت. ئەگەر یەکێک بێت وەک ئەوان دەخوازن، با سـەد سـاڵیش بژیت، وەک ئەوە وایە، هیچ نەژیابێت. تەنیا ئەوانە بە نەمریی دەمێننەوە کە کەسانی ڕاستەقینەن و وا دەژیـن وەک خۆیـان دەخـوازن. (وا بژی وەک دڵت دەیەوێت!) ئـەوە بکـە بە دروشـمی خـۆت و ڕەچاوی بکە! گوێ لـە مۆچیاریی هیچ واعیزێک مەگرە! هەموو نهێنیی ژیان ئەوەیە، بە هۆشیارییەوە، گوێ بۆ ڕازی دڵی خۆت ڕادێریت، ڕاسـتە ئەگەر وا بکەیت، بەرەو ڕووی زۆر مەترسـی دەبیتـەوە، بەڵام بە هۆی ئەو مەترسـییانەوە کە دەبن بە ئەزموون بۆت، کەسێکی پێگەییشتووت لێ چێ دەبێت. ڕەنگـە چەنـدان جار بکەویت، بەڵام ئەو کەوتنانە هەڵسـانەوەیان بە دوادا دێت و هێدی هێدی جێپێت قایمتر دەبێت.

بـا ملکەچـی هیـچ یاسـایەک نەبین کـە لـە دەرەوەی خۆمانەوە دەیاسەپێنن بەسەرماندا، ئاخر هیچ یاسایەکی سەپێنراو ڕاست نییە، ئاخـر ئـەو یاسـایانە لـە داهێنانـی ئەوانەن کـە هەوڵیان بـۆ ئەوەیە کۆنترۆڵمـان بکەن. مەسـیح گوێی بۆ چرپەی دڵـی خۆی ڕادەگرت، بـەڵام ئەوانـەی دوای وی هاتـن، گوێیـان لـە ڕازی دڵـی خۆیـان نەدەگـرت، لاسـاییی ئەویان دەکردەوە، ئەویشـی لاسـاییی ئەم وئەو بکاتەوە، سـووکایەتیی بە ئینسانبوونی خۆی دەکات. لاساییکەرەوە مەبە! کۆپی مەبە! ڕەسەن و ئۆرجیناڵ بە! شوێنپێی کەس هەڵمەگرە! ڕێز لەو دەنگە بگرە لە ناخی خۆتەوە هەڵدەقوڵێت و شوێنی بکەوە! گەرەنتـی ئـەوە نییە، ئەو دەنگە یەکسـەر بەرەو ڕێی ڕاسـتت ببات، ئاخر ئەوە ئاساییە، بەر لەوەی دەرگا ڕاستەکە بدۆزینەوە، لە چەند



Scanned by CamScanner

بەرگایەکی هەڵەمان دابێت، بەڵام ئەوە گرنگە هیچ ماندووبوونێکمان بەفیڕۆ ناڕوات و بۆ گەییشتن بە ئامانج دەکات.

ئەوە ئاسایییە هەڵە بکەین، نائاسایی ئەوەیە، هەمان هەڵە دووبارە بکەینەوە. ئەو خەڵکە چونکە وا فێر کراون، کە نابێت هیچ هەڵەیەک بکەن، بۆیە دوودڵن و ترسی ئەوەیان هەیە بکەونە هەڵەوە، بۆیە وەک بەرد لە جێی خۆیان ناجووڵێن. ئەگەر خۆت بە دەستی ترسەوە بدەیت، یەکێکت لێ دەردەچێت سەر بە لەشکری لە ژمارە نەهاتووی مێگەل. چییان پێ گوتوویت، لەبارەی ئەوەوە چی ڕاستە و چی هەڵەیە، لە بیری خۆتیان ببەوە، ئاخر ژیان لە گەشەسەندندایە و ڕەنگە ئەوەی ئەمڕۆ ڕاست بێت، سبەی هەڵە بێت. ئەوانەی وەڵامی هەموو پرسیارێکیان لایە، جێی باوەڕ نیین، ئەوانەی پشت بە وەڵامی پێشەکی حازرکراو دەبەستن، گەوجن. ئاسانە دە وەسێتنامەکە لەبەر بکەیت، بەڵام چونکە ژیان لە گۆڕاندایە، مووسا خۆی زیندوو ببێتەوە، هەمان ئەو قسانە ناکاتەوە. ژیان گۆمێک نییە لە جێیەکدا گیری خواردبێت، ڕووبارێکە بەردەوام هاژەی دێت، بۆیە ئامۆژگارییە نەگۆڕەکان، بە کەڵکی ژیان نایەن کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

*

# (٢)
# ئۆرجیناڵ و کۆپی

ئەوپەڕی ئازایەتی ئەوەیە، خۆت وەها پیشان بدەیت، وەک هەیت.
جۆن سپاڵدینگ

ئەوانەی قەیرانی ئازایەتییان هەیە، لەسەر هێنانەوەی پاساو پەکیان ناکەوێت.
ئەلبێر کامۆ

داهێنان پێویستی بە ئازایەتییە، ئاخر ملکەچنەکردنە بۆ جێگیر و نەگۆڕ.
ئێریک فرۆم



Scanned by CamScanner

ئەوی لەدووی ڕاستی وێڵ بێت، نابێت سڵ لەوە بکاتەوە کە زوو زوو دەکەوێتە هەڵەیشەوە، نابێت خۆی لە سەرچڵی بدزێتەوە، نابێت ترسی بزرکردنی ڕێی هەبێت، ئاخر ئەگەرنا، قەت ناگاتە مەنزڵ، ئاخر تا ڕێمان لێ تێک نەچێت، ڕێگە دروستەکە نادۆزینەوە و تا هەڵە نەکەین، ناگەینە ڕاستی. تا نەزانین هەڵە کامەیە، لە ڕاستی نزیک نابینەوە. پێویستە خۆمان ڕێی ڕاست بدۆزینەوە، پشت بە ئەزموون و سەرئەنجامی ئەوانی دیکە نەبەستین.

کە لە دایک دەبین، عەقڵ شک نابەین، کەواتە عەقڵ بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. سرووشت لە سەرەتاوە عەقڵی پێ نەبەخشیوین، هێدی هێدی عەقڵ پەیدا دەکەین، هەر شتێکیش خۆڕسک و سرووشتی نەبێت، گەر بخوازین، دەتوانین خۆمان لە بازنەی کۆنترۆڵی دەرباز بکەین. پێش ئەوەی توانای بیرکردنەوەمان هەبێت، ئێمە هەین، تەنیا لەبەر ئەوەی هەین، مەرج نییە توانای بیرکردنەوەیشمان هەبێت. زانست و فەلسەفە و ئایینناسی زادەی بیرکردنەوەن، بەڵام ئەوەی ئێمە سەر بە کام ئایینین، زادەی بیرکردنەوە نییە، ئاخر بەر لەوەی توانای بیرکردنەوەمان هەبووبێت، بێ ویستی خۆمان، ئایینمان بۆ دیاری کراوە.

چەشنێک لە (مەعریفەت) هەیە، زیاتر لە خۆشەویستییەوە نزیکە، وەک لە زانینیەوە، زانین کراسێکە تەنگە بە بەری، ڕەنگە (موحیبەت) پڕ بە بەری بێت. لە مێژووی هۆشیاریی مرۆڤایەتیدا، یەکەم جار سیحر سەری هەڵدا و گەشەی کرد، سیحر تێکەڵەیەکە لە زانست و ئایین کە هەم لۆگیکی تێدایە، هەم نالۆگیک. فەلسەفە لە هەناوی سیحرەوە پەیدابووە، زانستیش لە فەلسەفەوە. سیحر



Scanned by CamScanner

هەم لۆگیک بوو، هەم نالۆگیک، بەڵام فەلسەفە تەنیا لۆگیک بوو، کە لۆگیک گەشەی کرد، زانستی لێ کەوتەوە. ئایین ڕووی دەمی لەوانە نییە، کە لە گۆشـەنیگای زانسـتەوە، سەرنجی دیاردەکان دەدەن، بۆ ئەوانە دەپەیڤێت بڕوایان بە سیحر و بە غەیب هەیە. ئایین و زانست هەردووکیـان لـە هەوڵی ئەوەدان، لە حەقیقـەت نزیک ببنەوە، ئایین ڕاستەوخۆ، بەڵام زانست بەکاوەخۆ.

ئەگـەر بیرکردنـەوە لای تـۆ، هـەر ئەوەبێت، بیر لـە زانراوەکان بکەیـەوە، هەر گوتراوەکان بڵێیتەوە، هەر جووراوەکان بجوویتەوە، نـە هیـچ دابهێنیـت و نە هیچی نادیار ئاشـکرا بکەیت، ئەوا ڕەسـەن نیـت، لـە کۆپـی بـەولاوە هیچی دیکە نیـت، ئاخر حەقیقـەت ئەوەیە، خۆت بیدۆزیتەوە و بەبێ کۆمەکی کەسـانی پێش خۆت دەرکی پێ بکەیت. حەقیقەت ئەوەیە خودی خۆت پێی بگەیت، وەک تۆ یەکەمین کـەس بیـت، پێت نابێتە بوونەوە. ئەگەر ئەوەت پێ کرا، هەقی خۆتە لافی ئەوە لێ بدەیت، ئینسانێکی ئازادیت، ئەگەرنا بخوازیت، یان نا، کۆیلەی کولتوورێکی ماوەبەسەرچوویت.

حەقیقـەت ئەوە نییـە لەڕێی خوێندنەوەوە پێـی دەگەین، ئەوەیە بەرەو ڕووی دەبینەوە و خۆمان ئەزموونی دەکەین. بەوەی لەبارەی خۆشەویسـتییەوە بخوێنینـەوە، لە خۆشەویسـتی حاڵیـی نابین، بۆ ئـەوەی لێـی تێبگەین، چـاری دیکەمان نییە، ئیلـلا دەبێت خۆمان بە ئەزموونی خۆشەویستیدا ڕەت ببین. بە هۆی وێنەیەکەوە، ناتوانین زنجیرەشـاخێک بناسـین، ئاخـر وێنەکـە، لە گۆشـەیەکەوە پیشـانی دەدات، قورئـان و ئینجیـل و تـەورات، هـەر یەکێکیـان وێنەیەکـی جیاوازی هەمەن حەقیقەتن. سـەرنجدانی لایەنگرانە، سـەرنجدانێکی نابینایانەیـە، دڵێکـی پـڕ لـە سـەرئەنجام، دڵێکی لە لێدان کەوتووە.



Scanned by CamScanner

**ئەوەی یەقین لە کنت پتەوە، بەرهەمی زیرەکیی نییە، زادەی فەقیرخەیاڵییە.**

ئەوەی پێی دەگوترێت بیر، ڕاستییەکەی زیرەکییەکە بە تامی گەوجایەتی، بیرمەندان کەسانی زیرەک نیین، ئاخر بیر تەرمێکە و هیچی تر، دەتوانیت بە یاقووت و مرواری بیڕازێنیتەوە، بەڵام هەر وەک جەستەیەکی بێ گیان دەمێنێتەوە. زانست شتێکی دیکەیە، خۆی لە تەمومژ بەدوور دەگرێت، چی بخوازێت بە دیاریکراوی دەیڵێت، ئاخر پشتی بە واقیع ئەستوورە. واقیع بەشێکی بچووکە لە بوون، ئیشی زانستیش لەگەڵ بەشە بچووکەکاندایە. ئیشکردن لەگەڵ بەشی بچووکدا ئاسانە، دەتوانیت شرۆڤەی بکەیت، بەبێ ئەوەی لەنێویدا بزر ببێت، بەبێ ئەوەی هیچ لە تەمومژدا بهێڵیتەوە، ئاخر زانست بکوژی تەمومژە، وەک ڕامان نییە، بەرەو نادیارت ببات و باسی دونیایەکی بێ نەخشەت بۆ بکات.

ڕامان بەرەو جۆرێک لە بزربوونت دەبات، بەشێوەیەک جیاوازی لە نێوان بینەر و بینراودا نامێنێت، بەڵام لە زانستدا بینەر، بینەرە، بینراویش، بینراو. لە زانستدا بۆ چرکەیەکیش خۆت لە بیر ناچێتەوە، نە بزر دەبیت، نە هەڵدەچیت و نە بە سۆز بڕیار دەدەیت، بەڵکوو بێلایەنانە هەڵسوکەوت دەکەیت. کە لە تاقیگەدایت، با ڕەوتارت وەک هی زانا وابێت، بەڵام لە سرووشتدا، وەک شاعیر گوێ لە سترانی مەل بگرە و شاعیرانە سەرنجی جوانیی گوڵ بدە! لەگەڵ هەوردا گەشت بکە، خۆت لێ ببێت بە مێرگ و بە شنەی شەماڵ و بە تەیر، ئەوەیە ڕامان.

چونکە متمانەمان بە زیرەکیی خۆمان نییە، بۆیە ترسی

ئەوەمان هەیە فریو بدرێین. بۆ ئەوەی باوەڕمان بە خۆمان هەبێت، پێویستمان بە زیرەکی و ئازایەتی و ڕاستگۆیی هەیە، ئەگەرنا دوودڵ دەبین. ئەگەر متمانەت بە زیرەکیی خۆت هەبێت، دەتوانیت، دونیای دیار بەجێ بهێڵیت و ڕوو لە دونیای نادیار بکەیت، ئاخر باوەڕت بە خۆت هەیە کە پێت دەکرێت، لەوێش نشینگەیەک بۆ خۆت چێ بکەیت و درێژە بە ژیان بدەیت. لە کەسی دوودڵ وایە، هەمیشە مەترسیی گەورە بەڕێوەیە، بەڵام کەسی زیرەکی باوەڕ بە خۆ، وای بۆ دەچێت، بەرەو ڕووی هەر مەترسییەک بووەوە، دەتوانێت بە گژیدا بچێتەوە.

هەوڵ مەدە لە ژیان تێبگەیت! بەڵکوو بژی! هەوڵ مەدە لە ئەوین تێبگەیت، بە پیرییەوە بچۆ! زانین زادەی ئەزموونە، تا خاوەنی ئەزموونی زیاتر بین، زیاتر دەزانین، بەڵام زۆر زانین، هەموو تەمومژێک نارەوێنێتەوە، بۆیە بەردەوام ئینسان وا هەست دەکات، پێویستی بە زانیاری دیکەیە. ژیان تەنگوچەڵەمە نییە، ژیان مەتەڵێکە پێویستە بە گەرمی پێشوازیی لێ بکەین، خۆشمان بوێت و ئەزموونی بکەین. ئەو ئاوەزەی هەمیشە سەرقاڵی لێکدانەوەیە، ئاوەزێکی ترسنۆکە، هەر ئەو ترسەیشە وای لێ دەکات، هیچ هەنگاوێک نەنێت، تا هەموو شتێکی بۆ لێکنەدرێتەوە. ئاوەزی وا بەبێ نەخشەی ڕێ و بەبێ چاوساغ، ئامادە نییە، ڕوو لە جێیەکی نادیار بکات، بەڵام ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە، هیچی کۆن لەژێر خۆردا نییە و نەخشەڕێی ئەمڕۆ بە دەردی سبەی ناخوات.

خۆ ژیان گەشت نییە، تا بە نەخشەی ڕێ یان بەو کتێبانەی لە دەلیلی گەشتیار دەچن، بەڕێوە بچێت. نەخشە و کتێب بۆ ئەو شتانە دەست دەدەن کە لە جێی خۆیان نابزوێن، نەک بۆ ژیان



Scanned by CamScanner

کە وەستانی نییە. ژیان لە هیچی دیکە ناچێت، تا بەهۆی شتێکی دیکەوە ڕوونی بکەینەوە. بۆ ئەوەی بەبێ ترس بەرەو ڕووی ژیان ببینەوە، پێویستمان بە ئاوەزێکی پێگەییشتووە.

کە پەرستگاکان تژین لە دیندار، کە نزیکەی هەموو خەڵک باوەڕدارن، ئەدی لە سۆنگەی چییەوە، دووڕوویی دونیای گرتووەتەوە؟ چونکە ئەو خەڵکە بە ئەزموونی خۆیان ئەم یان ئەو باوەڕیان هەڵنەبژاردووە، چونکە بە تۆپزی ئەم یان ئەو ئایین، دەرخواردی مێشکیان دراوە، چونکە بەبێ ئەوەی لێی تبگەن، ئەم یان ئەو کتێبی پیرۆزیان لەبەر کردووە، چونکە وەک چۆن مردوو تەڵقین دەدرێت، ئەو خەڵکەیش، بەبێ دەرک پێ کردن، هەموویان تەڵقین دراون.

بێباوەڕ بیت، باشترە وەک لە باوەڕدارێکی دووڕوو، لادین بیت باشترە، وەک لە دیندارێکی ناحاڵی. گومانت هەبێت باشترە وەک لە یەقینێک کە زادەی جەهل بێت. گومان بۆیە باشترە، چونکە هانت دەدات بەدووی ڕاستیدا بگەڕێیت. ئەو خەڵکە چونکە لە منداڵییەوە، فێری باوەڕێک دەکرێن، بۆیە لەگەڵیدا ڕادێن، چونکە بە منداڵی، لە نەزانییەوە لەگەڵ ئەو باوەڕەدا ڕادێن، تەنیا بەهۆی زانینیەوە لێی ڕزگار دەبن، ئاخر تەنیا زانین ئینسان ئازاد دەکات.

ئەوەی باوەڕت پێیەتی، لەم و لەوەوە وەرتگرتووە، بەرهەمی هەوڵی خۆت نییە، مەحاڵە لەڕێی شتێکیەوە کە لەم و لەوت وەرگرتووە، بە حەقیقەت بگەیت؟ دەرۆزەکەر بیت باشترە لەوەی لەڕێی وەرگرتن، دزین، یان میراتییەوە دەوڵەمەند ببیت. زۆرینە باوەڕیان لە پێستیان قووڵتر ڕۆ نەچووە، ئەوە نییە هەر کە لە

کارێکدا تووشی نسکۆ دەبن، کوفری وا گەورە دەکەن، هیچ بێباوەڕێک نایکات. جیاوازیی نێوان باوەڕ و متمانە ئەوەیە، باوەڕ تایبەتە بە کۆمەڵ، بەڵام متمانە تایبەتە بە تاک. باوەڕ بۆیە وا زوو هەرەس دەهێنێت، چونکە زادەی ئەزموونی خۆت نییە، بە تۆبزی فێریان کردوویت، بەڵام متمانە بە ئەزموونی خۆت پەیدای دەکەیت، بۆیە بە هیچ هێزێک تێکناشکێت.

چونکە هەموو باوەڕێک بە گژ گوماندا دەچێتەوە و لەڕێی نواندنی زەبروزەنگەوە سەرکوتی دەکات، بۆیە ترسێکی گەورەمان لە ئاشکراکردنی گومان هەیە. کۆیلە کەسێکە گومانی هەیە، بەڵام ئەوەندە بوێریی شک نابات، ئاشکرای بکات، ئەگەر گومان لە ناختەوە هەڵبقوڵێت و تۆ ڕێی لێ بگریت، وەک ئەوە وایە، خۆت بەسەر خۆتەوە سانسۆر بیت، خۆت ئازادیی ویژدان و ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە خۆت زەوت بکەیت.

متمانە شتێک نییە، هەوڵ بدەیت فێری ببیت، قووڵاییی ناخی خۆتی بۆ بگەڕێ، لەوێ بیدۆزەوە! ئەوی بەدواداچوون بۆ ڕاستی بکات، پێویستی بەوەیە هەم بوێر بێت و هەم متمانەیشی بە خۆی هەبێت، ئاخر ناچارە لە دابونەریت لا بدات، لە مێگەل دوور بکەوێتەوە و خۆی بدات بەدەم زەریایەکی هەڵچووەوە، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی دەربارەی کەنارەکانی دیکەی هەبێت. کەسێک ئەوپەڕی متمانەی بە خۆی نەبێت، لێی ناوەشێتەوە گومانی گەورە بورووژێنێت، پرسیاری قووڵ بکات و ڕێی سەرچڵی بگرێتە بەر.

ئەگەر متمانەت بە خۆت نەبێت، وەک مەحاڵ وایە متمانەت بە کەسانی دیکە هەبێت، بەبێ متمانە بە خۆ بوون، ئازایەتییش

لـە گـۆڕێ نییە. بۆ ئـەوەی متمانە بە خۆت پەیدا بکەیت، پێویستت بـە دڵێکـی کراوە هەیە، ئاخر ئەوە دڵی کراوەیـە، فیکر دەگۆڕێت بە زیرەکـی. زیرەکـی: فیکرێکە هاوئاهەنگ لەگـەڵ دڵدا و متمانەیش لە دڵەوە سـەرچاوە دەگرێت. فیکر بەبێ دڵێکی کراوە، وەک کەسێکی نابینا وایە، بۆیە پێویستی بە دڵێکی کراوەیە چاوساغی بێت، ئەگەرنا زوو دەگلێت. بۆچی ئەو خەڵکە وا ڕاهاتوون، بڵێن: ژیان بێ مانایە؟ چونکە بە فیکری نابینا، دەخوازن ڕووناکی ببینن، کە مەحاڵە، بۆیە بەدەم نائومێدییەوە دەڵێن: ژیان بێ مانایە.

فیکـر کاتێـک ڕۆشـنە، کـە بە چاوی دڵ سـەرنجی دونیـا بدات. متمانە لە غەیری بینین بە چاوی دڵ، هیچی دیکە نییە. گومان باڵی فیکرە، بەبێ گومان، فیکر کەسـانی دۆگماتیک بەرهەم دەهێنێت، کە بستێک زیاتر، بەرچاوی خۆیان نابینن. فیکر ئەگەر لە کوورەی دڵدا جۆش نەدرێت، نابێت بە زیرەکی. حیکمەت زادەی هارمۆنیای نێوان دڵ و فیکـرە، کـە لێدانی دڵ و شـێوازی کارکردنـی فیکرت هاوڕێتم بـوون، ئیـدی وەک ئـەوە وایە، خاوەنـی کلیلی کردنـەوەی دەرگای هەموو مەتەڵێک بێت.

❋

(1) Osho, Mod - Glädjen I att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholm

Scanned by CamScanner

# (٣)
# ڕچەشکاندن

کرۆکـی مەســەلەکە ئەوەیــە، بزانیــت: زانــراو مــردووە، نەزانراو زیندووە، دیــار مردووە، نادیار زیندووە. کێشــەی تـۆ ئەوەیە، لەبری ئـەوەی دەســتبەرداری تەرمی زانراو بیت، پاسـاو دەبینییەوە تا هەر وابەســتەی بیــت و هــەر لە کۆڵ خۆتــی ناکەیەوە، هەرچەندە ســوور دەزانیــت لەمێــژە بۆگەنــی کــردووە. هەر شــتێک بیزانیت، مــردووە و بەشــێکە لە ڕابردوو، بەشــێکە لە گۆڕســتان، تۆ سەرپشــکیت لەوەی زیندوو بیت، یان سەر بە دونیای گۆڕستان بیت و یەکێکی لەگۆڕنراو بیت. زانیاری ئیدی هەر زانیارییەک بیت، تا ئەو کاتە بایەخی هەیە کە نایزانیت، هەر کە زانیت، ئیدی دەبێت بەجێی بهێڵیت و نەیکەیت بە بار



Scanned by CamScanner

بەسەر شانی خۆتەوە، ئەگەرنا ژیانت لێ تاڵ دەکات و لێ ناگەڕێت تامی خۆشیی ژیان بکەیت.

ئینسانی تێگەییشتوو کەسێکە هەر ساتەوەختێک ببێتە بەشێک لە ڕابردووی، ئەو تێیدا دەمرێت و سەرلەنوێ لە داهاتوودا لە دایک دەبێتەوە، ئاخر ئێستای هەمیشە لە گۆڕان و نۆژەنبوونەوە و سەرلەنوێ لە دایک بوونەوەدایە. کەس ناتوانێت فێری ئازایەتیت بکات، یان پێتی ببەخشێت، ئازایەتی شتێکە هەر کە لە دایک بوویت، لەگەڵت بووە، بەڵام تۆ ڕێت بۆ خۆش نەکردووە، گەشە بکات و خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر بەربەست لەبەردەم چەمی ئازایەتیدا ڕۆ نەنێین، زوو زوو کۆن بەجێ دەهێڵین و تازە دەبینەوە.

بە پاکیزەیی، دێینە دونیاوە، تەنیا ئەوەمان لەسەرە لە کیس خۆمانی نەدەین، پاکیزەیی وەک موسیک یان وێنەکێشان نییە، هەوڵی فێربوونی بدەین، وەک هەناسەدان وایە، لەگەڵماندا لە دایک دەبێت. پاکیزەیی سرووشتی هەموو کەسێکە، چونکە هەمووان بە پاکیزەیی پێ دەنێینە ژیانەوە. پاکیزەیی ئەوەیە تۆ وەک لاپەڕەیەکی سپی وایت، هیچت لێ نەنووسراوە، داهاتووت هەیە، بەڵام ڕابردووت نییە. ڕابردوو بریتییە لە بیرەوەری و ئەزموون، دەشێت بە هۆیانەوە وەک کەسێکی زیرەک بە دیار بکەویت، بەڵام کەسێکی ڕاشکاو نیت، زیرەکییەکەشت کە ڕووکەشە، زیاتر لە فێڵبازی و ڕووقایمییەوە نزیکە، وەک لە ڕاستگۆیی و ئازایەتییەوە. کەسی وەک تۆ کە بە ڕابردوو گۆش کراوە، لە کۆتاییدا چی ناوبانگ و شکۆی پێکەوە ناوە، وەک بەفری بەر خۆر دەتوێنەوە.

دونیا وەک ژووری چاوەڕوانیی وێستگەی شەمەندەفەر وایە،

زوو یان درەنگ بەجێی دەهێڵین، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی ئەو شوێنە لەگەڵ خۆمان ببەین. هەندێک ناوی خۆیان لەسەر دیواری ئاودەستی وێستگەیەک دەنووسن، ئەوە تەواو وەک نامەی ئەعمالی خەڵک وایە لە دونیادا، ئاخر هەر هێندەیش شوێنەرار لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن. بەگوێرەی ئەفسانەیەکی ژاپۆن، لە ئاسمان شاخێک هەیە، ناوی سوومیرۆیە، هێندەی هیمالایا گەورەیە و لە زێڕ چێ کراوە، گوایە بەدەگمەن کەسێک هەڵدەکەوێت، چانسی ئەوەی هەبێت، ناوی خۆی لەسەر ئەو شاخە هەڵبکۆڵێت. کە (ئیمپراتۆری هەرە گەورە) بۆ هەڵکۆڵینی ناوی خۆی دەگاتە ئەوێ، سەرنج دەدات، هێندە ناوی لەسەر نوسراوە، جێیەک نەماوەتەوە بۆ ناوی ئەو، ئیللا مەگەر هەندێک ناو بسڕێتەوە، ئینجا ناوی خۆی بنووسێت! بۆیە بەبێ ئەوەی مۆری خۆی لەسەر سوومیرۆ بەجێ بهێڵێت، دەگەڕێتەوە. مەبەست لەو ئەفسانەیە ئەوەیە، ئێمە توانای ئەوەمان نییە، کە مردین هیچ لەگەڵ خۆماندا ببەین، نە مولک و ماڵ، نە هێز و ناوبانگ، کە بۆ پەیداکردنیان سڵمان لە گەندەڵکاری نەدەکردەوە.

کە پێ دەنێینە دونیاوە، چاودێرێکی پاکیزەین، بەڵام هەر زوو سازش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکەین کە لە خۆمان گەورەتر و بەتواناترن. ئێمە هەر پاکیزەیی شک دەبەین، کە لە بەرانبەر دەستکەوتی دونیاییدا بیدەین بەوان، ئەوە بۆیە ئینسان لە گەشتی ژیانیدا خۆی دەدۆڕێنێت، ئاخر هیچی نادەنێ، ئەگەر پێشەکی بەهاکەی نەدات، بەهای ئەو شتانەی کە دەبێت بە خاوەنیان، لە شکۆی خۆی دەدات کە لە هەموو شتێک بەنرخترە، بەو چەشنە پاکیزەیی لە دەست دەدات.

هیچ شتێک هێندەی ئامۆژگاری بێبایەخ نییە، ئاخر ئەگەر بایەخی هەبووایە بە خۆڕایی نەدەبوو. وەک چۆن تەنیا گێل ئامۆژگاری ئەم

و ئـەو دەكات، تەنیـا هـەر گێلیـش گوێ بـۆ ئامـۆژگاری ڕادەدێرێت. زانا ڕاستەوخۆ ئامۆژگاریمان ناكات،سەرەتا بۆ وەرگرتنی پەیامەكەی ئامادەمـان دەكات، تـەواو وەک جووتیـار كە پێشـەكی زەوی ئامادە دەكات، ئینجا تۆو دەوەشـێنێت. بۆ ئینسـان هیچ شـتێک لەوە بایەخی زیاتـر نییـە كە ویژدانی ئاسـوودە بێـت، بەڵام هیـچ واعیزێک توانای ئـەوەی نییـە، ڕێنوێنیمـان بـكات، چـۆن ویژدانمان ئاسـوودە دەبێت. ئەگەر لەدووی ویژدانێكی ئاسوودە بگەڕێین، دەبێت بچین لە منداڵەوە كە هێشتا پاكیزەییی لە دەست نەداوە، فێری ببین.

فیكر كە شتێكی زانراوە، بریتییە لە زانیاریی كەڵەكەبوو، پێشەكی بڕیاری داوە، ڕوو لە كام هەوار دەكات، بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵی ناخی خۆت بیت، فیكر فەرامۆش دەكەیت و ڕێگەی جێیەكی نادیار دەگریتە بـەر. فیكر باسـی باو دەكات، تۆ پێویسـتت بە دژەبـاوە، ئاخر بوونت مەسـتی سـەرچڵییە. فیكر كۆنەپارێزە، ئەو ڕێیانەت پیشان دەدات كە چەنـدان جـار تاقی كراونەتەوە، بەڵام تـۆ حەوجەت بە ڕێیەكە بەر لە خـۆت كەسـی پێدا ڕەت نەبووبێت. كەسـانی ئازا ڕێـی نەزانراو تاقی دەكەنـەوە، بـەڵام ترسـنۆک كـە لـەدووی دڵنیایی وێڵـە، ڕێگەی كۆن پەسـەند دەكات، ڕێگەیەک دەتوانێت بە چاوی نووقاویشـەوە بیگرێتە بەر.

كە پشت دەكەینە زانراو، ترسمان لێ دەنیشیت، هەر ئەو ترسەیشە خەڵكی بـە زانراوەوە توند گـرێ داوە، بەڵام ملكەچكـردن بۆ زانراو، وەک مردن وایە، ئاخر ئەوە ژیان نییە، تەمەنێک بەسـەر ببەین، بەبێ سەركێشـی و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی مەترسـی. ئینسـان بۆ ئەوەی پێ بگات، پێویستی بەوەیە، سڵ لە سەركێشی نەكاتەوە، ئاخر ئەگەر سـەرچڵ نەبین و ڕێی نوێ و نەزانراو تاقی نەكەینەوە، تامی ئازادی



Scanned by CamScanner

ناکەین.

کە تازە لە دەرگای دایت، بێ دوودڵی لێی بکەوە! ترسی ئەوەت نەبێت، دۆستە یان دوژمن، ئاخر تا نەیناسێت، ناتوانیت بڕیار لەبارەیەوە بدەیت. تازە لای نادیارەوە دێت و ڕەنگە ڕابردووت خاپوور بکات، بەڵام ئەگەر خۆت لە تاقیکردنەوەی شتی نوێ بپارێزیت، دەمریت و هیچ گۆڕانێکت بەسەردا نایەت. کۆن کە لەگەڵیدا ڕاهاتوویت، لە خەمباری زیاتر، هیچی دیکەی بۆ دابین نەکردوویت، بۆیە کە پێشوازی لە تازە دەکەیت، ئەگەری ئەوە هەیە، بەختیاریی پێ بێت. تۆ کە لە کۆن بێزاریت، ئەوە ترسنۆکییە وات لێ دەکات تازە ڕەت بکەیەوە، ئەگەرنا هیچ پاساوێک شک نابەیت.

دونیا تژییە لە ترسنۆک، ئەوە بۆیە گۆڕان هێندە بەکاوەخۆ ڕوو دەدات. ئەوە خۆفریودانە، ئەگەر پێت وابێت، چونکە سامانێکی زۆرت پێکەوە ناوە، کەواتە گەشەت کردووە، نا، تا باڵای توانای داراییت هەڵبکشێت، خۆت زیاتر بە ناخی ئەرزدا دەچیت و ترسنۆکتر دەبیت. تۆ لە دونیا جیا نیت، دونیا پێوەندییەکی پتەوی بە تۆوە هەیە، ڕۆژانە بەم یان بەو شێوە، دەکەویتە بەر لێزمەی بارانی شتی نوێ، بەڵام کێشەی تۆ ئەوەیە، لە سۆنگەی ترسنۆکییەوە، لەنێو گۆڕی ڕابردوودا گیرت خواردووە و بوێریی سەرکێشیکردنت لە دەست داوە. هەر شتێکی تازە سەردانمان بکات، وەک نامەی لە خواوە هاتوو وایە، زەندیق کەسێکە ڕەتی بکاتەوە. بە ڕووی نوێدا بکرێوە، لێی گەڕێ با بڕژێتە ناختەوە، بە خۆشییەوە پێشوازی لە تازە بکە، با شتی تازە، تووشی تەنگژەیشت بکات، ئاخر ئینسان بەهۆی هەڵەوە، فێری ڕاست دەبێت و بەهۆی ناخۆشییەوە بە خۆشی ئاشنا دەبێت.



Scanned by CamScanner

ئەوە ترسـە بوارت نادات، پێشـوازی لە نوێ بکەیت، بەڵام ئەگەر هـەر ملکەچـی کۆن بیت، دەمریـت و ژیانت هیچ گۆڕانێکـی تێدا ڕوو نـادات. ئەگـەر تـازە ڕەت بکەیەوە، داخراو دەبیـت و وەک بەردت لێ دێت، بەڵام ئەگەر بە ڕووی تازەدا بکرێیەوە، وەک گوڵ دەگەشێیتەوە. هیـچ ڕێگەچـارەی دیکـەت لەبەردەمدا نییە، لە پێشـوازیکردن لە نوێ بـەولاوە، ئەگەرنـا وەک ئـەوە وایـە ویسـتی ژیانت لە دەسـت دابێت، ئاخـر ژیـان هەمیشــە لـە گۆڕاندایە. وەک منـداڵ کـە ئەزموونی نییە، هەڵسـوکەوت بکـە، وەک ئاونـگ پاکـژ و نـوێ بـە، دەسـت لـە کـۆن هەڵبگرە، خۆت لە یادگە قوتار بکە، ئەوەیە سەرلەنوێ زیندووبوونەوە و خۆدەربازکردن لە زیندانی وەهم.

(من)ی خۆت دوور فڕێ بدە، ئەوە ترسی (من)ی خۆتە لە مەرگ، بوارت نادات بەرەو پیری نوێ هەنگاو باوێیت. ئەوە منە ترسنۆکە، کە تۆی ڕاسـتەقینە نیت، ترسـی ئەوەی هەیە هەڵبوەشـێتەوە، بۆیە دژی نوێ دەوەستێتەوە، ئاخر نوێ، کۆن خاپوور دەکات. ئەو منە ترسنۆکە خۆت نیت، یادگەی تۆیە، تۆ هۆشیاری بە، یادگە مەبە! یادگە تۆمارێکە و هیچـی تـر، ئـەوە نییە کە ناوی کەسـێکت وەبیر نایەتـەوە، یادگەی خۆتـی بـۆ دەگەڕێیت. بۆچی زوو زوو یادگـەت ناپاکیت لێ دەکات و بە هاناتەوە نایەت؟ چونکە یادگە هەموو هۆشیاری تۆ نییە، یەکێکە لە پێکهاتەکانی. یادگە هەموو وزەی ئەو (من)ە ساختەیەی تۆیە، کە کۆنە و زەندەقی لە نوێ چووە. بۆ ئەوەی نوێ ببیتەوە، مەبە بە ئامرازێک بە دەسـت منی سـتەمکاری خۆتـەوە، با (من)ەکەت لـە خزمەتی تۆدا بێت. ئەو منە بۆچی ستەمکارە؟ چونکە ترسی لە مەرگ هەیە.

بوونی تۆ، منی تۆ نییە، بوون ژیانە و لە مەرگ ناترسێت، منی تۆ کە بوونی تۆ نییە، بریتییە لە سـاختە و درۆ و دووڕوویی. تا دەسـت



Scanned by CamScanner

لـەو منە کـە دژی نوێبوونەوەیە هەڵنەگریت، خۆت بە زیندوو مەزانە. تەنیا لەبەر ئەوەی ئازایەتی شک نابەین، زۆر شت کە بە پێی خۆیان بـۆ لامـان دێن، لە کیسـی خۆمانیان دەدەین. هەمـوو کەس دەتوانێت بەدبەخـت بێـت، بەڵام هەمـووان توانای ئەوەیان نییـە بەختەوەر بن، ئاخر بەختیاری پێویستی بە ئازایەتی هەیە. ئەگەر بەدبەختی کۆمپانیا بێـت، ئـەوا زۆرینـەی پشـکەکانی هی خۆمانـە، ئاخر ئـەوە خۆمانین، زیندانی بەدبەختیمان پەسەند کردووە و هەوڵ بۆ ئازادی نادەین.

ئـەوە کارەسـاتە، خۆمـان هەوێنی بەدبەختیی خۆمـان بین و بەو چارەنووسـە تاریکەیـش ڕازی بیـن. زۆرینە خۆیان لە بەرپرسـیاری دەدزنەوە و کەسانی دیکە، هەلومەرج، کۆمەڵ یان قەدەر، بە هەوێنی کوێروەریـی خۆیان لە قەڵـەم دەدەن، بەڵام هێنانەوەی ئەو بیانووانە، بۆ خۆفریودانە. ئازایەتی ئەوەیە دەرک بە بەرپرسـیاری بکەین، نەک خۆمان بە قوربانی بزانین، ئاخر هیچ هێزێک ناتوانێت، ناچارمان بکات کارێک بکەین کە نەخوازین بیکەین. تۆ لەو ئیشـانە پێک هاتوویت کە دەیانکەیت، دەسـتبەجێ دەسـتبەرداری ئەو ئیشانە ببە، کە لە ناخەوە ناخوازیـت بیانکەیـت! تۆ لەمێژە لەگـەڵ بەدبەختیدا دەژیت، لە کۆمەڵ و دابونەریـت مەترسـە، گوێ مەدە ئەوەی وەتـاق دەکەوییەوە، گزی لـە هەسـتی خۆت مەکـە، واز لەو هاوژینە دێرینـەت بهێنە! تەنیا بیت، باشترە لەوەی ژیان لەگەڵ بەدبەختیدا بەسەر ببەیت، مەترسە!

*

(1) Osho, Mod - Glädjen i att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholmê

(٢) أوشو، الشجاعة، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد ٢٠١٤ دمشق.

# (٤)

# ترس و ئەوین

ئەوە شنەی خۆشەویستییە، تەمی ترس دەرەوێنێتەوە، لە هەر شوێنێک خۆشەویستی هەبێت، ترس لەوێ نییە. لەنێو دڵی عاشقدا جێیەک نییە بۆ ترس. وەک چۆن تیشکی خۆر تاریکی دەرەوێنێتەوە، خۆشەویستییش ترس دەسڕێتەوە. ئەگەر بە قووڵی خۆشەویستی بکەین، شتێک کە ناوی ترسە، بوونی نامێنێت، ئاخر ترس زادەی نەبوونی خۆشەویستییە. ترس تاریکییە، تا چرای خۆشەویستی دانەگیرسێنین، تاریکایی ترس ناڕەوێتەوە، ئەوە بۆیە ئەو وەختەی کەسێکمان خۆش دەوێت، ئەوەی لە دڵماندا بوونی نەبێت، ترسە. ئەگەر هەست بە ترس بکەین، هیچ چارەیەکمان نییە، غەیری ئەوەی ئەوانی دیکەمان خۆش بوێت.



Scanned by CamScanner

ئازایانە خۆشەویستی دەربڕە! عاشقێکی سەرکێش بە! بەبێ قەید و شەرت ئەوی دیت خۆش بوێت! تا ئەوی دیت زیاتر خۆش بوێت، ترست کەمتر دەبێتەوە. تا ئەوپەڕی خۆشەویستی، خۆشەویستی بکە، هەر لەو خۆشەویستییەوە کە زادەی سێکسە، تا سامادهی خۆشەویستی بکە! سامادهی کە بە هۆی ڕامانەوە پێی دەگەین، مەستبوونی ڕۆحە، لووتکەی هۆشیارییە، توانەوەیە لە ڕەهادا و دابڕانە لە دەوروبەر. ترست لە سێکس نەبێت، بۆ ئەوەی ترست بڕەوێتەوە، بەوپەڕی قووڵی و گەرمییەوە، سێکس بکە. کە دەگەیتە ترۆپکی چێژ و موچڕکەی خۆشی سەراپای لەشت دەگرێتەوە، ئەوەی ترس بێت، لە لەشتدا نامێنێت.

بەبێ قەید و شەرت خۆشەویستی بکە، ئاخر ئەگەر بۆ خۆشەویستی کۆمەڵێک مەرجت هەبێت، قەت ناتوانیت بیکەیت، چونکە ئەو مەرجانە، لە نێوان تۆ و خۆشەویستیدا دەبن بە بەربەست. کە خۆشەویستی بریتییە لە بەختەوەری، ئیدی بۆچی مەرج بە ڕوویدا قوت دەکەیەوە؟ هەر کە بەرەو خۆشەویستی هەنگاوت نا، ئیدی ئازایەتی خۆڕسکانە لە ناختدا گەشە دەکات و ئاسوودەیش دەبیت. ئەوانەی مەرج بۆ خۆشەویستی دادەنێن، کەسانی نەشارەزان، نازانن بە هۆی دانانی مەرجەوە، خۆشەویستی بزر دەبێت.

خۆشەویستی وەکوو ئاسمان بێ سنوورە، ناتوانیت بیخزێنیتە چوارچێوەی ڕووبەرێکی تەسکەوە. وەک چۆن ئەگەر دەرگا و پەنجەرە بە ڕووی تیشکی خۆر و هەوای پاکدا دابخەین، ماڵەکەمان بۆگەن دەکات، خۆشەویستییش ئەگەر مەرجی بۆ دابنێین،



Scanned by CamScanner

داهاتوویەکی لێڵی دەبێت. خۆشەویستی بەشێکە لە ئازادی، بەهۆی دانانی مەرجەوە، ئازادی لە خۆت زەوت مەکە! بۆچی کە دەکەوینە نێو گۆمی خۆشەویستییەوە، هەست دەکەین هەموو شتێک جوانە؟ چونکە لە سەرەتاوە هیچ مەرجێکمان نییە. دوو کەس بەبێ مەرجی پێشوەخت لێک دی نزیک دەبنەوە، بەڵام دواتر وەک خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ بێت، هەر یەکە و چەند مەرجێک بۆ ئەوی دی دادەنێت!

ئەگەر کەسێکمان خۆش بوێت، ناچاری ناکەین، دژی خواستی خۆی هەڵسوکەوت بکات، ئاخر ئەگەر مەرجەکانی خۆمان بەسەر ئەوی دیدا بسەپێنین، ئەوە خراپ کەڵک وەرگرتنە لە خۆشەویستی. ئەوە خۆشەویستی نییە، ئەگەر وەک کارتی گوشار بە کاری بهێنین، ئەوە جۆرێکە لە سزادان، ئەگەر ئەوی دی داخوازییەکانی بەجێ نەهێناین، لێی دوور بکەینەوە. خۆشەویستی ئامانجە، ئامرازێک نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، تا ئەگەر ئەوی دی دیاریی بۆ هێناین، خۆشمان بوێت، ئەگەرنا، فەرامۆشی بکەین. لە ڕوانگەی عاشقەوە، ئاسوودەیی مەعشووق، لە ئاسوودەیی خۆی لەپێشترە.

تا زیاتر ئەوی دیکەت خۆش بوێت، خۆشەویستتر دەبیت و زیاتر لە خۆشەویستی بەهرەمەند دەبیت. ئەگەر دەرگای خۆشەویستی بە ڕووی ئەوی دیدا دابخەیت، کەسێکی داخراو و خۆپەرستت لێ دەردەچێت. ئەگەر پێت وابێت، ئەوی لێت نزیک بووەوە، لە خۆشەویستییەوە نییە، بەڵکوو نیازی ئەوەی هەیە، فریوت بدات، هێدی هێدی دەبیتە کەسێکی ترسنۆک و دوورەپەرێز و لە دونیا دابڕاو. ترس چییە؟ ئەوەیە وایە پێوەندیت بە دونیاوە نەمابێت، وەک منداڵێکت لێ هاتبێت بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێیان هێشتبێت و کەسێکی دەست نەکەوێت، بیپارێزێت، گەمەی لەگەڵدا بکات و



Scanned by CamScanner

خۆشی بوێت.

ترس ئەو وەختە دەست پێ دەکات کە لە ناخی خۆتدا، هیچ جێیەکت نەهێشتووەتەوە بۆ خۆشەویستی. ئینسان مەشق لەسەر زۆر شت دەکات، وەک نموونە: لەسەر شەڕ، بەڵام لێی ناگەڕێن، مەشق لەسەر خۆشەویستی بکات، ئاخر جێیەکی دەست ناکەوێت، تێیدا ئازادانە خۆشەویستی بکات. کۆمەڵ دژی خۆشەویستییە، باوک و دایک پێیان باش نییە، کچ و کوڕیان ئاشنای دونیای خۆشەویستی ببن، وایان پێ خۆشە، خۆیان هاوژین بۆ کوڕ و کچیان بدۆزنەوە و خێزانیان بۆ پێکەوە بنێن، ئاخر ترسی ئەوەیان هەیە، ئەگەر کوڕ و کچ لەڕێی خۆشەویستییەوە خێزانیان بۆ خۆیان پێک هێنا، دایک و باوکیان فەرامۆش بکەن و هێدی هێدی خێزانی گەورە هەڵبوەشێتەوە. دایک و باوک لە پێناوی بە یەکگرتوویی هێشتنەوەی خێزاندا، لێ ناگەڕێن، کوڕ و کچیان بە خۆشەویستی هاوسەرگیریی ببن، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی، بێبەشکردنی ئینسان لە خۆشەویستی، وەک زەوتکردنی ژیان وایە لێی.

بۆچی خۆشەویستیمان لێ قەدەغە دەکەن؟ چونکە ئەوی بکەوێتە نێوخوشەویستییەکی قووڵەوە، ئیدی کەس ناتوانێت گەمە بە ئاوەزی بکات و بینێرێت بۆ شەڕ، ئاخر ئەوی تامی خۆشەویستیی کردبێت کە ڕەمزە بۆ ژیان، ژیان لە کەس زەوت ناکات. خۆشەویستی وزەیەکی داهێنەرە، ئەوە بۆیە کە دەکەوینە دونیای ئەوینەوە، بیر لە ئازاردانی کەس ناکەینەوە، شیعر دەنووسین، گۆرانی دەڵێین و وێنە دەکێشین. خۆشەویستی لێ ناگەڕێت بچین بۆ جەنگ، بچین کەسانێک بکوژین، نە دەیانناسین و نە دەماننناسن. ئەگەر خۆشەویستی باڵ بەسەر دونیادا بکێشێت، ئیدی لە هیچ کوێ

جەنگ بەرپا نابێت، ئەوە بۆیە دەسەڵاتداران دژی خۆشەویستی دەوەستنەوە.

خۆت لە دەستی ترس ڕزگار بکە و بێ قەید و شەرت خۆشەویستی بکە! ئەگەر ژیانمان بۆ خۆشەویستی تەرخان بکەین، ئەوەندەی گەردێک ترس لە دڵماندا نامێنێت، ئاخر خۆشەویستی هەوێنی ئاسوودەییە و تیشکێکە تاریکایی ترس دەڕەوێنێتەوە. هەژاری ئەوە نییە، خاوەنی سامان نەبین، هەژاری ئەوەیە، خاوەنی دڵێک بین، خاڵیی لە خۆشەویستی. خواپەرستی ئەوە نییە، ئەو نزا قورس و ڕەق و تەقانە بڵێینەوە کە بە تۆپزی، هەر بە منداڵی فێریان کردووین، خواپەرستی ئەوەیە، وا لەگەڵ خوای خۆماندا بدوێین، وەک هاوڕێیەکی خۆشەویستمان بێت، خۆڕسکانە لەگەڵیدا بدوێین، نەک بە شێوەیەکی فەرمی. کێشەکە ئەوەیە، ئەگەر کەسێک خۆڕسکانە هەڵسوکەوت بکات، بە گەوجی تێدەگەن.

ئەگەر لەگەڵ درەخت بدوێین، بە شێتمان دەزانن، کەچی ئەگەر لەگەڵ پەیکەرێک لە تەختە، خاچێک لە ئاسن، یان دیوارێکی بەردیندا قسە بکەین، بە خواپەرستمان تێدەگەن، بە مەرجێک درەخت ژیانی لێ دەچۆڕێت، ڕەگی بە خاکدا قووڵ ڕۆ چووە و لق و پۆپی ڕووە و ئاسمانی بەرین هەڵکشاوە. ئەگەر نزایەک کە لەبەرمان کردووە، بڵێینەوە، بە عاقڵمان دەزانن، ئەگەر نزایەک بکەین کە لە دڵمانەوە خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت، بە گێلمان دەزانن، کە دەبوو لە دۆخی یەکەمدا بە گێل و لە دووەمدا بە عاقڵمان بزانن. وەک چۆن ئەو جوانییەی لە سێکسدا هەیە، بەو جوانییە ناگات کە لە ئەویندا هەیە، ئەو جوانییەشی لە ئەویندا هەیە، دەستی ناگاتە داوێنی، ئەو جوانییەی لە نزادا هەیە، بە مەرجێک هەر قسەی ڕووت نەبێت، لە

دڵتەوە هەڵبقوڵێت.

خواپەرستی ئەوەیە، عاشقی خوا بیت، ئاخر خوا موحیبەتە، خواپەرستی ئەوەیە پێوەندیت بە خواوە ژیانی لێ بتکێت، ئاخر خوا نەمر و ژیاندۆستە، خواپەرستی ئەوە نییە، وەک ڕیکۆردەر، هەمان ئەو شتە بڵێیتەوە کە لەسەر کاسێتەکەت تۆمار کراوە. کە دڵت تژی دەبێت لە خۆشەویستی و خۆشەویستیی لێ دەڕژێت، ئیدی توانای ئەوەت نامێنێت بە پەیڤ نزا بکەیت و بە قسە خوای خۆت بدوێنیت، ئیدی بێدەنگی دەبێتە پردی نێوانتان، ئیدی نە هیچ دەبینیت و نە هیچ دەژنەویت، ئیدی لەگەڵ گەردووندا یەک دەگریت، ئەوەیە ڕامان. لە ڕاماندا، کە ترۆپکی خۆشەویستییە، هیچ ترسێک لە جەستەتدا نامێنێت، ئەوسا ئازادانە و دوور لە ترس و لە مۆتەکە دەژیت، ئەوسا هیچ ترسێکت لە مردنیش نامێنێت، ئەوسا هەموو شتێک بزر دەبێت، بێجگە لە پاکژی و ڕۆشناییەکی بێ سنوور.

خەڵکی پێیان وایە، ڕق هاودژی خۆشەویستییە، نا، هاودژی خۆشەویستی، ترسە، ئاخر ڕقیش هەر خۆشەویستییە بەڵام بە لنگەوقووچی. بۆچی ترس هاودژی خۆشەویستییە؟ چونکە کە دەترسین کەسێکین داخراو، بەڵام بەهۆی خۆشەویستییەوە دەکرێینەوە. کە دەترسین بڕوامان بە خۆمان لاواز دەبێت، بەڵام بە هۆی خۆشەویستییەوە متمانەمان بە خۆمان بەهێز دەبێت. کە دەترسین، تەنیا و دوورەپەرێزین، بەڵام بە هۆی خۆشەویستییەوە، تەنیا نیین، تنۆکەئاوێکین لە زەریایەکدا، بە هۆی خۆشەویستییەوە، هاوڕێی هەموو گەردوونین، بە زەوین و ئاسمانەوە، بە ئینسان و درەختەوە، بە ڕووبار و بە هەورەوە. منداڵ کە لە دایک دەبێت، خاڵییە لە ترس، ئەگەر کۆمەڵ کۆمەکی بکات، کەسێکی بوێری لێ

دەردەچێت، کەسێکی سەرچڵ کە نەترسانە بەرەو ڕووی نادیار مل دەنێت، کەسێک کە باوەڕە مردووە دێرینەکان فەرامۆش دەکات و لەدووی شتی نوێ دەگەڕێت، کەسێک ژیانی خۆش دەوێت، خۆشویستنی ژیانیش بالاترین باوەڕە.

خۆشەویستی شتێکی دەگمەنە، ئەگەر دوو کەس بە ڕاستی یەکیان خۆش بوێت، ئەوەی پێکەوەیان دەبەستێت، پێوەندییەکی ڕووکەش نابێت، ئاخر بۆ ناخی یەکدی شۆڕ دەبنەوە و هیچی شاراوە لە نێوانیاندا نامێنێت. ئەوە سەرچڵییەکی زۆر مەترسیدارە، دەرگای ناخت بۆ کەسێک بکەیەوە و چی نهێنیت هەیە، هەموویانی بۆ بدرکێنیت، ئاخر لەوە دڵنیا نیت، لە داهاتوودا چۆن مامەڵە لەگەڵ نهێنییەکانتدا دەکات، نازانیت ئاخۆ خراپ کەڵک لە دڵسافیت وەردەگرێت، یان نا، ئەوە بۆیە زۆر لەوە دەترسین بە ڕووی ئەوانی دیکەدا بکرێینەوە.

کە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێکدا دەبەستین، مەرج نییە ئەوە خۆشەویستی بێت، ئاخر دەشێت پێوەندییەکی ڕووکەش بێت، تەنانەت ژن و مێرد، با چەندان ساڵیش پێکەوە ژیابن، دەشێت لە حەقیقەتی یەکدی تێنەگەیشتبن. با پێوەندیی ڕووکەش، بە خۆشەویستی تێنەگەین، ئاخر دوو کەس با پێوەندیی سێکسیشیان لەگەڵ یەکدا هەبێت، بەڵام مەرج نییە، حەقیقەتی یەکدی بناسن، چونکە ئەگەر نەگەنە ناخی یەکدی، ئەو پێوەندییە سێکسییە، لە بەریەککەوتنی دوو جەستە زیاتر نییە. پێوەندیی سێکسی بەریەککەوتنێکی ڕووکەشە، جەستەییە، ماددییە، گەیشتن نییە بە ناخی یەکتری.

ئەوە ترسە وامان لێ دەکات، بوێریی ئەوە شک نەبەین، دەرگای ناخمان بۆ یەکدی بکەینەوە. ژیان دوو جۆرە، ژیانێک ترس بەڕێوەی دەبات و ژیانێکی دیکە کە خۆشەویستی ڕێی نیشان دەدات. ئەگەر ترس ڕێت پیشان بدات، ناگەیتە هەواری پێوەندییەکی قووڵ، ئاخر ناوێریت دەرگای ناخت بۆ ئەوی دی بکەیەوە و زات ناکەیت دیواری نێوانتان بڕووخێنیت، با سێکسیشی لەگەڵدا بکەیت. ئەوی دڵی دەلیلی بێت، لە سەرئەنجام ناترسێت، ئیدی هەر چییەک بێت. نیگەران مەبە، مەترسە و خۆڕسکانە ڕەوتار بکە، ئاخر ترسنۆک هەموو ژیانی بە دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە و پلان دانانەوە لە کیس خۆی دەدات، بەبێ ئەوەی هەنگاوێک بنێت.

ئەگەر دڵمان لە خۆشەویستی تژی بێت، لە هیچ ناترسین، تەنانەت لە مردنیش. خۆشەویستی کرانەوەیەکە بەدەگمەن ڕوو دەدات، ئاخر ئەوەی زۆرینەی ئەو خەڵکە وای بۆ دەچن، خۆشەویستییە، تەنیا بۆچوونە و هیچی تر. خۆشەویستی کرانەوەیەکە وەختێک ڕوو دەدات، گەردێک ترس لە دڵماندا نەبێت، بەڵام یەکدی ناسینی ڕووکەش و سێکس، هەمووان دەتوانن دابینیان بکەن. کە نەترسیت، دەکرێیتەوە، دیوار لە نێوان خۆت و ئەوانی دیدا نامێنێت، هیچ ناشاریتەوە و بە ئاسانی ئەوانی دی، بە قووڵاییی ناخت دەگەن. کە تۆ بوارت بەوان دا بێنە نێو ناختەوە، ئەوانیش بە ڕووی تۆدا دەکرێنەوە، ئاخر کە تۆ نەترسیت، ئەوانیش ناترسن، کە ژینگەیەکت لە متمانە بۆ ئەوان دروست کرد، ئەوانیش متمانە بە تۆ دەکەن. کە ژن و مێرد باوەڕیان بە یەکدی نییە، کە شەڕیانە لەسەر بەرزەفتکردنی یەکدی، ئەوە خۆشەویستی نییە، پێوەندییەکی ڕووکەشە.

ئەگەر نەترسیت و لێ بگەڕێیت خۆشەویستی ڕوو بدات، ئیدی



Scanned by CamScanner

پێویستت بە پەرستگە و نماز و نزا نامێنێت، ئەوە بۆیە حەزرەتی مەسیح گوتوویەتی: خوا خۆشەویستییە. کەبیر دەڵێت: (نازانم ئەو خەڵکە لە چی دەترسن؟ خۆ هیچ شک نابەن، تا ترسی ئەوەیان هەبێت لە کیسیان بچێت! تۆ کە هیچت لەبەردا نییە، ئیدی بۆچی بە پاساوی تەڕبوونی جلەکانت، خۆت لە مەلەکردن دەدزییەوە! مەرگ جەستەت لەنێو دەبات، کە مردیت هیچ لەگەڵ خۆت نابەیت، ئیدی بۆچی هەر ئێستا هەر چییەکت هەیە، بەشی ئەوانیشی لێ نادەیت! بەرلەوەی مردن بە زۆر هەموو شتێکت لێ بستێنێت، باشتر نییە خۆت وەک دیاری بیانبەخشیت.) بۆ عاشق ترسی مردن لە گۆڕێ نییە، ئەوە ترسنۆکە زوو زوو دەمرێت. وەک چۆن کە هایدرۆجین و ئۆکسجین یەک دەگرن، ئاو پەیدا دەبێت، کە دوو کەسیش وەک ناخ پێک دەگەن، شتێکی نوێ دێتە گۆڕێ کە خۆشەویستییە.

❋

(1) Osho, Mod - Glädjen i att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholmê

(٢) أوشو، الشجاعة، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد ٢٠١٤ دمشق.

# (٥)
# خۆشەویستی و هەژموونی مێگەل

ئەگەر ژیانێکی ئاسانت گەرەکە،
خودی خۆت فەرامۆش بکە و یەکێک بە لە مێگەل!
**نیتشە**

چونکە خۆشەویستی دونیایەکە بێ کۆتایی، بۆیە کە کەسێکمان خۆش ویست، نابێت سنووری بۆ دیاری بکەین. زمانێک هەیە، ناوی خۆشەویستییە، تەنیا ئینسان نا، هەموو زیندەوەرێک لێی تێدەگات. خۆشەویستی دەرگای هەموو دونیامان بە ڕوودا دەکاتەوە، ئەوە وشکەبڕوایە وای کردووە، بترسین و داخراو بین. کە خۆمان لەژێر



Scanned by CamScanner

هەژموونی دۆگما قوتار کرد، ترسمان لە دڵدا نامێنێت، ئیدی هەموو دونیامان خۆش دەوێت و لەگەڵ گەردووندا دەبین بە یەک.

ئەگەر بەربەست لەبەردەم ڕەوتی خۆشەویستیدا قوت بکەینەوە، دەبێت بە ترس. ترس لایەنە نێگەتیڤەکەی خۆشەویستییە، ئەگەر لێ گەڕێین خۆشەویستی خۆڕسکانە هەڵبقوڵێت، ترس بزر دەبێت، ئەوە بۆیە کە کەسێکمان خۆش ویست، ترس لە دڵماندا نامێنێت و ئەوە تەنیا عاشقانن کە تەنانەت بەبێ ترس بەرەو ڕووی مەرگیش دەبنەوە. ئەوەیش هەر ترسە کە خۆشەویستی دەگۆڕێت بە بەدگومانی، یان بە ڕق، بۆ ئەوەی بەسەر ترسدا زاڵ ببین، هیچ چارمان نییە، بێجگە لەوەی تا دەتوانین خۆشەویستیی خۆمان، بۆ ئەوانی دی و بۆ سرووستیش دەرببڕین.

ئازایەتی کاتێک بە دیار دەکەوێت، ترس لە ئارادا هەبێت، ترس هەیە و تۆ سڵی لێ ناکەیتەوە، ترست هەیە و خۆت بە دەستییەوە نادەیت، ئەوەیە ئازایەتی. خۆشەویستی پێویستی بە ئازایەتییەکی مەزن هەیە، پێویستی بە کەسێک هەیە کە وێڕای هەموو مەترسییەکان، سەرکێشیی بکات. لە خۆشەویستیدا تا زیاتر سەرکێشیی بکەین، زووتر پێدەگەین و باشتر گەشە دەکەین، ئەوانەی ترسیان لەوە هەیە، بکەونە داوی خۆشەویستییەوە، هەر بە منداڵیی دەمێننەوە، با تەمەنیشیان هەڵکشابێت، ئاخر تا لە کوورەی خۆشەویستیدا جۆش نەخۆین، پێناگەین.

خۆشەویستی وەک هەناسەدان و لێدانی دڵ و هاتوچۆی خوێن بە دەماردا، خۆڕسکانە ڕوو دەدات. لە دونیایەکدا سانسۆر لەسەر ئازادی هەبێت، خۆشەویستی وەک مەحاڵ دوورەدەست و هەڵگرتنی



Scanned by CamScanner

ڕق لەم و لەو، سووک و ئاسان دەبێت. ئینسان بۆ ئەوەی ببێت بە کۆیلە، پێویستە پێشەکی بشێوێنرێت، ئیشی سەرەکیی سیاسەتکار و واعیز بەدرێژایی مێژوو، بریتیبووە لە بە کۆیلەکردنی خەڵک، بەو هیوایەی بیر لە پیرۆزترین شۆڕش کە خۆشەویستییە، نەکەنەوە. سیاسەتکار و واعیز، (گەل)یان ناوێت، مێگەلیان دەوێت، ئینسانیان ناوێت، نیمچە ئینسانێکیان دەوێت مەلی ڕۆحی لە فڕین کەوتبێت.

باشترین ڕێگە بۆ تێکشکاندنی ئینسان، ئەوەیە خۆشەویستیی لێ قەدەغە بکەیت، ئاخر ئەگەر خۆشەویستی هەبوو، جیاوازییەکان بزر دەبن، نەتەوەکان بزر دەبن، هیچ نەتەوەیەک ڕقی لە نەتەوەیەکی دی نابێت، سنوورەکان نامێنن، ئیدی ئینسان پێویستی بەوە نابێت، کریستیان بێت، یان جوو، هیندۆس بێت، یان بوودایی، ئاخر ئەگەر خۆشەویستی سەروەر بێت، دینەکان لەنێو دەچن. ئایین زادەی قەیرانی خۆشەویستییە، کە خۆشەویستی هەبوو، کەس پێویستی بەوە نابێت بچێت بۆ پەرستگە، ئاخر ئینسان بۆ گەڕان بەدوای ئەوینی بزربوویدا نماز و نزا دەکات. بۆچی ئینسان لەدووی خوداوەند وێڵە؟ چونکە نیگەرانە و لەنێو خودی خۆیدا، پێویستی بە ئاشتی و بە هێوری و بە ئاسوودەیی هەیە. ئینسان کە دڵی تژیبوو لە خۆشەویستی، وەک ئەوە وایە پڕبێت لە نووری خوا، ئیدی پێویستی بەوە نابێت، سەردانی پەرستگە بکات و گوێ لە واعیز بگرێت.

سیاسەتکار و واعیز کە دوو دوژمنە سەرسەختەکەی مرۆڤایەتیین، ئەمیان جەستەت جڵەو دەکات و ئەویان ڕۆحت، مەبەستی هەردووکیشیان هەر ئەوەیە، خۆشەویستی خاپوور بکەن، بۆ ئەوەی ئینسان لە ئینسانبوونی خۆی بەتاڵ بکەنەوە و بوونی

هیچ مانایەکی نەبێت، ئەوسا چی بخوازن، وا لە مرۆڤایەتی بکەن و کەس ئازایەتیی ئەوە شک ببات، لێیان یاخی ببێت. خۆشەویستی، ئازایەتی بە ئینسان دەبەخشێت، بۆیە ستەمکار بە مەبەستی سەپاندنی ترس، خۆشەویستی قەدەغە دەکات.

وەک چۆن جەستە بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستی بە هەناسەدان هەیە، ڕۆحیش بۆ بە زیندوویی مانەوە، پێویستی بە خۆشەویستی هەیە. ترسنۆک ناتوانێت خەڵکی خۆش بوێت، ئاخر ترس، ڕق بەرهەم دەهێنێت، ترسنۆک ژیاندۆست نییە، چونکە پێی وایە ژیان تژییە لە مەترسی، بۆیە وای بۆ دەچێت، مەرگ بۆ ئەو گونجاوترە. کە وزەی خۆشەویستیمان ژاراوی دەکرێت، بەوە کەسایەتیمان دوو لەت دەبێت، دەبینە دوو کەس، ئەمیان ڕقی لەوی تریانە و جەنگێک لە ناخماندا بەرپا دەبێت، ئەوەندە ماندوومان دەکات، چی وزەی خۆشەویستی شک دەبەین، بەفیڕۆ دەچێت، ئیدی هیچ چێژێک لە ژیان نابینین.

بە هۆی خۆشەویستییەوە زیرەک دەبین، بەڵام ترس گێلمان دەکات، دەسەڵاتداریش کەیفی بە خەڵکی زیرەک نایەت، ئاخر کەسانی زیرەک نیازی پۆخڵی دەسەڵاتدار ئاشکرا دەکەن، بۆیە ستەمکاران تا بۆیان بکرێت، لە دۆخی ترسدا دەمانهێڵنەوە. بۆچی دەسەڵات پشتی واعیز دەگرێت؟ چونکە ئەرکی واعیز گەوجاندنی گەلە کە بە قازانجی دەسەڵات دەشکێتەوە. ئەگەر ژاراوی نەکرێین، خۆشەویستی خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت، بەڵام هەر لە منداڵییەوە، وەها ڕاماندەهێنن کە ژیانێکی ساختە بژین، ژیانێک زیاتر لە نمایش بچێت، وەک لە ژیانی ڕاستەقینە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە، هەست بە پەرتبوونی کەسایەتیمان دەکەین و ترس داگیرمان دەکات. ئەگەر

لێمان بگەڕێن و نەمانشێوێنن، بە ئاسانی بە خۆشەویستی دەگەین و لەگەڵ خۆماندا تەبا دەبین.

ئەگەر ناخت ژاراوی نەکرابێت، ڕقت لە کەس نابێت، ئەگەر دەروونت تژی نەبێت لە ڕق، ناتوانیت ڕق ببەخشییەوە. تۆ بەرلەوەی خەڵک بریندار بکەیت، خۆت قووڵ بریندار بوویت، خۆت ژیانت لێ کراوە بە دۆزەخ، بۆیە دەخوازیت، ئەو دۆخەی خۆت بۆ ئەوانی دی بگوێزییەوە. تاقە ڕێگە چارە ئەوەیە، دەرک بەوە بکەین، کەسانی شەڕەنگێز، قوربانیین و گیرۆدەی ترسن، ترسێک کە بەرهەمی کۆششی سیاسەتکار و واعیزە، بۆیە نابێت لێیان تووڕە ببین، پێویستە بە هانایانەوە بچین و کۆمەکیان بکەین. تۆ ناتوانیت کەسێک بریندار بکەیت، ئەگەر خۆت بریندار نەکرابیت، ناتوانیت ژار بڕێژیت، ئەگەر ناخت پڕ لە ژار نەکرابێت.

خۆشەویستی دۆخێکی ساغڵەمە، ئەوە ڕقە وەک نەخۆشی، ناتەندروستە، ڕق کاتێک هەیە کە تۆ لەگەڵ بوونی خۆتدا، لەگەڵ ناخی خۆتدا، تەبا نیت، بۆیە وەک دەروون و وەک ڕۆح ناساغیت. ڕق نیشانەی نەخۆشییە، بەڵام خۆشەویستی نیشانەی لەشساغی و پاکی و پیرۆزییە. خۆشەویستی کە دەبوو سرووشتی بێت و بە ئاسانی پێی بگەین، وەک مەحاڵی لێ هاتووە، کەچی چونکە مەشقمان لەسەر ڕق پێ کراوە، بە ئاسانی ڕق لەم و لەو هەڵدەگرین و ڕق دەبەخشینەوە، ئاخر وایان فێر کردووین، بۆ ئەوەی دیندارێکی چاک بین، دەبێت ڕقمان لە غەیرەدین بێت، بۆ ئەوە نەتەوەییەکی باش بین، دەبێت ڕقمان لە نەتەوەکانی دیکە بێت. ئەوە کەی خۆشەویستییە کە زادەی ڕق بێت، کە بە هۆی ڕقهەڵگرتنەوە لە وەڵاتانی دیکە، خۆشەویستی بۆ وەڵاتی خۆت بسەلمێنیت، کە بە هۆی هەڵڕشتنی



Scanned by CamScanner

ڕقەوە بەسەر کەنیسەدا، خۆشەویستی بۆ مزگەوت نیشان بدەیت.

ڕەنگە کتێبێکی دینی چنگ نەکەوێت، ڕق بڵاو نەکاتەوە، ئاخر چی جەنگی دینی ڕووی داوە، ڕق هەوێنی بووە، کەچی دینێک نییە، لافی ئەوە لێ نەدات کە هەڵگری پەیامی ئاشتییە. بۆچی بەرانبەر بە جەنگی نێوان ئایینە جیاوازەکان، کە بە زەبری ڕق هەڵدەگیرسێن و ڕقیش بەرهەم دەهێنن، بێ دەنگ و بێ هەڵوێستین؟ چونکە ناخمان تژییە لە ترس کە مامانی ڕقە. خۆشەویستی ژاراوی کراوە، بەڵام کۆتایی نەهاتووە، گەر بخوازین، دەتوانین، خۆمان لەو ژارە، پاکژ بکەینەوە. دەتوانین خۆمان لەژێر هەژموونی وشکەبڕوا و نەریتی ڕقدۆست ڕزگار بکەین، ئاخر ئەگەر شەیدای ئازادی بین، کۆمەڵ ناتوانێت هەتا هەتایە هەر بە کۆیلەیی بمانهێڵێتەوە.

وەختی ئەوە هاتووە، تەپوتۆزی دابونەریتە سەردەم بەسەرچووەکان لە شانی خۆمان بتەکێنین و بە شێوازێکی نوێ بژین، ژیانێک بژین، تژی لە خۆشەویستی، ژیانێک نە ڕقی تێدا بێت، نە سەرکوتکردن. بە هۆی ڕقەوە کەسایەتیی خۆت مەسەلمێنە، بە هۆی خۆشەویستییەوە، لەوانی دیکەدا بتوێوە. ئەوە ئاسانە ڕق لەم و لەو هەڵبگرین، ئەوە سەختە ئەم و ئەومان خۆش بوێت، ئاخر خۆشەویستی بریتییە لە قوربانیدان و پێویستی بە ئازایەتییە.

کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی ئینسان، ئەو کاتانە وەدیار دەکەوێت کە لە مێگەل دوور دەکەوێتەوە و لایەنە سەرکوتکراوەکانی هەوڵی خۆ سەلماندن دەدەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، ترس لێ ناگەڕێت، ئینسان وەتاق بکەوێتەوە و دەیباتەوە بۆ نێو مێگەل، مێگەلی دۆگما، مێگەلی خێڵ و مێگەلی حیزب کە بوار بۆ ئینسان نارەخسێنن لە

خۆی بپرسێت، من کێم، ئاخر هەر کە ئەو پرسیارەی لە خۆی کرد، هێدی هێدی دەرک بەوەیش دەکات کە ئەو خۆی نییە، کەسێکی ساختەیە و یەکێکە لە مێگەل.

دوای ساڵانێک لە سەرکوت، کە خۆت دەناسییەوە، ئیدی تۆ کەسە ساختەکە نامێنیت، بەڵام زۆری دەوێت تا دەبیتە کەسە ڕاستەقینەکە، تا دەبیتە خۆت. خۆ دۆزینەوە بە هۆی ڕامانەوە ڕوو دەدات، سەروەختی ڕامان هیچ ناکەیت، ئاخر هەر شتێک بکەیت، لە خودی خۆتەوە سەرهەڵنادات، لە کەسایەتییە ساختەکەتەوە سەرچاوە دەگرێت و خوویەکی دێرینە لە مێگەلەوە فێری بوویت. با دایک و باوکمان و مامۆستاکانمان، نیازیان خراپیش نەبووبێت، بەڵام نیازپاکییش ئەگەر لە کەسانی ناهۆشیارەوە بێت، هەمان ڕۆڵی ژار دەبینێت و ڕۆحمان ژاراوی دەکات.

کەسایەتییە ساختەکەی تۆ، بە ئاسانی گۆڕەپان بۆ کەسایەتییە ڕاستەقینەکەت چۆڵ ناکات، زۆری دەوێت تا ئەو ململانێیە لە قازانجی تۆی ڕاستەقینە یەکلایی دەبێتەوە. کە لە جەنجاڵیی شار هەڵدێیت و بە تەنیا ڕوو دەکەیە کەناری زەریا، سەیر دەکەیت مێگەل لەوێشە، بەڵام ئەو جەنجاڵییەی ئەوێ هەراسانت ناکات، چونکە کەسە ساختەکەی ناخت، پێویستی بە مێگەلە. تەنیایی با لە سەرەتاوە هەوێنی ترسیش بێت، بەڵام بۆ ڕامانت دەبات، ڕامان لایەنە پۆخڵ و ساختەکانت لێ وەردەگرێتەوە و ڕۆحێکی چالاک بە لایەنە پاکژ و ڕاستەقینەکانت دەبەخشێت کە لە گیانەڵڵادا بوون، کە لە لایەنە ساختەکان ڕزگارت بوو، تۆی ڕاستەقینە دەمێنیتەوە.

ڕامانیش جۆرێکە لە ئازایەتی، ئاخر سەروەختی ڕامان دەتوانین



Scanned by CamScanner

تەنیـا و بێدەنـگ بیـن و هێدی هێدی دەرک بـە تایبەتمەندیی خودی خۆمـان بکەیـن. بـە هـۆی ڕامانەوە، بەبـێ کۆمەکی کەسـانی دیکە، جوانی و زیرەکی لە ناخماندا سەرهەڵدەدەن و سەرلەنوێ لە دایک دەبینەوە. منداڵ کە دێتە دونیاوە، هیچ هێز و توانایەک شـک نابات، بۆیـە کە کولتـوور و پەروەردە، گەلەکۆمەکێـی لێ دەکەن، وەهای ڕادەهێیـن وەک دەیانەوێـت، لێـی ناگەڕێـن بـە سرووشـتی گەورە ببێـت و لـە ئینسـانەوە دەیکەن بە ئامێـر. کۆمەڵ لەبەر ڕۆشـنایی خواسـتەکانی خۆیـدا منـداڵ (پـەروەردە) دەکات، کەسـایەتییە سرووشـتی و ئۆرجیناڵەکەی دەکوژێت و ناسـنامەیەکی سـاختەی پێ دەبەخشێت.

ئەوە ئازایەتی نییە لەگەڵ حەشـاماتدا، بە شـێوازێکی ڕێکوپێک ڕێـی پەرسـتگە بگرییە بەر، ئازایەتی ئەوەیە بـەدوای ڕێیەکی نوێدا بگەڕێـت. ئـەوە ئەوپەڕی سـتەمە لە خۆتی دەکەیـت، کە بە پاکژی پـێ دەنێیتـە دونیـاوە و بوار دەدەیـت پۆخڵت بکەن. مەترسـە، ئەو شـتانەی لـە دەسـتیان دەدەیت، لایەنە سـاختەکانی تـۆن، تا زووتر لـە کۆڵت ببنەوە، بۆ خۆتی ڕاسـتەقینە باشـترە. تەمـەن کورتە، لێ مەگەڕێ، بمریت و حەقیقەتی خۆت نەناسیت. تەنیا ئەوانە بە نەمریی دەمێننەوە، کە بۆ سـەلماندنی حەقیقەتی خۆیان، سـڵ لە هەژمونی مێگەل ناکەنەوە.

*

(1) Osho, Mod - Glädjen i att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholmê

(٢) أوشو، الشجاعة ...

Scanned by CamScanner

# (٦)
# هەستی شەشەم و مەترسی

کۆمــەڵ چاوەڕوانیــی ئــەوەی لێــت هەیە، تۆیش تــەواو وەک ئەو خەڵکە هەڵســوکەوت بکەیــت، ئەگــەر تۆزێــک جیــاواز لــەوان خــۆت نمایــش کــرد، بــە بێگانەت دەزانــن، ئــەو خەڵکەیش وا ڕاهاتــوون، لە بێگانە بترسن. بۆچی کە  سواری پاسێک یان شەمەندەفەرێک دەبین، خۆمــان بــەوەی تەنیشــتمان دەناســێنین؟ بــۆ ئــەوەی بــە غەریبمــان نەزانێــت. هــەر کەســە و تێکەڵ بــە کۆمەڵە خەڵکێــک دەبێت و هەمان ڕەوتــار و گوتــاری وان پاتە دەکاتەوە، هەر کە لە خەتی گشــتی لای دا، گومانی لێ دەکەن. مێگەل ئەوەی بە لاوە ئاســاییە، خۆت نەبیت، وەک ئەوان بیت، ئەوەی پێ ســەیرە، خۆت بیت، ئەوەی پێ ئاســاییە



Scanned by CamScanner

خـۆت ڕەت بکەیـەوە، ئـەوەی لا نائاسـیییە، خـۆت پێ قەبـوول بێت. ئەگـەر خـۆت وەها نمایش بکەیت، وەک هەیت، ئەگەر جیاواز بیت لە زۆرینە، کۆمەڵ لێت قەبووڵ ناکات و لێت نابووریت.

جڤاکێـک ڕێـزی تاکی تێدا نەگیریت، ژمـارە لە کنی زۆر گرنگە و تا ژمارەکە هەڵکشاوتر بێت، باشترە، ئاخر مێگەل بڕوای بە ژمارەی زۆر هەیـە و تـا ژمارەیـان زۆرتـر بێـت، خۆیان بە ڕاسـتتر دەزانن. مێگـەل قـەت بڕوا ناکات، ئەو خەڵکە هەموویان هەڵەبن، بەڵام یەکێک لەسـەر هـەق بێت، مێگـەل تەنانەت قەت ددان بـەوەدا نانێت، زۆرینە هەڵـە بـن و کەمینە ڕاسـت بن. لە دونیایەکدا کـە ئەو عەقڵە زاڵ بێت، ئەوە ئەوپەڕی ئازایەتییە، ئینسـان داکۆکی لە تاکایەتیی خۆی بکات. تاکایەتی ئەوەیە، وەک تووتی قسەی ئەوانی دیکە نەڵێیتەوە، قسەیەک بکەیـت لـە ئەزموونـی خـودی خۆتـەوە هەڵقوڵابێت، بە چاوپۆشـین لـەوەی، ئـەو خەڵکە پەسـەندی دەکەن، یان نـا. بۆچی کۆمەڵ ڕقی لە کەسی جیاوازە؟ چونکە جیاوازبوون، دەرچوونە هەژموونی مێگەل و پتەوبوونی پێگەی تاکایەتییە، چونکە ئەوی تاکەیەتیی خۆی مەبەست بێت، بایەخ بە پیرۆزییەکانی مێگەل نادات و دەبێتە خاوەنی شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆی و خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات.

وەک چۆن کە سەرت دەخورێت، خۆت هەستی پێ دەکەیت، یان کە تووشی داوی عیشق دەبێت، خۆت دەرکی پێ دەکەیت، هەستکردن بۆ نموونە: بە ئاسوودەیی، یان بە نائومێدی، تایبەتن بە ناخی خۆت، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم و ئەویشیان باس بکەیت، ناتوانن بە دروستی، وەک خـۆت تێیانبگـەن. بەوە فریو مەخۆ، ئەگـەر پێیان گوتی: ئەمڕۆ دڵخۆش یان خەمناک دیاریت، پشـت بە هەسـتی ناخی خۆت ببەستە، ئاخـر ئەگـەر گـوێ بۆ قسـەی ئەوان ڕادێریـت، ڕەنگە خـۆت توانای



Scanned by CamScanner

هەستکردن بەوەی چی لە ناختدا دەگوزەرێت، لە دەست بدەیت. هیچ لەوە سامناکتر نییە، قسەی دڵی خۆت پشتگوێ بخەیت و لەبەر تیشکی بیروڕای ئەوانی دیدا، بڕیار بدەیت، چی جوانە و چی نا، چی خۆشە و چی نا. تا زیاتر گوێ بۆ ناخی خۆت شل بکەیت، توانای هەستکردنت بەهێزتر دەبێت.

ئەگەر لە ناخی خۆتدا بڕوات بەوە هەبوو، خوا هەیە، ئەگەر ئەو بڕوا بە خوا بوونە، شوێن عەوام کەوتن نەبوو، هەڵقوڵاوی هەستی ناوەکیی خۆت بوو، ئیدی هیچ بێباوەڕێک، ناتوانێت پێچەوانەی ئەوەت پێ بسەلمێنێت، با بەڵگە و ئەرگومێنتی زۆریشی پێ بێت، چونکە گرنگ هەستی ناخی خۆتە کە ئەو ناتوانێت دەرکی پێ بکات. ئەوە بایەخی نییە، ئەم و ئەو چیت پێ دەڵێن، گرنگ ئەوەیە هەستی خۆت چیت پێ دەڵێت. خوا نابینرێت، بەڵام ئەوی بڕوای پێیەتی، هەستی پێ دەکات، بوار بۆ هەستی ناوەکیی خۆی بڕەخسێنە، ئیشی خۆی بکات، ڕێ مەدە دەسەڵاتی دەرەکی، دەست وەربداتە ناختەوە! ئەگەر سەرنجی مانگت دا و پێت جوان نەبوو، مەڵێ جوانە، تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵک وا دەڵێن. ئینسان شەش هەستی هەیە، پێنجیان دەرەکیین، شەشەمیان ناوەکییە، ڕامان ئەوەیە، ڕێز لەو هەستەی ناخی خۆمان بگرین.

نەڕەی شێر لای بوودا ئەوەیە، لە حەشامات نەترسیت، دیواری بێدەنگی بشکێنیت و پڕ بە گەرووت بانگی ئازادی بدەیت، بەبێ ئەوەی ترست لە قسەی خەڵک هەبێت. مەترسە! ترس سەرکوتت دەکات، ئازاد بە! ئازادی باڵت پێ دەبەخشێت. مەترسە، ئەوە ترسە تۆی بە مێگەلەوە گرێ داوە، سەر بە حەشامات مەبە، سەربەخۆ بە! ئۆبالی ئەوەی یەکێکیت لە مێگەل، لە ئەستۆی خۆتدایە، پاساوی بۆ

مەهێنەوە! ئەوەت بە لاوە گرنگ نەبێت، مێگەل لێت ڕازییە، یان نا، ئەوە جێی بایەخت بێت، ویژدانی خۆت ئاسوودە بکەیت.

خۆت بە! گوێ بەوانی دیکە مەدە! ئیدی ئاسوودە دەبیت، لە ناخی خۆتدا هەست بە ئاشتەواییەکی قووڵ دەکەیت، نیگەران و پەشۆکاو نابیت، هێور و هاوسەنگ دەبیت. ئەگەر خۆت بیت، دەبیتە خاوەنی ڕووخساری ڕەسەنی خۆت، ڕووخسارێک هیچ نیگەرانییەکی پێوە دیار نابێت. قارەمان کەسێکە بوێریی ئەوە شک نابات، ترسنۆک بێت. ئەوە کێشە نییە ترسنۆک بین، ئاخر دونیا تژییە لە ترسنۆک، ئاخر ترسنۆک نەبووایە، قارەمان هەڵنەدەکەوت، چ قەیدی با ترسنۆک بین، گرنگ ئەوەیە خۆمان بین، ترسنۆکێکی ڕەسەن بین، باشترە لەوەی، قارەمانێکی ساختە بین.

کەسێک پەیدا نابێت، پێت بڵێ، خۆت بە، هەمووان دەست وەردەدەنە وردەکارییەکانی ژیانتەوە و ڕێنوێنیت دەکەن. مامۆستا هەرچەندە خۆی قوربانییە، خۆی کەسایەتییەکە شێوێنراو، کەچی خۆی بە نموونەی باڵا دەزانێت و دەخوازێت قوتابییەکانی وەک خۆی بن. مامۆستا قوتابییەکانی فێری دووڕوویی دەکات، ئاخر لێ ناگەڕێت خۆیان وا پیشان بدەن، وەک هەن، ناچاریان دەکات خۆیان وا نمایش بکەن، وەک ئەو دەخوازێت. خۆت چۆنیت، وابە! گوڵێکی سرووشتیی سیسهەڵگەڕاو بیت، باشترە لەوەی گوڵێکی گەش بیت لە پلاستیک. ناخت چیت پێ دەڵێت، وا بژی، ئەوە دووڕووییە ئەگەر مل کەچ بکەیت بۆ دابونەریتی باو، یان بۆ گوشاری کەسوکار و مامۆستا و واعیز. دووڕوو مەبە، ڕووی ڕاستەقینەی خۆت پیشان بدە! ئازایەتی ئەوە نییە، خۆت بدەیت بە دەست شەپۆلەکانی زەریاوە، ئازایەتی ئەوەیە، خۆت بدەیت بە دەست شەپۆلەکانی ناخی خۆتەوە.



Scanned by CamScanner

ژیـان بریتییـە لـەوەی مەترسـی ئابلّووقـەی دابێـت، ئاخـر ژیان لـە دەوروبەرێکـی ئـارام و بـێ ترسـدا، گـوڵ ناگرێـت، هـەر کە لای تـۆ ئاسـایش باڵـی بەسـەر هەموو شـتێکدا کێشـابوو، ئیـدی وەکوو گۆمێکـت لـێ دێت، لە جێیەکی تەسـکدا قەتیـس بووبێت، ئیدی وزەت لـە کار دەکەوێـت، نە سـەرچڵییەک دەکەیت و نە لـەدووی نادیارێک دەگەڕێیـت. ژیانێـک سەرکێشـیی تێـدا نەبێـت، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگـەڵ مردندا نییـە، ئەوە نەبێت، نشـینگەکەت ڕووناکتر و فراوانترە لە گۆڕ. تا بەسەر شاخدا هەڵنەگەڕێیت، هەست بە گەنجایەتیی خۆت ناکەیت، تا لە مردن نزیک نەبییەوە، ژیانت لە کن خۆشەویست نابێت. ئەوانەی شـەیدای وەرزشـی مەترسـیدارن، لە چەشـنی سواربوونی شـەپۆل، بەفرەخلیسـکێ و هەڵگـەڕان بـە چیـای بـەرزدا، هەسـت بە بەختەوەرییەک دەکەن، هیچ بەختەوەرییەکی ناگاتێ.

بۆچی ئەو خەڵکە بە چیای ئەڤرێستدا هەڵدەگەڕێن؟ بۆ گەییشتن بـە لووتکـە، بـۆ دەربازبوون لە مانەوە لـە جێیەکی دیاریکـراودا، بۆ ڕزگاربوون لەو بێزارییەی زادەی ژیانێکە تژی لە ڕۆتین، بۆ گەڕانەوە بـۆ ئـەو قۆناغەی ئینسـانێکی سـەرەتایی بووین، وەک مـەل و وەک ڕووبـار وابوویـن، نـە پارەمان لە بانکدا هەبوو، نە پۆسـتی باڵامان هەبوو، نە پەرسـتگە کۆی دەکردینەوە. مەترسـی تەنیا بەرەو ڕووی جەستە نابێتەوە، یەخەی ڕۆحیش دەگرێت، کاتێک ئاوەز دەخەیە گەڕ و ئایین دەخەیە ژێر پرسیارەوە، کاتێک ڕێیەکی نوێ دەگریتە بەر و ئیدی ناگەڕێیەوە، بۆ ئەو وێستگەیەی لەمێژبوو لێی جێگیر بوویت.

ژیانێکی ئاسایی مەژی! سڵ لە مەترسی مەکەوە! ئەوە ژیان نییە، خاوەنی ئیشێکی باش و پارەیەکی زۆر بیت، ئەوە ژیان نییە، تووشی

هیچ کێشـەیەک نەبێت و ڕێزلێگیراو بێت، ئەوە ژیان نییە کە مردیت، کەسـانێکی زۆر دوای تەرمەکـەت بکـەون و ڕۆژنامـەکان گرنگی بە هەواڵـی مردنـت بدەن. ئەوی لە ژیان تێبگات، ئەو شـتانە هێندە جێی بایەخی نابن، ئەوە جێی بایەخی دەبێت، بە چاوپۆشـین لە مەترسـی، شـێوازی ژیانی خۆی بگۆڕێت و چی شتە جێگیرەکانە لە گرێژەنەوە دەریانبهێنێت. ئەوە ژیان نییە، هەر کە کەسێکت خۆش ویست، لەڕێی گرێبەستێکەوە ببێت بە موڵکی، خۆشەویستی بکە، بەڵام دایمەبەزێنە بۆ ئاسـتی هاوسەرگیری. ئیش بکە بەڵام هەموو ژیانت بریتی نەبێت لە ئیشـەکەت، ژیانت مەکە بە خۆراکی ڕۆتینی ئیش.

ژیان وا بەسەر ببە، وەک گەمە بێت، چێژی لێ وەربگرە! ئەوپەڕی چێژ لە سەرکێشـیدایە، لەم سـەرچڵییەوە بچۆ بۆ ئەو سـەرچڵی، مل کەچ مەکە بۆ ڕۆتین. مەترسـی، بەشـێکی هەرە گرنگی ژیانە، سـڵ لە مەترسی مەکەوە! ئەوانەی ترس ژیانی داگیر کردوون، خوایش بۆیە دەپەرسـتن، چونکە لێی دەترسـن. لە مەترسـیدا بژی، ئەوسا هەموو چرکەیەکـی ژیانـت بەهای تایبەتی خۆی دەبێت، کە سـوور دەزانیت، مـردن هەیە، خۆتی لێ مەشـارەوە، بەرەو پیـری بچۆ! هیچ وەختێک لـەو کاتە بەچێژتر نییە، کـە تێیدا بەرەو ڕووی مەرگ دەڕۆین، بەبێ ئەوەی سڵی لێ بکەینەوە. خۆت فێری هونەری سەرچڵی بکە، هەمیشە بۆ سەرچڵی ئامادەبە! هەر هەلێکت بۆ سەرچڵی بۆ ڕەخسا، لە کیس خۆتی مەدە، ئاخر لە ڕێی سەرچڵییەوە، بە زیندوویی دەمێنینەوە.

*

(1) Osho, Mod - Glädjen i att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholmê

(٢) أوشو، الشجاعة، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد ٢٠١٤ دمشق.



Scanned by CamScanner

# (٧)
# دوودڵی و دەمامک

چونکە بوون ئاڵۆز و تەمومژاوییە، بۆیە ئاوەز ئۆقرە ناگرێت و لە کۆششی ئەوەدایە لێی حاڵیی ببێت. ئاوەز وەک مەتەڵێک سەرنجی بوون دەدات و خۆی بە لێ تێگەییشتنییەوە خەریک دەکات، دیرۆکی ئایین و فەلسەفەیش زادەی بەگەڕخستنی ئاوەزن بۆ تێگەییشتن لە بوون. ئایا خوا حەقیقەتە، یان تەنیا بیرۆکەیە؟ پرسیارێکی سەختە، ئاخر هەر کەسە و لە ڕوانگەی خۆیەوە، خوا دەبینێت. ژیان پڕە لە کەلێن، هەر کەسە و لەبەر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی خۆیدا پڕیان دەکاتەوە، ژیان شتێک نییە، بتوانین لێی تێبگەین، هەر وەک مەتەڵ دەمێنێتەوە.



Scanned by CamScanner

میتافیزیک چواردەوری تەنیوین، وا باشترە سەیری نەکەین، ئاخر وەک ئەوەی سەیری هەڵدێر بکەین، سەرمان سوور دەخوا. بوودا دەڵێت: ئەگەر پێویستت بە هێزێکی بانسرووشتی هەیە، بیخوڵقێنە، بەڵام خۆت لەنێویدا زیندانی مەکە، سنووری ببەزێنە! ئەوە خۆمانین زیندانی باوەڕ بۆ خۆمان چێ دەکەین و لە نێویدا هەست بە دڵنیاییەکی ساختە دەکەین، ئاخر هەر کە مردن هات، باوەڕ بە هانامانەوە نایەت، ئەوە نەبوو عیسا، هەرچەندە خۆی بە کوڕی خوایش دەزانی، کە لە خاچ درا، بەدەم چاوەڕوانیی فەریادڕەسەوە، لە لووتکەی نائومێدیدا گیانی سپارد. لە مردن مەترسە، بەرلەوەی بگات، بەرەو ڕووی ببەوە! لە نادیار مەترسە، بەرەو لای بچۆ، پێشوازیت لێت دەکات.

هەتا بژین، تووشی تەنگوچەڵەمەیش دەبین، گەشەکردنمان زادەی خەباتمانە لە دژی ئەو تەنگوچەڵەمانە. ئینسان تۆوێکە، ئەگەر لەودیو توێکڵی تۆوەکەوە خۆمان حەشار بدەین و سەر دەر نەهێنین، تووشی کێشە نابین، بەڵام گەشە ناکەین و نابین بە ڕووەک. منداڵ لە هەناوی دایکیدا هەموو شتێکی بۆ دابین کراوە و بە ئاسوودەیی دەژی، بەڵام کەس حەزی بەوە نییە، لەوێدا بمێنێتەوە، ئاخر ژیانی ڕاستەقینە لە دەرەوەی دیوارەکانە، لە ئازادیدایە، ژیانی ڕاستەقینە، شکاندنی توێکڵی هێلکەیە و فڕینە بەرەو ئاسمانی بەرین. بۆچی ژانی منداڵبوون سەختە؟ چونکە منداڵ دوودڵە لە نێوان هاتنەدەرەوە و نەهاتندا، ڕابردوو بۆ دواوەی بەکێش دەکات و داهاتوو بانگی دەکات.

ترس جۆری زۆرە، بەڵام جۆرەکانی لە لقەکانی هەمان درەخت



Scanned by CamScanner

دەچن، درەختی مردن. ترس، سێبەری مردنە، ئەوە لە ترسی مردنە، خۆمان بەم یان بەو شتەوە سەرقاڵ دەکەین، کۆکردنەوەی پارە، ئالوودەبوون بە کهوولەوە، خوێندنەوە و نووسین، هەموویان کەم و زۆر بۆ خۆ دزینەوەن لە مردن، هەرچەندە سوور دەزانین، مەحاڵە لە چنگی قوتارمان ببێت. ناتوانین خۆمان لە مەرگ ڕزگار بکەین، بەڵام لەڕێی ڕامانی قووڵەوە، دکارین خۆمان لەو ترسە قوتار بکەین کە مەرگ لە دڵماندا جێگیری کردووە، دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی ئەوەی دەمرێت، جەستەی ئێمەیە، نەک گەوهەری ئێمە، ئاخر ئێمە بەشێکین لە بوون، کە ملکەچی مردن نییە، کە نە سەرەتای هەیە، نە کۆتایی.

بوونی ئێمە وەک جەستە، بۆ ئەو وەختە دەگەڕێتەوە کە لە هەناوی دایکماندا بووین، بەڵام ئەوە سەرەتای هەبوونی ڕاستەقینەی ئێمە نییە، ئاخر بەرلە یەکەمین ساتەوەختی پەیدابوونمان لە هەناوی دایکماندا، ئێمە لە پشتی باوکماندا بووین، ئاخر بەر لە هەبوونی دایک و باوکیشمان، ئێمە هەر هەبووین، چونکە ئێمە بەشێکین لە بوون کە نە دەستپێکی هەیە، نە دوایی. مردن گۆڕانکارییەکی چەندایەتییە، بەڵام ئێمە وەک چلۆنایەتی، وەک کرۆک، بە بوونەوە گرێ دراوین، بۆیە وەک گەوهەر لەسەروو مەرگەوەین، ئەگەر بە هۆی ڕامانەوە، بگەینە ئەو سەرئەنجامە، ئیدی لە مەرگ ناترسین. ژیان بریتی نییە لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان لەدایکبوون و مردنەوە، ئاخر بەرلەوەی دایکیشمان لە دایک بووبێت، ئێمە هەبووین، ئێمە لە پشتی بووندا بووین. ئەگەر سەردەمی تاگوور، سنووردانان بۆ وەچەخستنەوە باو بووایە، ئەو شاعیرە هەرەگەورەیە کە سێزدەیەمین منداڵی دایک و باوکی بوو، پێی نەدەنایە دونیاوە.



Scanned by CamScanner

تۆ کە خۆت بە یارییەکەوە خەریک دەکەیت، وەخت ناکوژیت، ئەوە وەختە تۆ دەکوژێت، ئاخر ئەوە وەختەی بەسەر دەچێت، عومری تۆیە. ژیانت هەمووی بەفیڕۆ دەچێت، ئەگەر پێک هاتبێت لە دووبارەبوونەوە، ئەگەر سووڕانەوە بێت لە هەمان بازنەی بەتاڵدا، ئاخر بە هیچ شوێنێکی تازە ناگەیت. چۆن دەگەیتە وێستگەیەکی نوێ، ئەگەر تۆ لە بازنەیەکی داخراودا گیرت خواردبێت! تۆ ئەگەر لە جێیەک قەتیس مابێت، ناتوانیت بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجی ڕابردووت بدەیت. مەترسە! دیار جێ بهێڵە و بەرەو نادیار بچۆ! تەنیا بیت باشترە، لە ژیان لەگەڵ کەسێکدا کە نائومێدی کردوویت.

ترس، گەوجایەتی بەرهەم دەهێنێت، کە ئازا بووین، هەم زیرەک دەبین و هەم کراوەیش. دوودڵ مەبە! نادیار هەڵبژێرە! سەرکێشی بکە! سڵ لە مەترسی مەکەوە! بە هۆشیارییەوە ڕابردووی پڕ لە ترس و گەوجایەتیت بکوژە، با سەرلەنوێ وەک بوێر و زیرەک لە دایک ببیتەوە! گوێ لەم و لەو بگرە، بەڵام قسەی کەس بە پیرۆز مەزانە و مەیکە بە باوەڕی خۆت، پشت بە ئەزموونی خۆت ببەستە! ڕێی بەرەو نادیار بگرە بەر، لەدوای هەر سەفەرێک بۆ لای نادیار، بوێرتر و هۆشیارتر دەبیت. ئازا کەسێک نییە کە ناترسێت، ئاخر هەموو کەسێک دەترسێت، ئازا کەسێکە دەزانێت ژیان پڕە لە مەترسی، بۆیە ترس بە بەشێک لە ژیان دەزانێت. ئەگەر ددانت بەوەدا نا، ترس شتێک نییە نامۆ بە ژیان، ئیدی دەتوانیت بەرەنگاریشی ببیتەوە.

گرێی هەستکردن بە گوناهـ زادەی چەپاندنی ئەو خواست و ئارەزووانەیە بە تابوویان دەزانین. چەپاندن هەوێنی ترسە، لە ترساندا فێری درۆ دەبین، درۆ لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ ئەوانی

تریشدا، ئیدی گیرۆدەی دەستی گرێی هەستکردن بە گوناهـ دەبین. ئەگەر هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ترسدا تەندروست نەبێت، دووچاری دەردی گرێی هەستکردن بە گوناهـ دەبین، بەڵام ئەگەر بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ترسدا دەکەین، ترس دەبێت بە ئازایەتی و ئازادی. با هەڵەیەکیشت کردبێت، خۆت بە ناشیرین و بەد و گوناهبار مەزانە، هەوڵی چاککردنی هەڵەکە بدە و دووبارەی مەکەوە! ئەوە هەنگاوی یەکەمە، بۆ دەربازبوون لە ترس و گەییشتن بە ئازایەتی و ئازادی. سەرزەنشتی خۆت مەکە! بە گژ خۆتدا مەچۆوە! بە گژ ترسدا بچۆوە! ئەوەیش هەر ترسە هانمان دەدات، ستایشی خۆمان بکەین، ئەگەر متمانەمان بە خۆمان بەهێز بێت، پێویستمان بەوە نابێت، ستایشی خۆمان بکەین. ترس برینێکە بەوە چارەسەر ناکرێت، بە گوڵ دایپۆشیت، بەوە لە کۆڵت نابێتەوە، بە ڕووکەش خۆت وەک ئازا پیشان بدەیت.

ئەگەر خۆت وەک ترسنۆک نیشان بدەیت، دەبێتە مایەی پێکەنین و ژێرچەپۆکەی ئەوانی دیکە، ئەوە بۆیە ترسنۆکان خۆیان پف دەدەن. ترسنۆک کەسێکە لە هەوڵی ترساندنی ئەوانی دیکەدایە، ستەمکار لە ترسی گیانی خۆی، هەوڵ دەدات خەڵک لە دۆخی ترسدا بهێڵێتەوە، ئاخر ئەوە ڕێسایە، ئەگر ناخمان تژی بێت لە ترس، هەوڵ دەدەین، هەمان ترس بۆ ناخی ئەوانی دیکە بگوێزینەوە. مەترسی بەشێکە لە ژیان، نە فشەت پێی بێت، نە لێی بتۆقە، ئەوە ئاساییە بترسین، ئاخر چۆن نەترسین کە ئەگەری مردن هەمیشە لە ئارادایە! بەوە لە ترس ڕزگار نابین کە ددان بە هەبوونیدا نەنێین.

ڕاهیب چونکە دوورەپەرێزیی پێ باشە، لە ترسی سەرهەڵدانی پێوەندی، کە بەرەو ڕووی ژنێک دەبێتەوە، چاو هەڵنابڕێت، دەڵێیت



Scanned by CamScanner

سەیری لووتی خۆی دەکات. ڕاهیب حەزی لە ئاوەدانی نییە، پێوەندیی بە کەسەوە گری نادات، زەندەقی لەوە چووە، ئارەزووی بزوێت، ڕەنگە بەوەی لە بازنەی خۆیدا گیر دەخوات، هەست بە برێک لە ئارامی بکات، بەڵام بەختەوەر نییە. ئەگەر پێوەندییەکی بەربلاومان هەبێت، دەشێت وەها خۆمان بیر بچێتەوە، نەتوانین بیێنەوە بۆ لای خۆمان. ئەوانەی لەدووی سێکس وێڵن، وەها خۆیان لێ بزر دەبێت، دوای هەر پێوەندییەک هەست بە بۆشایییەکی بەرین دەکەن. ڕامان بەبێ خۆشەویستی، ئاسوودەییمان بۆ دابین ناکات، ئەوین بەبێ ڕامان، نائومێدمان دەکات. درەختی ڕامان ئەگەر گوڵی گرت، خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت. چارەسەر ئەوەیە، بتوانین هەم بە تەنیا ئاسوودە بین و هەم لەگەڵ خەڵکیشدا، ئەوەیش پێویستی بە ناخێکی ڕۆشن و ئاوەدان هەیە. ئاسوودەیی لە ناخدا، هیچ بایەخێکی نییە، ئەگەر خۆمان لە کێشەکانی دەوروبەر نەبان بکەین.

خۆدۆزینەوە، ترسێکی گەورەی بەدوادا دێت، ئاخر دەستەکەمان دەکەوێتە ڕوو، ئەو هەموو شتگەلە پۆخڵەی ساڵانێک بوو، لە عەقڵماندا خۆیان حەشار دابوو، سەر ئاو دەکەون. خۆدۆزینەوە دەرکەوتنی خەوشەکانمانە، ئاشکرابوونی ئەو حەقیقەتەیە کە چەند لاواز و ناخبەتاڵین. ئەوە زادەی ناخپووچییە کە خۆمان وەک ڕووکەش دەڕازێنینەوە و بە سامان و پلە و پۆستەوە خۆمان با دەدەین. لە ترسی سەرزەنشتی خەڵک، ناوێرین خۆمان ئاشکرا بکەین، زات ناکەین ڕووی ڕاستەقینەی خۆمان پیشان بدەین، بەردەوام بە دەمامکەوە دەردەکەوین، لەوە دەترسین ئەگەر بەبێ دەمامک دەرکەوتین، کەس ڕێزمان لێ نەگرێت، کەس خۆشی نەوێن و وەتاق بکەوینەوە. ئەوە ترسە، کەسانی ساختە بەرهەم دەهێنێت،



Scanned by CamScanner

بۆ ئەوەی کەسێکی ڕاستەقینە بین، حەوجەمان بە ئازایەتی هەیە.

ئەوە ئاسانە خوات خۆش بوێت، چونکە تۆ کۆیلەی ئەویت، ئەوە سەختە ئینسانت خۆش بوێت و کەستان کۆیلەی ئەوی دیکەتان نەبێت، هەردووکتان وەک یەک ئازاد بن، ئاخر ئینسان بریتییە لە ئازادی. ئەگەر ئازاد بووین، وێڕای ئەوەی ئازا دەبین، دەرکیش بەوە دەکەین، زۆرینەی مەترسییەکانمان لە وەهم بەولاوە هیجی تر نیین.

❋

(1) Osho, Mod – Glädjen I att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholmê

(٢) أوشو، الشجاعة، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد ٢٠١٤ دمشق.

Scanned by CamScanner

# (٨)
# سەرکێشی و ناسنامە

ئینسان کە هەست دەکات بەرانبەر بە مەرگ کە زۆری لێ دەترسێت، دەستەوسانە، یان کە کێشەکان لەسەر شانی کەڵەکە دەبن، هانا بۆ خوا دەبات. منداڵ لە ئامێزی دایک و باوکیدا گەورە دەبێت و لەو ڕۆژە خۆشانەی تەمەنیدا، نە هیچ ئەرکێکی لەسەر شانە، نە هیچ نیگەرانییەکی هەیە، ئاخر هەمیشە کەسێک شک دەبات، ئاگای لێی بێت، بە هانایەوە بچێت و داواکانی جێبەجێ بکات. ئایین خراپ کەڵکی لەو دۆخە دەروونییەی سەروەختی منداڵیمان وەرگرتووە و خوای وەک باوکێکی فەریادڕەس پێ ناساندووین. ئەو پشتبەستنە بە خوا، کە زادەی هەست و بیری سەردەمی منداڵیی ئینسانە، لە واقیعدا هیچ بناغەیەکی نییە. وا ڕاهاتووین کە بەرەو



Scanned by CamScanner

ڕووی مەترسی دەبینەوە، داوای کۆمەک لە خوا دەکەین، بەڵام هیچ یارمەتییەکمان پێ ناگات. کە مەسیح لە خاچ درا، چاوەڕێ بوو، خوا بە هانایەوە بچێت، ئەو کە خوای بە باوکی خۆی دەزانی، بە هیوای ئەوەبوو فریای بکەوێت، بەڵام کە خوا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، مەسیح بەدەم نائومێدییەوە گیانی لە دەست دا.

**ئۆشۆ**

ئینسان دوو لایەنی هەیە، ساختە و ڕاستەقینە، لایەنە ڕاستەقینەکەی بە خۆراکی حەقیقەت گەشە دەکات و لایەنە ساختەکەیشی بە درۆ. درۆ، درۆ دەخوڵقێنێت، ئاخر بەو هیوایەی درۆیەک بچەسپێنیت، پێویستت بە چەندان درۆی دیکە هەیە. ئیشی دەروونناس ئەوەیە، ئەو شتانەی لە تاریکستانی نائاگاییماندا خۆیان حەشار داوە، بیانداتە بەر تیشکی هۆشیاریمان، ئیدی ئەوە سەرەتای مەرگی ئەو شتانەیە. ئەگەر ڕاستگۆیانە ناخی خۆمان بۆ کەسێک کە دڵنیاین لەوەی گوێمان بۆ شل دەکات و نهێنیمان نادرکێنێت، بخەینە ڕوو، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە بوونماندا ڕوو دەدات، با ئەو کەسە، دەروونناسیش نەبێت. بەوەی ڕاستییەکان بدرکێنین، لاواز نابین، بەهێز دەبین، ئاخر لایەنە ساختەکەمان بزر دەبێت و حەقیقەتمان بەدەر دەکەوێت، ئیدی متمانە بە خودی خۆمان پەیدا دەکەین و تاکایەتیمان جێگیر دەبێت.

کەسایەتی ساختەیە، تاکایەتی ڕاستییە، کەسایەتی ڕووکەشە، لە دەرەوە بەسەر تۆدا سەپێنراوە، تاکایەتی کرۆکی تۆیە، ئەو ماددەیەیە تۆی لێ خوڵقاویت و سەرچاوەی هێز و وزەی تۆیە. کەسایەتی کە مێگەل پێی بەخشیویت، ناسنامەی تۆ نییە، ئەگەر بازنەی ترس بەجێ نەهێڵێت، ئەگەر ئازایەتی شک نەبەیت، بێ



Scanned by CamScanner

ناسنامە دەمریت. ئەوە ئاسانە لەنێو کەلەپووردا بێ ناسنامە بژیت، ئەوە سەختە دەست لە چی بیرۆکەی کۆنە بەر بدەیت، پشت بکەیە مێگەل و لە سفرەوە دەست پێ بکەیت. مەترسە! ناسنامەی خۆت بدۆزەوە و تاکایەتیی خۆت بسەلمێنە! ناسنامە تێڕوانینی نوێیە، شێوازی ژیانی نوێیە و دونیابینیی نوێیە. سەرچلی بکە، هیچت لە کیس ناچێت، لایەنە ساختەکەت نەبێت، بەلام بە حەقیقەتی خۆت دەگەیت.

ئەگەر هەستت کرد لە ژیان بێزاریت، ئەوە سەرەتایەکی باشە، ئاخر ئەوە دەستپێکی هەولدانت دەبێت، بۆ دەربازبوون لەژێر هەژموونی بێزاری. ئینسان تاقە گیاندارە هەست بە بێزاری بکات، هەر کە هەستت بە بێزاری کرد، ئیدی ئەوە بەلگەیەکی حاشاهەلنەگرە بۆ ئەوەی، بە شێوازێکی هەلە ژیان بەسەر دەبەیت و حەوجەت بەوەیە، شێوازی ژیانت بگۆڕیت. تۆ بۆیە هەست بە بێزاری دەکەیت، چونکە نموونەیەکی مردوو لە ژیان پێڕەو دەکەیت کە بژارەی خۆت نییە، بۆت دیاری کراوە. هیچ چارت نییە غەیری ئەوەی، لە بازنەی ئەو نموونە ئێکسپایەربووەی ژیان بچیتە دەرەوە و وەها بژیت، وەک سەلیقە و سرووشتی تایبەتیی خۆت لێت دەخوازن.

سەلیقەی خۆت چیت پێ دەلێت، وەها بژی، ئاخر تۆ بۆیە لە ژیان وەڕسیت، چونکە وەک ئەوان دەژیت، نەک وەک خۆت، بۆ ئەوان دەژیت، نەک بۆ خۆت. زۆرینەی مرۆڤایەتی جاڕسە، چونکە نزیکەی کەس لەو جێیە نییە کە دەبوو لێی بێت، ئەو کارە ناکات کە دەبوو بیکات، وا ناژی کە دەبوو بژی. سەرکێشی بکە، تەنیا ڕەشەبای سەرکێشی، تەمی خەستی وەڕسیی دەڕەوێنێتەوە. تۆ بۆیە لە خۆت بێزاریت، چونکە لەگەل خۆتدا ڕاستگۆ نیت، چونکە



Scanned by CamScanner

ڕێز لە بوونی خۆت ناگریت. تەنیا ئەو وەختە هەست بە خۆشیی ژیان دەکەیت کە وەها ڕەوتار بکەیت، وەک خۆت دەخوازیت. بە خۆت قایل بە وەک هەیت، لاسایی کەس مەکەوە، کەس مەکە بە نموونەی بالا، خۆت نموونەی بالای خۆت بە! کرۆکی خۆت بەبێ قەید و شەرت قەبووڵ بکە، ئیدی هەست دەکەیت بەختەوەری لە ناختەوە هەڵدەقوڵێت. ڕابە! ئازابە! سەرکێشی بنوێنە! بێجگە لە بێزاری، هیچی دیکەت لە کیس ناچێت. دەرک بە بەرپرسیاری بکە! بەرپرسیاری ئەوەیە بەدەم داخوازییەکانی ناخی خۆتەوە بچیت. سەرکێشی بکە، بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکەیەوە، ئەگەرنا با عومرێکی درێژیش بەسەر ببەیت، وەک ئەوە وایە، یەک ڕۆژ نەژیابیت.

بۆ ئەوەی متمانە بە خۆت پەیدا بکەیت:

(١) ئاوەزت لە تەپوتۆزی بۆچوونی سەردەمبەسەرچوو پاکژ بکەوە!

(٢) وا هەست بکە فەرهەنگ، نە وشەی (هەڵاتن)ی تیدایە، نە وشەی پاشەکشێ.

(٣) ترسنۆکی زادەی نەزانییە، لە دووی هۆشیاری وێڵ بە!

بۆچی دەست لە بیرۆکەی هەبوونی خوا هەڵناگرین؟ چونکە دەستبەردان لە خوا، ترسێکی گەورە دەخاتە دڵمانەوە، چونکە بڕواهێنان بە هەبوونی خوا، لە ڕووی دەروونییەوە بەهێزمان دەکات، ئاخر وا هەست دەکەین لە تەنگانەدا دەمانپارێزێت. زارۆک لە منداڵدانی دایکیدا هیچ لەبارەی هەبوون و نەبوونی خواوە نازانێت، بەڵام ئەوەی ترس بێت لە دڵیدا نییە. مانەوەی ئینسان تۆ

مانگ لە پزدانی دایکیدا، لەوپەڕی ئاسایش و ئاسوودەییدا، یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئایین. بۆچی منداڵ کە لە پزدانی دایکی دێتە دەرەوە دەترسێت؟ چونکە ئیدی هەموو ئەو شتانە لە دەست دەدات کە لە هەناوی دایکیدا بۆی دابین کرابوون. بۆچی لە هەموو زیندەوەرەکاندا تەنیا ئینسان بیر لە هەبوونی خوا دەکاتەوە؟ چونکە وەچەی هیچ گیانداریک هێندەی منداڵ لاواز نییە، وەک نموونە، بەچکەی فیل هەر کە پێی نایە دونیاوە لەسەر لاقی خۆی دەڕوات. ئەگەر ئینسان ترسنۆک و لاواز نەبووایە، خێزان، کۆمەڵ، دابونەریت و ئایین بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەبوو.

یەکەم ئەزموونی منداڵ، ترسە، ترسی لەدایکبوون، ئاخر شوێنەکەی ئەوەندە خۆشە، کە دێتە دەرەوە، وا هەست دەکات ئەوە مردنە، نەک لەدایکبوون. منداڵ لە هەناوی دایکیدا گونجاوترین نشینگەی هەیە، هەموو زانایانی دونیا ماڵێکی هێندە لەباریان بۆ چێ ناکرێت، ئەوەندەی نێو سکی دایک، بۆ منداڵ گونجاو بێت. ئەوە تامەزرۆییە بۆ نێو هەناوی دایک، ئینسانی هان داوە، بانێو و حەوزی مەلە دابهێنێت، تەنانەت فرۆید پێی وایە، جووتبوونی پیاو لەگەڵ ژندا، هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ نێو پزدان، لە هەمان ئەو ڕێگەیەوە کە لێوەی هاتبووە دەرەوە.

لەگەڵ لەدایکبوونماندا ترس هێدی هێدی پەیدا دەبێت، ترس تا دێت گەورە و گەورەتر دەبێت و تا دەمرین لێمان جوێ نابێتەوە. بیرۆکەی خوا زادەی ترسە، ئاخر دڵمان بەوە خۆشە کە بەرەو ڕووی مەترسی بووینەوە، دەمانپارێزێت. خوا تەمومژاویترە لەوەی ئینسان تێی بگات، هەر شتێکیش لێی تێنەگەین، نەیناسین و پێمان نامۆ بێت، لێی دەترسین، ئەوە بۆیە خوا هەم ترسمان دەڕەوێنێتەوە،



Scanned by CamScanner

هەم ترسیشمان لێی هەیە. کە مەترسی پەیدا دەبێت، پێویستە بەرەو ڕووی ببینەوە، چونکە ناتوانین پشت بە خوا، لە خۆمانی دوور بخەینەوە. کە لە بیرۆکەی خوا وەک فەریادڕەس، نائومێد دەبین، گومان پەیدا دەبێت و ئیدی هێدی هێدی لەبەردەم گومانێکدا کە وەک حەقیقەتی لێ هاتووە، تەلاری باوەڕێک کە زادەی خەیاڵ بووە، هەرەس دەهێنێت.

حەقیقەت ئەوەی باشە، پێویستی بەوە نابێت بیری خۆمانی بخەینەوە، ئاخر قەت لە بیرمان ناچێتەوە، ئەوە درۆیە دەبێت زوو زوو وەبیری خۆمانی بهێنینەوە، ئەگەرنا بیرمان دەچێتەوە. درۆزن پێویستی بەوەیە یادگەی بەهێز بێت، ئەگەرنا دەستەکەی دەکەوێتە ڕوو. درۆ بڕوای بە سنووردانان بۆ وەچەخستنەوە نییە، بەردەوام نەوەی نوێ دەخاتەوە، حەقیقەت هاوسەرگیری ناکات و منداڵ ناخاتەوە. پیاوانی ئایین و سیاسەت، کە خاوەنی بیرۆکەی هەبوونی خوان، هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کردووە، قازانجیان لەوەدایە، ئینسان کۆیلەیەکی ترسنۆک بێت، ئاخر ئینسانی ئازا، ئینسانێک ترسی لە ورووژاندنی گومان نەبێت، مەترسییان بۆ دروست دەکات.

ئینسان هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە، یان ئەوەتا کۆیلەیەکی ترسنۆک دەبێت، یان شکۆمەندێکی ئازا، یان ڕەدووی باوەڕێک دەکەوێت، یان ڕێگەی یاخیبوون هەڵدەبژێریت. یاخیبوون دژ بە قازانجی دەسەڵاتدارانە، بۆیە هەوڵی کەویکردنت دەدەن، دەخوازن باوەڕدارێک بیت، لەوانەی لە خەوفی خوا، لەرزیان لێ هاتووە، چونکە بەرژەوەندییان بەوەوە بەندە، ئاخر ئینسان ئەگەر کۆیلە بێت و زەندەقی لە خوا چووبێت، ئیدی نە لە فەرمانی خوا

یاخی دەبێت، نە لە فەرمانی نوێنەرەکانیشی.

ڕاستییەکەی خوایەک ترس دروستی کردبێت، بوونی نییە، تەنیا نوێنەرەکانی بوونیان هەیە، ئاخۆ ئیش لەوە سەیرتر هەیە، نوێنەری خوداوەند بیت لەسەر زەوی! دینداری ئیشێکی سەیرە، سەرۆکی نییە، تەنیا نوێنەری هەیە، قەشە، ئەسقوف، کاردینالّ، پاپا و مەسیح ، بەلاّم لووتکەی هەرەمەکە بزرە. عیسا کوڕی خوایە، دەسەلاّتی لەوەوە وەرگرتووە، پاپا دەسەلاّتی لە عیساوە وەرگرتووە، ئیدی هەتا دەگاتە پلەنزمترین قەشە. ئەوە ترسە، خوداوەندی خولقاندووە، تۆ دەترسیت بە تەنیا بەرەو ڕووی ژیان ببیتەوە، بۆیە پێویستت بە چەترێک هەیە بتپارێزێت، هەمیشە خەڵکانی قۆڵبڕیش پەیدا دەبن، خۆیان وەک چەتر نمایش بکەن.

ددان بە هەبوونی ترسدا بنێ، بەلاّم خۆتی لێ مەدزەوە، بە ناخیدا ڕۆ بچۆ! کە گەییشتییە بنەکەی، هەست دەکەیت، شتێکی لێ نییە لێی بترسیت، ئیدی لە تەپوتۆزی باوەڕ پاکژ دەبییەوە، ئیدی دەبیتە ئینسانێکی ئاسایی. ترس قووڵ نییە، زوو دەگەیە بنەکەی، ئەگەر بە ناویدا ڕۆ بچیت.

*

(1) Osho, Mod – Glädjen i att leva farligt, ÖversättareÇ Anita Sandberg, Damm Förlag 2003 Stockholmê

(٢) أوشو، الشجاعة، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد ٢٠١٤ دمشق.

(*) ئۆشۆ (١٩٣١ – ١٩٩٠) سۆفییەکی هیندی، فەیلەسووفێکی جیهانی، پرۆفیسۆر، ئوستادی خۆشەویستی، مامۆستای ڕۆحی، بانگخوازێکی گەڕۆکی چالاک، ڕووەکی، دژە زەبروزەنگ و خاوەنی سەدان بەرهەمی فیکری و فەلسەفی.

# کتێبێک لە حیکمەت

Scanned by CamScanner

# کتێبێک لە حیکمەت

## (١)

حەقیقەت شتێک نییە، بیدۆزینەوە، یان بیخوڵقێنین، شتێک نییە دوور لە خۆمان، شتێکە ئێستا لێرەیە، چواردەوری گرتووین، وەک چۆن زەریا چواردەوری ماسیی گرتووە. ماسی هەست بە هەبوونی زەریا ناکات، ئاخر تێیدا لە دایک بووە، تێیدا دەژی و تێیدا بزر دەبێت، ئاخر ماسییش، وەک شەپۆل بەشێکە لە زەریا. بۆچی ماسی هیچ لەبارەی زەریاوە نازانێت، چونکە تەنانەت تۆزێکیش لێیەوە دوور نییە. حەقیقەتیش هەر وایە، لە ناخماندایە و لەناویداین، هێندە لێمانەوە نزیکە، بەشێکە لە ئێمە و بەشێکن لێی، چونکە هیچ لێمانەوە دوور نییە، بۆیە هەستی پێ ناکەین. حەقیقەت لەتەکماندایە، ئەوە ئێمەین هێندە هۆشیاری شک نابەین، دەرکی پێ بکەین، خۆی



Scanned by CamScanner

حەشار نەداوە، ئێمە نابینایین، بۆیە لێمانەوە دیار نییە، بانگمان دەکات، ئێمە نابیستین بۆیە گوێمان لە هاواری نییە.

بۆ ئەوەی دارستانەکە جوان ببینین، پێویستە لێی دوور بکەوینەوە، بۆ ئەوەی دەرک بە حەقیقەتیش بکەین، پێویستە لە عەقڵ دوور بکەوینەوە، ئاخر عەقڵ بەربەستێکە لە حەقیقەتمان دادەبڕێت، ئاخر ئەوە وەهمی عەقڵە، حەقیقەتی لە بیر بردووینەوە. ئاوەز سەرچاوەی کوێرەوەرییە، لەگەڵ بزربوونی یەکەمیاندا، دووەمیشیان بزر دەبێت. هەر کە عەقڵت بزربوو، لەناکاو پڕ دەبێت لە وزە، وزەیەک بۆ هاوسۆزی و سترانچڕین و سەماکردن هانت دەدات. عەقڵ کە بریتییە لە خەونی نەزۆک و ئارەزووی ئاژەڵی، وەک شوورەی چین دەورەی داوین، ئەوە بۆیە ماسیی ڕۆحمان هەست بە هەبوونی زەریای حەقیقەت ناکات.

ناعەقڵ دەرگایە بەرەو حەقیقەت، ناعەقڵ چارەسەرە، ناعەقڵ ئەو هۆشیارییەیە کە بوودا بانگخوازی بوو. ئەو بەڵایەی ناوی عەقڵە، دەرگای هۆشیاریی بە ڕوودا داخستووین، هۆشیاری: خاڵیکردنەوەی عەقڵە لە ناوەڕۆک و لە بیروباوەڕ، هۆشیاری: لە سفرەوە دەستپێکردنە، ئەگەرنا بەرچاومان ڕۆشن نابێتەوە. زیرەک کەسێکە پشت بە عەقڵ نابەستێت، ئاخر دەزانێت عەقڵ سەرچاوەی گەوجایەتییە، بەڵام زیرەکی و هۆشیاری و حیکمەت لە ناعەقڵەوە هەڵدەقوڵێن. عەقڵ بۆیە کەڵکی نییە چونکە لەسەر سێ پێ دەڕوات: ١) خۆت بەدوور دەگریت لە هەموو ئەو شتانەی خۆشت ناوێن. ٢) وابەستەی هەموو ئەو شتانە دەبیت کە خۆشت دەوێن. ٣) هەموو ئەو شتانە پشتگوێ دەخەیت کە نە ڕقت لێیانە، نە خۆشت دەوێن. گیرخواردن لەناو ئەو سێگۆشەیەدا، ژاراویبوونی ئینسانی لێ



Scanned by CamScanner

دەکەوێتەوە. کاری عەقڵ کە بریتییە لەوەی: ئەوەم خۆش دەوێت، ڕقم لەوەیە و ئەوەی تر جێی بایەخم نییە، ڕۆتینێکە ژیانمان لێ دەکات بە دۆزەخ. خۆت لە هەژموونی عەقڵ دەرباز بکەیت، نە ڕقت لە کەس دەبێت، نە کەس فەرامۆش دەکەیت، نە وابەستەی کەس دەبیت، بەڵام هەموو گەردوون بە دڵخوازی خۆت دەزانیت.

ئەوە عەقڵە پرسیار دەورووژێنێت، ئاخر پرسیار وەک خۆراک وایە بۆ عەقڵ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، هەموو پرسیارێک هیچە، هەموو وەڵامێکیش. حەقیقەت لە شێوەی وەڵامدا خۆی بە دەستەوە نادات، ئاخر حەقیقەت کاتێک دەگات، هیچ پرسیارمان نەمابێت.عیسا پێی وابوو، تا نەبینەوە بە منداڵە پاکژەکەی جاران، تا لە دونیای نیگەرانی و پرسیار قوتار نەبین، بە مەملەکەتی حەقیقەت ئاشنا نابین. منداڵ بۆ ئەوە پرسیار ناکات، تا وەڵام بدرێتەوە، بەڵکوو سەرسامیی خۆی دەردەبڕێت و لەگەڵ خۆیدا دەپەیقێت. وەڵامی دروست ئەوەیە، تەلاری پرسیار خاپوور بکات. پرسیار عەقڵ ڕۆشن ناکاتەوە، چونکە خۆری ڕۆشنبوونەوە، دوای بزربوونی عەقڵ هەڵدێت.

عیسا دەیگوت: (گوڵاڵەسوورە بۆیە ئەوەندە جوانە، چونکە بۆ ئێستا دەژی، بیر لە داهاتوو ناکاتەوە.) من بۆیە لێرە نیم، بیروباوەڕت پتەو بکەم، بۆیە لێرەم کۆمەکت بکەم، تا لە داوی بیروباوەڕ قوتار ببیت. من سەرچاوەی ئیلهامی تۆ نیم، ئاخر کاری ئیلهامبەخش، پێگەیاندنی کۆیلەیە، من هاتووم بتهەژێنم و لەژێر چەپۆکی هەژموونی ئیلهامبەخش و فەریادڕەس دەرتبهێنم. هاتووم پێت بڵێم: خۆت بەرچاوی خۆت ڕۆشن بکەوە، هەر کە پشتت بە ئیلهامبەخشێک، یان فەریادڕەسێک بەست، ئیدی زوو یان درەنگ



Scanned by CamScanner

هێنده پێی سەرسام دەبیت، خۆت بە کۆیلەی دەزانیت. ئەگەر کەسێک بە (کاریزما) دەزانیت، ئەوا هیچ گومانت لەوە نەبێت کە (کۆیلە)یت. چارەسەر ئەوەیە، ئەوەندە بوێر بیت، خۆت لە زیندانی عەقڵ کە بریتییە لە ڕابردوو، ڕزگار بکەیت و وەک گوڵالەسوورە بۆ ئێستا بژیت. مامۆستای ڕاستەقینە کەسێکە نائومێدت دەکات و هێدی هێدی عەقڵت هەڵدەوەشێنێتەوە و پارچەکانی فڕێ دەدات.

لەسەر ئاستی دونیا، بەگشتی خەڵکانی کاڵفام بە سیاسەتەوە خەریکن، خەڵکانێک کە هۆتێلی هۆشیارییان هیچ ئەستێرەیە، خەڵکانێک کە گرێی کەموکووڕییان هەیە، تروپکی کارەسات ئەوەیە، چەکی کۆکوژ لەبەر دەستی ئەوانەدایە، دۆناڵد ترەمپ و ڤلادیمیر پوتین وەک نموونە. سێ پزیشک کە سەروەرییەکانی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، یەکەمیان دەڵێت: لاوێکیان بۆ هێنام، لە جەنگدا هەردوو لاقی لە کیس چووبوو، دوو لاقی پلاستیکم بۆ دانا، ساڵێک دواتر، لە ڕاکردنی سەدمەتریدا یەکەمی دونیا دەرچوو. دووەمیان دەڵێت: ژنێکیان هێنایە لام، لە قاتی چلهەمینی باڵاخانەیەکەوە کەوتبووە خوارەوە، دەموچاوی بە تەواوی شێوابوو، نەشتەرگەریی جوانکاریم بۆ کرد، دوو ڕۆژ پێش ئێستا بیستم، بە شاجوانی دونیا هەڵبژێردراوە. سێیەمیان دەڵێت: پیاوێکیان بەرەو ڕوو کردمەوە، لە ڕووداوی هاتوچۆدا سەری لە جەستەی جوێ بووبووەوە، کەلەرمێکم لێ بەست، ئێستا سەرۆکی وەزیرانە!

ئەوەی باشە ڕقیش هەر خۆشەویستییە، بەڵام بە لنگەوقووچی، ئاخر قین و ئەڤین لێک جوودا نیین، یەکێکن، بۆیە وا باشترە، نە ماددی بین، نە ڕۆحانی، هەردووکیان بین، نە بوودا بین، نە زۆربا، هەردووکیان بین. چۆن دەزانیت هێشتا زیندوویت؟ بەوەدا ئەگەر



Scanned by CamScanner

جوانێک بە لاتدا ڕەتبوو، هەست بە خۆشی بکەیت. دژایەتیکردنی سێکس کارێکی باش نییە، بەڵام ئەگەر ژیان لە کنت، لە سێکس بەولاوە هیچی دیکە نەبوو، ئەوە تۆ لایەنی کەمی ژیان دەژیت. ئەگەر جوانێک بە لاتدا تێپەڕی و تۆیش تەنیا وەک سێکس وروژایت، ئەوە وەک ئینسان مردوویت، تەنیا وەک ئەو ئاژەڵە زیندوویت کە نیشتمانی ناخی داگیر کردوویت.

ئەگەر متمانەت بە خۆت نەبێت، ئیدی ئەوە وەک مەحاڵ وایە، متمانەت بە کەسی دیکە هەبێت. جڤاک تەلاری متمانەی خاپوور کردووین، ئەوە جڤاکە وای لێ کردووین، متمانەمان نە بە خۆمان هەبێت، نە بە کەسوکار. ئینسان کە متمانەی بە خۆی نەما، وەک گوڵی پلاستیکی لێ دێت، گوڵێکی بێ ڕەگ کە نە گەشە دەکات، نە بۆنی خۆش دەبەخشێت. بۆچی لێ ناگەڕێن، متمانەمان بە خۆمان هەبێت؟ چونکە لە واقیعێکدا کۆیلایەتی زاڵ بێت، ئینسانێک متمانەی بە خۆی هەبێت، وەک مەترسی بۆ سەر کۆمەڵ سەرنجی دەدرێت، ئاخر متمانە بەخۆبوون، هێزێکی مەزنە، چونکە ئینسانێک متمانەی بە خۆی هەبێت، کۆیلایەتی ڕەت دەکاتەوە و ئازادانە بڕیار دەدات.

کۆمەڵ کارگەی بەرهەمهێنانی ئامێرەئینسانە، (ئینسان)ێکی وا هێندە شەیدای بە پاشکۆبوونە، هێندە تامەزرۆی ئەوەیە، پشتی لەژێر باری قورسی چەوساندنەوەدا بچەمێتەوە، با ستەمکاری لە چەشنی هیتلەریش لە گۆڕێدا نەبێت، خۆی دەیخوڵقێنێت. پێشەکی ئەوە ئاشکرایە، کۆیلەی ئەم حیزب یان ئەو فیکر، هەڵوێستی بەرانبەر بە فلان کێشە چۆن دەبێت، بەڵام هەڵسوکەوتی ئینسانی ئازاد، ئینسانێک پشتی بە خۆی قایم بێت، ئینسانێک متمانەی تەواوی بە خۆی هەبێت، پێشبینی ناکرێت.

نیشانەی یەکەمی کۆمەڵ ئەوەیە، متمانە بەخۆبوونمان خاپوور بکات، تا کەسێکی ڕاڕا و ترسنۆکمان لێ دەربچێت، ئاخر ئینسان کە ڕاڕا و ترسنۆک بوو، ئیدی جڵەوکردنی ئاسان دەبێت. ئینسانی متمانە بەخۆبوو، وا هەڵسوکەوت دەکات، وەک خۆی دەخوازێت، نەک وەک مێگەل، هاوسەفەری زۆرینە نابێت، لاسایی کەس ناکاتەوە و ئارەزووەکانی ئەوانی دیکە جێبەجێ ناکات. کە متمانەت بە خۆت نەما، وەک کەسێکی خەسیوت لێ دێت، کەسێکی وزە لێ زەوتکراو، کەسێک بەبێ فەرمانی فەریادڕەس، بەبێ ڕێنوێنیی ئیلهامبەخش، بەبێ مۆچیاریی کاریزما، لە جێی خۆی نابزوێت. متمانەمان بە خۆمان نەبێت، هاونیشتمانییەکی باش و باوەڕدارێکی چاک دەبین، بەڵام تاکێکی ڕاستەقینە نابین، یەکێک دەبین لە مێگەل، یەکێکی بێ ڕەگوڕیشە، یەکێکی بۆ کوێرەوەری و بۆ کۆیلایەتی خوڵقاو.

کەسانی داهێنەر لە کۆمەڵی دواکەوتوودا، هەست بە نامۆیی دەکەن، ئاخر جڤاکی سەرەتایی، کەسانی لاساییکەرەوەی بە لاوە پەسەندە، نەک کەسانی ڕچەشکێن. دۆزینەوەی حەقیقەت کارێکی دژوارە، پێویستی بە سەفەرێکی درێژخایەن هەیە، سەفەرێک بۆ ناخی خۆت، پێویستی بە پاکژکردنەوەی دڵ و بە بەتاڵکردنەوەی عەقڵ هەیە، پێویستی بە سەرلەنوێ وەک منداڵ لە دایکبوونەوە هەیە. داهێنەر شوێنپێی کەس هەڵناگرێت، کریستیان نابێت، کریستوس دەبێت، بوودایی نابێت، بوودا دەبێت، جیاوازیی نێوان کریستیان و کریستوس، بوودایی و بوودا، ئەوەیە، یەکەمیان باوەڕدارێکی لاساییکەرەوەی گوێڕایەڵە، بەڵام دووەمیان عاریفێکی داهێنەری ڕچەشکێنی لە دابی گشتی یاخیبووە.

Scanned by CamScanner

باوەڕ ئەوەی خراپە، تا پووچتر بێت، بایەخی زیاتر دەبێت، تا سەیر و سەمەرەتر بێت، هەواداری زیاتر دەبێت، تا دژی لۆگیک بێت، باشتر دەچەسپێت. بۆچی ئەو خەڵکە بڕوا بە تیۆرییە زانستییەکان ناکەن؟ چونکە تیۆرییە زانستییەکان لەگەڵ لۆگیکدا کۆکن. ئەوەی کەسانی هۆشیار بە لایەنی لاوازی باوەڕی دەزانن، ڕاستییەکەی ئەوە لایەنە بەهێزەکەیەتی، ئاخر خەڵک بەگشتی لەگەڵ ئەفسانەدان، نەک لەگەڵ زانست و لۆگیکدا، هەر بۆیەش تا دێت باوەڕ بەهێزتر دەبێت. یەک حەقیقەت هەیە، کەچی سەدان ئایین هەیە، یەک خوا هەیە، کەچی هەزاران ئایینزا هەیە! وەک چۆن تەپوتۆز بەرچاومان لێڵ دەکات، باوەڕیش لێ ناگەڕێت حەقیقەت ببینین.

باوەڕ کۆسپێکە لێ ناگەڕێت بە حەقیقەت بگەین، ئاخر حەقیقەت بەر لە پەیدابوونی باوەڕیش هەر هەبووە، ئاخر گەییشتن بە حەقیقەت، پێویستی بە پردی باوەڕ نییە. ئەگەر لەوە دڵنیا بین، حەقیقەت ئەزەلی و نەمرە، پێویستمان بە باوەڕ نابێت، ئاخر ئەوە گومانە پێویستی بە ئیمان هەیە، نەک حەقیقەت. بەهۆی ئیمانەوە ڕزگار نابین، ئەوە حەقیقەتە ڕزگارمان دەکات. ئیمان پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی گومان، ئەگەر گومانت نەبێت، پێویستت بە ئیمان نابێت، ئاخر ئیمان بەرهەمی حەقیقەت نییە، زادەی گومانە. ئەگەر بەهۆی ڕامانەوە، عەقڵمان لە هەموو فیکر و باوەڕێک بەتاڵ بکەینەوە، ئیدی هیچ تەپوتۆزێک بەرچاومان لێڵ ناکات. ئەوە هەم ستەمکاری و هەم گەوجایەتییشە، داوا لە منداڵ بکەین، باوەڕ بە خوا بهێنێت، لەبەر ئەوە نا، خوا هەیە یان نا، لە سۆنگەی ئەوەوە، منداڵ نە تامەزرۆی گەڕانە لەدووی خوا، نە خاوەنی هۆشیارییەکی وەهایشە، بۆ تێگەییشتن لە خوا کۆمەکی بکات.



Scanned by CamScanner

کە بەهۆی دڕکێکەوە، دڕکێکت لە پەنجەت دەرهێنا، دڕکی دووەم لە جێی دڕکی یەکەم دامەنێ، بەو پاساوەی کۆمەکی کردوویت، ئاخر دڕک هەر دڕکە. عەقڵت پڕە لە شتی پووچ، بە هۆی شتێکی پووچی تازەوە، لە شتە پووچەکانی پێشوو ڕزگارت نابێت. ئەگەر شتێکت پێ جوان بوو، سوودی لێ ببینە و لە کۆڵ خۆتی بکەوە، ئەگەرنا کە لەسەری ڕاهاتیت، بە ئاسانی لەبن هەژموونی دەرباز نابیت. پێویستت بە ئامرازیک نییە، تا پێی بگەیتە دۆزەخ، ئاخر حاڵی حازر لە دۆزەخدایت، پێویستت بە ئامرازێکە لە دۆزەخ پێی بێیتە دەرەوە. هەر کە لە دۆزەخ هاتییە دەرەوە، ئیدی بەهەشت دەست پێ دەکات، ئیدی ئەو ئامرازەت پێویست نابێت کە لە دۆزەخ پێی هاتییە دەرەوە، خۆ نیازت نییە بگەڕێیەوە بۆ دۆزەخ.

کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە، چۆن لە دۆزەخ ڕزگارمان دەبێت؟ هیچ چارمان نییە، ئیللا مەگەر بە هەمان ئەو تونێلەدا بگەڕێینەوە کە پێیدا گەییشتبووینە دۆزەخ، بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوینەی لێیەوە هاتبووین. ئادەم و حەوا کە لە بەری درەختی زانین دەخۆن، دەبن بە خاوەنی عەقل، بەهۆی پەیداکردنی عەقڵەوە لە بەهەشت دەر دەکرێن، بۆیە گەڕانەوەیان بۆ بەهەشت مەحاڵە، ئیللا لەڕێی ڕشاندنەوەی عەقڵەوە نەبێت. تا زووە لەڕێی ڕامانەوە عەقڵت لە هەر چییەک کە دەیزانیت، خاڵیی بکەوە، ئەگەرنا بە هیوای گەڕانەوە بۆ بەهەشت مەبە.

*

(*) أوشو، كتاب الحكمة، ترجمة: متيم الضايع، دار الحوار ٢٠١٣ اللاذقية.

# کتێبێک لە حیکمەت
# (٢)

کـە وەچـە دەخەینـەوە، لەبەر ئـەوە نییە، حەزمان لـە منداڵە، لە سـۆنگەی ئەوەوەیە لە مردن دەترسـین، ئاخر وا هەست دەکەین بە مردنمـان هەموو شـتێک کۆتایـی دێت، بۆیە دەمانەوێـت کە مردین لەڕێـی منداڵەکانمانـەوە درێـژە بە ژیانمان بدەین. ئینسـان هێندە لە مردن ترسـاوە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە، هەر چی چۆنێک بووە، نەمریی بۆ خۆی دابین بکات. مارکس پێی وابوو، بۆیە منداڵ دەخەینەوە، بۆ ئەوەی چی سـامان شـک دەبەین، بە میراتی بۆیان بمێنێتەوە و درێژە بە تەمەنی سەرمایەکەمان بدەین.

ئەگـەر خۆمـان بە بەشـێک لـە گـەردوون بزانین، ئیـدی یارای مردن نابین، ئیدی لە مردن ناترسـین، ئاخر بوون (وجود) نامرێت،



Scanned by CamScanner

تەنیا بەشێکی بچووکی لێ دەبێتەوە و هەر زوو بەشێکی بچووکی دیکە جێی دەگرێتەوە. ئەوانە دەمرن کە خۆیان بە بەشێک لە بوون نازانن. بۆ ئەوەی بە نەمریی بگەین، پێویستە سەرەتا بەهۆی ڕۆشنبوونەوەوە، ببین بە بەشێک لە بوون. ئەوەی تۆ خۆت بە تاکێکی جیا لە بوون دەزانیت، زادەی باوەڕە، هەر کە باوەڕ لە تۆدا مرد، ئیدی خۆت بە بەشێکی بچووک لە بوون دەزانیت و یارای مردن نابیت. کە بەهۆی نیرڤاناوە، بەرچاوت ڕۆشن بووەوە، ئیدی بوونەوەرێک نامێنێت، ناوی (من) بێت، ئیدی دەرک بەوە دەکەیت، ئەوەی بە (مار)ت زانیوە، لە (پەت)ێک بەولاوە هیچی دیکە نەبووە. کە خۆت دەدەیتە دەست بوون، لە وەهم زیاتر هیچی دیکە نادۆڕێنیت، بەڵام خۆت دەبەیتەوە. مارکس گوتوویەتی: (پرۆلیتاریا ئەگەر شۆڕش بکات، هیچ شک نابات لە کیسی بچێت، کۆت و زنجیر و پێوەندەکەی مل و دەست و لاقی نەبێت، بەڵام دونیایەک بە دەست دەهێنێت.)

گەوج دەروونی ئارامە، ئاخر زیرەکیی پێویست شک نابات، بۆ ئەوەی هەست بە نیگەرانی بکات، ئاخر بۆ ئەوەی هەست بە نیگەرانی بکەین، حەوجەمان بە ئاستێکی بڵند لە زیرەکی هەیە. گەوج کەسێکە خەمی یەکەمی خڕکردنەوەی سامان، یان پەیداکردنی ناوبانگە، گەوج کەسێکە بە یەقین گەیشتووە و متمانەی بە خۆی قایمە. بۆچی مارتن هایدگەر لایەنی ئەدۆڵف هیتلەری دەگرت، کە ئەمیان فەیلەسووف و ئەویان پڕ بە مانای وشەکە گەوج بوو؟ چونکە هایدگەر شتێکی نوقسان بوو کە پێی دەڵێن: یەقین، بەڵام هیتلەر بە یەقینێکی تەواوەوە قسەی دەکرد. لە قامووسی گەوجدا (ئەگەر و بەڵام) بوونیان نییە، بۆیە چی بوێت دەیلێت و چی بخوازێت [illegible] ارێک دەدات و تا هەنگاوێک داوێت، دەیکات، بەڵام [illegible]

قیر دەڵێت: چەق. زیرەکی، دڵەڕاوکێ بەرهەم دەهێنێت، هیتلەر بۆیە هەواداری زۆربوو، چونکە بە ئاسانی بڕیاری کاربڕی دەدا.

لاو زی (٦٤٠ – ٥٣١ پ. ز) دەیگوت: لەوە دەچێت من ڕاڕاترین کەسی دونیا بم، لەوە دەچێت هەموو خەڵکی دونیا بە یەقین گەییشتبن، من نەبێت. لاو زی ئەوەی باشە پێمان ناڵێت، ئەوە چاکە و ئەوە خراپە، پێمان ناڵێت، وا بکە و وا مەکە، پێمان نالێت، ئەوە ڕاستە و ئەوە هەڵەیە، نە ئەمرمان بەسەردا دەکات، نە ئامۆژگاری، لەوە دەچێت شیعرمان بۆ بخوێنێتەوە، شیعرێک لە خوڕەی کانیاوی وەجد دەچێت. لاو زی فێرمان دەکات، ڕێز لە بژارەی ئەوی دیکە بگرین، بە هەڵەی لە قەڵەم نەدەین و زنەی خەونی ئەوی دی شلوێ نەکەین. لاو زی دەیگوت: بوون یارای دابەشبوون نییە، بوون دوو بژارەمان ناخاتە بەردەست، تا یەکێکیان پەسەند بکەین، بوون چونکە یەکێکە لەبەردەم دووڕیانی گومان و یەقیندا ڕامانناگرێت.

ڕامان سەرچاوەیە، هاوسۆزی ئاوی بەخوڕی ئەو سەرچاوەیەیە، کەسێک ئاشنای ڕامان نەبێت، نە خاوەنی وزەی هاوسۆزی دەبێت، نە وزەی خۆشەویستی. ئەگەر ڕانەمێنیت، لە سەرچاوەی وزەی خۆت دادەبڕێیت، تەنیا هەوا و خۆراکت پێ دەگات و تەنیا وەک جەستە دەژیت. کەسی وا وەک چۆن لە ساتەوەختێکدا دێتە دونیاوە، هەر وایش لە ساتەوەختێکی دیکەدا دەمرێت، سەفەری ژیانی بریتی دەبێت لە بڕینی ڕێی نێوان ژیان و مردن، تەواو وەک چرایەک کە هەر نەوتی تیدا نەما، دەکوژێتەوە.

ئینسانی ڕاهاتوو لەسەر ڕامان، زانیاری لەبارەی ناکۆتاوە فێر دەبێت، ئاخر ڕامان ئەو ناوکەداوی پێوەندییەیە کە دەمانبەستێتەوە



Scanned by CamScanner

بە سەرچاوەی وزەوە، سەرچاوەیەک کۆتاییی نییە و چرایەکە خامۆش نابێت، چرایەکە نازانین کەی داگیرساوە، تا بزانین کەی دەکوژێتەوە، چرایەکە بۆ ئەوە لە دایک نەبووە، بمرێت. هەر کە پێوەندیمان بەو سەرچاوەیەوە پەیدا کرد، ئیدی یارای کوژانەوە نابین، ئاخر ئەو سەرچاوەیە کە دەتوانیین ناوی بنێین حەقیقەت، یان ڕەها، نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی.

ئەوی لە ئەنجامی ڕامانەوە بگاتە ئەو دۆخەی ڕەها ڕێنوێنیی بکات، ئیدی بە ناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە و ناکۆتا دەبینێت، ئەوەی مەسیح پێی دەگوت: مەملەکەتی خوا، مەملکەتێک کە لە ناخی خۆماندایە و مەسیح هانی دەداین بۆ ئەوێ بچین. ڕامان ڕێیەکە بەرەو ناخی خۆمان دەمانبات، هەر کە گەییشتینە ئەوێ، هەست بە هاوسۆزی دەکەین. ئەگەر هاوسۆزی لە ئێمەدا ڕووی نەدا، کەواتە هێشتا لە سەرەتای، یان نیوەی ڕێی ئەو سەفەرەداین کە بەرەو ناخی خۆمان دەستمان پێ کردبوو، هێشتا ماومانە بۆ هەوار. ئەگەر لەسەر ڕێی دروستی ڕامان بین، کانیاوی هاوسۆزی هەڵدەقوڵێت و وەک چرا چۆن کە دادەگیرسێت، تاریکی دەڕەوێنێتەوە، چرای هاوسۆزییش ئاوا، ناخمان ڕۆشن دەکاتەوە.

هاوسۆزی بەڵگەیە بۆ ئەوەی درەختی ڕامان، زڕ نییە، بەری گرتووە. خۆشەویستی بۆنی خۆشی گوڵی گەشاوەی کرۆکی بوونی ئینسانە و بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئیدی تۆ کەسەکەی جاران نیت، کە لە تاریکیدا دەژیایت، ئیدی ناخت ڕۆشن بووەتەوە. بیرکردنەوە کۆششە بۆ گەییشتن بە زانین، حەکیم بەبێ ئەوە بیر بکاتەوە، دەرک بە شتەکان دەکات و بەرلەوەی بدوێت، بە تیری تیشک، تاریکیی ڕەواندووەتەوە. حیکمەت: زانینە، کە شتێک بزانین، ئیدی



Scanned by CamScanner

پێویستمان بە گریمانە نابێت، کە تۆ دەزانیت بەیانیان چولەکە دەجریوێنێت، خۆر هەڵدێت و ئاونگ گیا دەڕازێنێتەوە، ئیدی چ حەوجەت بە گریمانەیە؟

ئەو (هۆشیاری)یەی بە هی خۆتی دەزانیت، هی تۆ نییە، تایبەت نییە بە تۆ، بە کۆششی خۆت پەیدات نەکردووە، بەر لەدایکبوونی تۆیش هەبووە، هۆشیارییەکی بوودایی، مەسیحی، یان ئیسلامییە. تۆ کە هیچ داهێنانێکت نییە و هیچی خۆت پێ نییە تا بیبەخشیت، باریت بەسەر ژیانەوە، وەک چۆن واعیز بارە بەسەر شانی باوەڕدارانەوە. تا شانازی بە عەقڵی خۆتەوە بکەیت، تا خاوەنی باوەڕێکی پتەوی بەردینی داخراو بیت، ناتوانیت شیعر بنووسیت، ئاخر شیعر بەرهەمی عەقڵ و فیکر نییە، زادەی خەون و خەیاڵە.

لە ماتماتیکدا دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، بەڵام لە شیعردا ناکەتە چوار، ئاخر شیعر بە لۆگیک لێک نادرێتەوە. لە شیعردا شتێکی وا نییە، بڵێین چونکە ئەمە وابوو، بۆیە ئەوەیش وا دەبێت، ئاخر لە شیعردا پێوەندییەکی لۆگیکی لە نێوان هۆکار و ئەنجامدا نییە، ئەگەر لۆگیکێک لە شیعردا هەبێت، ئەوەیە کە لۆگیک ڕەچاو ناکات. توندڕۆ کەسێکە فشەی بە ئەزموونی ئەوانی دی دێت و هەمیشە خۆی پێ ڕاستە، کەسێکە قەت ددان بە هەڵەیەکی خۆیدا نانێت، بەرپرسیارییەکە دەخاتە سەر شانی ئەوانی تر و پاساو بۆ نسکۆکانی خۆی دەبینێتەوە. خۆت لە بەرپرسیاری مەدزەوە! تۆ خۆت بیر دەکەیەوە، هەست دەکەیت، ڕادەمێنیت و هەڵویست دەنوێنیت، ئەوانی دی چی بکەن! کەلـلەڕەق پێی وایە، تەنیا ڕێی خۆی ڕاستە، با چەندان ڕێگەیش بەرەو لووتکەی ئێڤریست بچن.



Scanned by CamScanner

هەیە کە پێی دەگەیت، وا هەست دەکەیت مۆتەکەیە و چۆکی لەسەر سینگت داداوە، خوا خواتە زوو لە دەستی ڕزگارت بێت. هەیشە تامەزرۆیت بۆ دیداری و کە دەیبینیت، ناخت پڕ دەبێت لە بۆنی خۆش، کە بەجێشت دەهێڵێت، لە دوای خۆیەوە دڵت بە گۆرانییەکی خۆش دەگەشێنێتەوە. ئەگەر خەڵک خۆیانت لێ دەدزنەوە، سەرکۆنەیان مەکە، چونکە هەڵەی خۆتە و دیارە یادگاریی ناخۆشیان لەگەڵتدا هەیە. (ناتوانیت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دلۆڤان بیت، ئەگەر لەگەڵ خۆتدا دڵڕەق بیت، ناتوانیت لە ئازاری ئەوانی دیکە کەم بکەیەوە، ئەگەر ئازار بە خۆت بگەیەنیت، ناتوانیت بۆ ئەوانی دیکە فەڕ بیت، ئەگەر بۆ خۆت شەڕ بیت، چونکە پێت ناکرێت، شتێک ببەخشیت کە نەتبێت.) ئەمە یەکێکە لەو نهێنییانەی، بەڵگەیە بۆ ئەوەی، تۆ ئینسانێکی پێگەییشتوویت یان نا.

ئاتیشا (٩٨٢ – ١٠٥٤) گوتوویەتی: (بەرلەوەی ببیت بە هاوبەشی خەمی ئەوانی دیکە، شەریکی خەمی خۆت بە! ئاخر تۆ کە دەرک بە کوێرەوەرییەکانی خۆت نەکەیت، بە هی ئەوانی دیکەیشی ناکەیت. بەرلەوەی لە زەریادا مەلە بکەیت، لە گۆمێکدا خۆت فێری مەلە بکە! ئەگەر بەوە دەست پێ بکەیت خۆت بە خاوەنی خەمی هەموو دونیا بزانیت، ئەو بانگەشەیە لە درۆوە نزیکترە، وەک لە ڕاستییەوە. دەتوانیت بڵێیت من هەڵگری خەمی هەموو دونیام، بەڵام تۆ کە بە خەمی خۆت ئاشنا نەبیت، هیچیش لەبارەی خەمی خەڵکەوە نازانیت. تۆ کە برینەکانی خۆت نەبینیت، یان خۆت لە چارەسەرکردنیان بدزیتەوە، ئیتر چۆن دەتوانیت بە هانای خەڵکی دونیاوە بچیت؟)

ئەگەر خەم یەخەی گرتوویت، بە قووڵی هەستی پێ بکە و بۆ ڕامان کەڵکی لێ وەربگرە. ئەگەر کەسێک ناخی بریندار کردوویت،



Scanned by CamScanner

هەست بە ئازاری برینەکە بکە، بەڵام ڕق لە کەسەکە هەڵمەگرە، بیر لـە تۆڵـە مەکەوە، ئاخر ئەگەر بیـرت لای تۆڵە بێت، ڕامانت لە کیس دەچێـت. کە تووشـی کێشـەیەکی دەروون دەبیت، هانـا بۆ دەرمان مەبـە، ئاخـر ئەوە هەڵاتنە لە کێشـەکە، وەک چـۆن ئالوودەبوون بە سـیگارەوە، هەڵاتنـە لـەم یان لەو کێشـە، ئەوە نییە کـە هەڵدەچیت، یەکسـەر سـیگارێک پـێ دەکەیـت. (سیگارکێشـان چارەسـەر نییە، گەڕانەوەیە بۆ دواوە، نوسـتالجیایە بۆ سـینگ و بەرۆکی دایک، بۆ ئەو سـەروەختەی بە شـیری مەمکی دایکت ئارام دەبوویەوە، ئاخر سیگار ڕەمزە بۆ گۆی مەمکی دایک.)

سیگاریش وەک ماددەیەکی هۆشبەر وایە، لێ ناگەڕێت، بە باشی هەسـت بـە ئازارەکەت بکەیت. ئەگـەر بەدوای چارەسـەردا وێڵیت، خـۆت لـە ئازارەکـە مـەدزەوە! لـێ مەگەڕێ هیچ شـتێک سـەرقاڵت بکات، نە ڕادیۆ، نە تی ڤی، نە کتێب. ئاتیشا پێت دەڵێت: (خۆت بە و بەس! ئازارەکە با زۆر قووڵ و دژواریش بێت، بە تەواوی هەسـتی پـێ بکـە و هەڵیمـژە، ڕەنگە ژان بگاتە پەڕەی دڵـت، گینگڵ بدەیت و بگریـت، بـەڵام دوای ئـەو ژان و گینگڵە، نەک هەر لە بن هەژموونی ئازارەکە قوتار دەبیت، بەڵکوو خۆشـییەکی قووڵیش جێی ئازارەکە دەگرێتەوە.)

وەک چـۆن دەشـێت، لـە سـاتەوەختێکدا لەناکاو ڕق بگۆڕێت بـە ئەویـن، هـەر وایـش دەشـێت، ئـازار بگۆڕێت بە خۆشـی. کەس ئەوەنـدەی پۆڵـس ڕقی لە مەسـیحییەکان نەبوو، لەپڕ ئەو ڕقە گۆڕا بە خۆشەویستییەکی هێندە قووڵ، کەس نەبوو هێندەی وی عیسای خـۆش بوێـت. ئەو نهێنییـە بزانە، هـەر چییەک گەییشـتە ئەوپەڕی، دەبێـت بە هـاودژی خۆی، ئەوپـەڕی ڕق دەبێت بە خۆشەویسـتی،



Scanned by CamScanner

ئەوپەڕی ئازاریش دەبێت بە خۆشی، بەڵام بە مەرجێک خۆت لە ئازارەکە نەدزییەوە، بە تەواوی هەستی پێ بکەیت. ئاتیشا پێمان دەڵێت: (هاوسۆزی ئەوەیە، بتوانین ناشیرینی بگۆڕین بە جوانی، ڕق بە خۆشەویستی و کوێرەوەری بە بەختەوەری.)*

(*) أوشو، كتاب الحكمة، ترجمة: متيم الضايع، دار الحوار ٢٠١٣ اللاذقية.



Scanned by CamScanner

# کتێبێک لە حیکمەت

# (٣)

شــەڕ دژی تۆ نییە، بەڵام تۆ نازانیت بەگەڕی بخەیت و بیکەیت بـە فـەڕ. ژار دوژمنـی تۆ نییـە، بەڵام تۆ نازانیت چـۆن دەرمانی لێ دەربهێنیـت. ژار بـە دەسـتی حەکیمـەوە، دەبێـت بە دەرمـان، بەڵام دەرمان بە دەستی گەمژەوە دەبێت بە ژار. هەموو شتێک کەوتووەتە سەر لێهاتوویی خۆت، سەرنجی وشەی Evil ت داوە کە بە مانای شــەڕ دێـت؟ ئەگەر بە پێچەوانەوە بیخوێنتــەوە، دەبێت بە Live کە بە مانای ژیان دێت. شــەڕ دەبێت بە ژیان و ژیان دەبێت بە شــەڕ، ئاخر هەموو شتێک پێوەندیی بە تێڕوانینی خۆتەوە هەیە.

ئــەوە لــە خۆڕا نییــە کە بوودا دەیگوت: بە گژ شــەڕدا مەچۆوە،



Scanned by CamScanner

عیسـایش هەمان شـتی دەگوت، تۆلستۆی و (گاندی)یش هەر وایان دەفەرموو. بۆچی جوولەکە مەسـیحیان قەبوول نەبوو؟ چونکە ئەو دەیگوت: بە گژ شەڕدا مەچۆوە، جوولەکەیش بڕوایان بەوەبوو، بۆ بەگژدا چوونەوەی شەڕ، خوا هەردوو شاری سەدووم و عامووڕای خاپـوور کـردووە، هەرچەندە خەڵکـی بێ گوناهـ و چاکیشـیان تێدا بـووە، ئیـدی چـۆن بە گژ شـەڕدا نەچنـەوە؟ جوولەکـە بڕوایان بە سـزادانی خراپەکار هەبوو، لەگەڵ ڕێسـای چاو لەبری چاو و ددان لەبری ددانەدا بوون.

جوولەکـە لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون، ئـەوی زلـلەیەکی لـێ دایـت، زلـلەکەیەکی لـێ بدەیتـەوە، بـەڵام عیسـا دەیگوت: ئەگەر کەسـێک زللەیەکی لە لای ڕاستت دا، لای چەپی تێ بکە! بوودایییەکانیش هەر وایـان دەکـرد و دەیانگـوت: ئەگەر بەگژ شـەڕدا بچینـەوە، ناتوانین بیکەین بە خێر. عیسا دەیگوت: وەک چۆن خۆت خۆش دەوێت، هەر وایـش دوژمنـی خۆت خۆش بوێت! جوولەکـە دەیانگوت: کە خوای گـەورە تۆڵـە لـە دوژمنی خـۆی بکاتـەوە، ئێمەی عەبـدی بچووک، چـۆن بتوانیـن دوژمنـی خۆمـان خۆش بوێـت؟ بـوودا دەیگوت: کە شەڕ بەرەو ڕووت هات، تووڕە مەبە، بەگژیدا مەچۆوە، بیخۆرەوە، ئەگەرنا چۆن دەتوانیت شەڕ بگۆڕیت بە فەڕ.

هونەری گۆڕینی کوێرەوەری بە بەختەوەری، بریتییە لە ناسینی هاودژەکان، ئەگەر ڕووناکی بناسین، ڕقمان لە تاریکی نابێت، ئاخر ڕووناکـی بەبـێ هەبوونـی تاریکی، هیچ بایەخێکی نییـە. ژیان بەبێ هەبوونـی مـردن، هیچ مانایەکی نابێت، ژیـان و مردنیش وەک ڕۆژ و شـەو تەواوکـەری یەکتـرن. ئەگـەر گوناهێـک لە گۆڕێدا نەبێت، حەوجەمان بە کاهین نابێت، بوودا دەڵێت: ڕقت لە گوناهبار نەبێت،



Scanned by CamScanner

ئاخر لەگەڵ کاهیندا دوو ڕووی هەمان دراون. شەڕیش وەک فەڕ بەشێکە لە ژیان، ئەگەر یەکەمیان قەبووڵ نەکەین، ناتوانین بیگۆڕین بە دووەمیان.

بەسەر کوێرەوەرییەوە چاودێر بە! ئیدی ناتوانێت بتگەزێت، وەک ئاوێنە وابە! کە شتەکان تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە و هیچی تر. خۆشی دێت و دەڕوات، خەم دێت و دەڕوات، ئاوێنە پیشانیان دەدات، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی لەسەر بەجێ ناهێڵن. ئەگەر بەسەر خەمەوە چاودێر بیت، ماوەیەک لە نێوان خۆت و خەمدا بهێڵیتەوە، دەتوانیت بیگۆڕیت بە خۆشی، وەک ئەوەی میتاڵێکی هەرزان بگۆڕیت بە مەعدەنێکی گرانبەها. ئەگەر بەسەر ناخۆشییەکانەوە، چاودێرێکی سەربەخۆ و بێلایەن بیت، هەست دەکەیت، ئەو شتانەی وەک هاودژی یەکدی دەردەکەون، لەگەڵ یەکدا ناکۆک نیین و دەتوانیت ئەمیان بگۆڕیت بەویان، شەڕ بگۆڕیت بە فەڕ نەک شەڕ تێکبشکێنیت، ژار بگۆڕیت بە شیلە، نەک ژار لەنێو ببەیت.

ئەوی خاوەنی عەقڵێکی ڕۆشن نەبێت، قەت بەرپرسیاری ناخەتەئەستۆی خۆی، تووشی هەر کێشەیەک ببێت، ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی کەسێکی دیکە. کەسی وا توانای ئەوەیشی نابێت هیچ گۆڕانکارییەک بکات، ئاخر تەنیا ئەوەی لە دەست دێت، پاساو بۆ نسکۆکانی بدۆزێتەوە، قەت ناڵێت خۆم بەرپرسیاری خۆمم، ناڵێت: باش بم یان خراپ، شاد بم یان خەمناک، خۆم بەرهەمی شێوازی ژیانی خۆمم. ئەو کەسە تۆیت، کە پێویستە ددان بەوەدا بنێیت، خۆت بەرپرسی ژیانی خۆتیت، خۆت بەرپرسی کوێرەوەرییەکانی خۆتیت، چیت چاندبێت، ئەوەت چنیوەتەوە.



Scanned by CamScanner

هەتا ددانی پێدا نەنێیت، خۆت لە هەموو شتێک بەرپرسیت، توانای ئەوەیشت نابێت هیچ بگۆڕێت. کەس ڕێی لێ نەگرتوویت، خۆت لە کوێرەوەرییەکان قوتار بکەیت و بیانگۆڕیت بە بەختەوەری، گەر بخوازیت لە زیندانیشدا ڕۆحت ئازاد دەبێت و لەبری ئەوەی بگریت، ستران دەچڕیت، با کۆت و پێوەندیش کرابیت، دەتوانیت سەما بکەیت. هەموو بەرپرسیارییەکە بخە ئەستۆی خۆت، کەس بەدوای تۆوە نییە، کەس بۆسەی بۆ نەناویتەوە، کەس لەسەر پێ نییە، بۆ ئەوەی هەر هەلی بۆ ڕەخسا، وەک دووپشک پێتەوە بدات. ئەگەر پێت وایە، هەلومەرجەکە لە قازانجی تۆ نییە، ئەو هەلومەرجەیش ناحەز بۆ تۆی نەخوڵقاندووە، خۆت بۆ خۆتت خوڵقاندووە.

بوودا خەریکی دەرسگوتنەوە دەبێت، پیاوێک بەبەر چاوی قوتابییەکانییەوە، تفێک دەکاتە ڕووی. بوودا دەموچاوی خاوێن دەکاتەوە و دەڵێت: (زۆر سوپاس ئەو هەلەت بۆ ڕەخساندم کە بزانم دەتوانم ددان بە خۆمدا بگرم و هیچ تووڕە نەبم. هەر وەختێک هەستت کرد، پێویستت بەوە هەیە تفێک بکەیە ناوچاوانی کەسێک، وەرەوە بۆ لای ئێمە.) پیاوە تووشی شۆک دەبێت، بڕوا بە گوێی خۆی ناکات، ئاخر چاوەڕێی کاردانەوەیەکی توندوتیژ دەبێت. پیاوە ئەوە شەوە هەر گینگڵ دەدات و خەو ناچێتە چاوی، پاشگەز دەبێتەوە و بۆ بەیانی دەچێت بەسەر قاچی بوودا دەکەوێت و داوای لێبوردنی دەکات. بوودا پێی دەڵێت: (تۆ بەشداریت لە خوڵقاندنی بارودۆخێکی وادا کرد، بوودای تێدا بخوڵقێت، بۆیە من لێت تووڕە نەبووم و لە دڵیشەوە سوپاسم کردیت.) ئەوەیە تەکنیکی گۆڕینی شەڕ بە فەڕ.

ئەوی بەدوای حەقیقەتدا وێڵ بێت، دەرک بەوە دەکات، ئەوی



Scanned by CamScanner

ئەمڕۆ لووتبەرزانە هەڵسوکەوت دەکات، سبەینێ لاشەی دەبێتە خۆراکی ئاگر و هیچ شوێنەوارێکی نامێنێت، بۆیە دەبێت بە یەک پارچە لە هاوسۆزی، بڕوای بە دووانەی باش و خراپ، یان من و ئەو نامێنێت و خۆرسکانە لەگەڵ بووندا یەک دەگرێت. (سەرەتا هەموو شتێک وەربگرە، دوایی لێکدانەوەیان بۆ بکە، کامیان هەوێنی ئارامییە لای خۆت بیهێڵەوە و ئەوانی دیکە دوور تووڕ بدە!) هەموو فەلسەفەی ژیان لەو چوار هەنگاوەدا چڕ دەبێتەوە. هەموو دۆخێکی تازە بە هەل بزانە بۆ ڕامان، ڕامان ئەوەیە بزانیت چی ڕووی داوە و کاردانەوەی تۆیش چی دەبێت. باوکم سامانی لە دوای خۆی بۆ جێ نەهێشتم، بەڵام لەسەرەمەرگدا ڕستەیەکی پێ گوتم کە کلیلی دەرگای گەنجینەیەکی گەورە و گرانبەها بوو، پێی گوتم: (ئەگەر کەسێک سووکایەتی پێ کردیت، دوای بیستوچوار سەعات وەڵامی بدەوە!) ئاخر ئەگەر لەسەر هەق بوبێت، باشی کردووە، ئەگەرنا هیچ پێویست ناکات، بچیتەوە بۆ لای پێی بڵێیت، تۆ بە هەڵەدا چوویت.

وەکوو مێخەک چۆن ناتوانێ
بەرامەی بشارێتەوە،
یان وەکوو مانگ چۆن ناتوانێ
تریفەی بشارێتەوە،
منیش ناتوانم ئەوینت بشارمەوە،
جوان دیارە بە ڕووخسارمەوە.

گرنگ ئەوە نییە، چی دەکەیت، گرنگ ئەوەیە چۆنی دەکەیت، دوای ڕامان و بە هۆشیارییەوە دەیکەیت، یان وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بڕۆیت؟ هەر چی دەکەیت، بە چڕی بیکە! بەوپەڕی باشییەوە



Scanned by CamScanner

بیکە! بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بیکە! ئەگەر سەما دەکەیت، بە هەموو بوونتەوە بڕەقسێ! لەناو سەماکەدا بزر ببە! ئەگەر خۆشەویستی دەکەیت، وەک عاشقێک لەنێو عیشقەکەتدا وەها بتوێوە، خۆت دیار نەمێنێت. ئەگەر شیعر دەنووسیت، هەموو ژیانت بە شیعرنووسین ببەخشە! وەها لەگەڵ شیعرنووسیندا یەک بگرە، شیعرەکەت، عاشقەکە و سەماکەرەکە و سترانبێژەکە بێت. یان هیچ مەکە، یان خۆت ببە بەوەی دەیکەیت! ئەوەندە بە پەرۆشییەوە کارەکە بکە، خۆت وەک جەستە بزر ببیت و ڕۆحت بۆ ئاسمان هەڵبکشێت.هەر ئیشێک دەکەیت، هێندە عاشقانە بیکە، لەناویدا خۆت لە بیر بچێتەوە، ئەگەر هەر لە کۆڵی خۆ کردنەوە بێت، نەیکەیت باشترە.

چی تۆوی ڕەش لە ناختدا هەن، بیانگۆڕە بە تۆوی سپی، تۆی ڕق، تۆوی گەڕان لەدووی سامان و تۆوی تۆڵە، بگۆڕە بە تۆوی هاوسۆزی، تۆوی خۆشەویستی و تۆوی هاوکاری.

خۆت مەدە بە دەست تێرکردنی ئارەزووەکانی لووتبڵندییەوە و هەموو ئەو شتانە فەرامۆش بکە کە (من)ت قەڵەو دەکەن.

چاوچنۆک مەبە، ئەگەر شتێکی شیرینت هەیە، بەشی ئەوانی دیکەی لێ بدە، ئەگەرنا دەگۆڕێت بە ژار و ژیانت لێ تاڵ دەکات.

سامان تا کەڵەکەی بکەیت، زیاتر دەبێت، بەڵام خۆشەویستی تا لێی ببەخشیت، زیاتر دەبێت.

(خۆم) شتێکە (ساختە)، تا خۆت لە بن هەژموونی دەرباز نەکەیت، تامی (حەقیقەت) ناچێژیت.



Scanned by CamScanner

کەسایەتی و تاکایەتی دوو چەمکی تەواو جیاوازن، کەسایەتی کە ساختەیە، جڤاک پێت دەبەخشێت، بەڵام تاکایەتی بوونی ڕاستەقینەی تۆیە. تا کەسایەتییەکی گەورەترت هەبێت، بواری پێگەییشتنی تاکایەتی لە تۆدا، بەرتەسکتر دەبێتەوە. کەسایەتی بریتییە لە منێکی گەورە، بەڵام لە تاکایەتیدا منێک نییە. کەسایەتی خۆپەرستییە، بەڵام تاکایەتی هاوسۆزییە. ئەوە تاکایەتییە، وات لێ دەکات، سەروەری خۆت بیت، ڕەگوڕیشەت قووڵ ڕۆ بچێت و متمانەت بە خۆت بەهێز بێت. بە هۆی تاکایەتییەوە دەبیت بە خاوەنی کرۆکێکی پتەو، بە خاوەنی دونیابینی و دەرک بە جوانییەکان دەکەیت.

(بۆچی قسە دەکەیت؟ چونکە قسەکردن سرووشتی منە، وەک چۆن بۆنی خۆش، سرووشتی گوڵە و وەک چۆن ڕووناکی سرووشتی خۆرە.) ئەوە ڕاست نییە ئەگەر بڵێین: گوڵ قسە ناکات، با قسە دەکات، بەڵام بە شێوازی خۆی. بێ شەرم و ترس، خودی خۆت خاڵیی بکەوە، تا زیاتر بەتاڵ ببیتەوە، دەوڵەمەندتر دەبیت، دەکرێیتەوە و بەختەوەر دەبیت، بەڵام ئەگەر ناخی خۆت بشاریتەوە، وەک ئەوە وایە بەکاوەخۆ خۆت بکوژیت.

ڕق، پێچەوانەی خۆشەویستی نییە، خۆشەویستیی ساختە، پێچەوانەی خۆشەویستییە. دڵڕەقی پێچەوانەی دلۆڤانی نییە، نمایشکردنی دلۆڤانیی ساختە، پێچەوانەی دلۆڤانییە. فرمێسک پێچەوانەی زەردەخەنە نییە، زەردەخەنەی ساختە پێچەوانەی زەردەخەنەیە. ساختە، دژی حەقیقەتە، ئەگەر زەردەخەنەکەت ڕاستەقینە بێت، ئەوا دژی فرمێسکەکانت نییە، دۆستیانە، فرمیسکی ساختە و زەردەخەنەی ساختەیش دۆستی یەکترن. ئەوە منێکە



Scanned by CamScanner

خۆی، بە زل دەزانێت، لێ ناگەڕێت، ناخی خۆمان بخەینە ڕوو، تا ئەو منە زاڵ بێت، نە زەردەخەنەمان ڕاستەقینەیە، نە فرمێسکمان.

بۆچی کاهین هەمیشە خۆی وا پیشان دەدات، وەک سەرقاڵی ئیشی گرنگ بێت و هیچ وەختی نەبێت بۆ شۆخی؟ چونکە ترسی ئەوەی هەیە، لەناکاو دەستەکەی ئاشکرا ببێت، ئاخر داکۆکی لە شتێک دەکات کە خۆی دەزانێت نییەتی. هەر لەبەر ئەوەیشە، دوور لە چاوی خەڵک و لە زیندانی پەرستگەدا ژیان بەڕێ دەکات. ئینسان بۆچی لە کۆمەڵ هەڵدێت؟ چونکە لە ناخیدا شتێکی ساختە هەیە و ناخوازێت کەس پێی بزانێت. کاهین لە ترسی ئاشکرابوونی ئەو شتە ساختەیە کە دووڕوویییە، خۆی لە دێرێکدا حەشار دەدات.

پەرستگە شوێنێکە بۆ ئەوەی کە لە خەڵک هەڵدێین، لەوێ بحەوینەوە. کاهین هەمیشە ماوەیەک لە نێوان خۆی و ئەوانی دیکەدا بەجێ دەهێڵێت، پێوەندیی نزیک و گەرموگوڕی لەگەڵ کەسدا نییە، ناخی خۆی بۆ کەس واڵا ناکات. ئینسان ئەگەر نهێنییەکی هەبێت و نەیەوێت کەس بیزانێت، تێکەڵی ئەوانی تر نابێت و تەنانەت لەگەڵ هاوژینەکەیشیدا مامەڵەی فەرمی دەبێت، ئەوەی کە هاوسەرگیری (دامەزراوە)یەکی کۆمەڵایەتییە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. چ کوێرەوەرییەکە ژن و مێرد هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدا فەرمییانە بێت!

هیچ مەشارەوە! ناخی خۆت بۆ ئەو خەڵکە هەڵبڕێژە، ئەگەرنا ئەوە تۆ بە ڕووخسارێکی ساختەوە دەژیت و ترسی ئەوەت هەیە، ڕووە ڕاستەقینەکەت دەربکەوێت. تا خودی خۆت لە نهێنیدا بهێڵیتەوە، تامی ئازادی و بەختیاری ناکەیت. خۆت بە وەک هەیت،



Scanned by CamScanner

نە لووتبڵند بە، نە سادە، ئاخر سادەیییش هەر لووتبڵندییە، بەڵام بە لنگەوقووچی. ئەوەی بە ماری دەزانیت، پەتە، لە ترسی دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەت لێت بووە بە مار. یەک جار دەژیت، ژیانێکی ڕاستەقینە بژی، نەک ساختە.
*

(*) أوشو، كتاب الحكمة، ترجمة: متيم الضايع، دار الحوار ٢٠١٣ اللاذقية.



Scanned by CamScanner

# کتێبێک لە حیکمەت
## (٤)

خۆشەویستی هێزێکە بە هۆیەوە سەرلەنوێ لە دایک دەبینەوە، بەڵام خۆشەویستی کاتێک ئەو ڕۆڵە گرینگە دەبینێت کە دیوار لە نێوانماندا نەمابێت. خۆشەویستی ئەو کاتە گۆڕانکاری دێنێتە کایەوە کە بە ڕاستی عاشق بین، بەڵام ئەگەر ڕۆڵی عاشق ببینین، خۆشەویستی لە درەختێکی زڕ بەولاوە هیچی دیکە نابێت. چۆن بزانین عاشقی یەکترین؟ بەوەدا هیچ نهێنییەک لە نێوانماندا نەمابێتەوە و بێ دوودڵی چی لە ناخماندا هەبووبێت، بۆ یەکدیمان هەڵڕشتبێت. **هیچ** لەوە جوانتر و چێژبەخشتر نییە، ئەوەندە یەکمان خۆش بوێت، خۆویستانە وابەستەی یەکدی بین و خۆڕسکانە قوربانی بۆ یەکتری بدەین. ئەگەر ئەزموونێکی خۆشەویستیی قووڵ شک نابەیت، ئەزموونێک ئامادەبیت



Scanned by CamScanner

تـا کۆتایـی لەگەڵیدا بڕۆیت و لە پێناویدا قوربانی بدەیت، ئەوا گومانت لە ئینسـانبوونی خۆت هەبێت. تەنیا بەهۆی خۆشەویستییەوە، چێژ لە ژیان وەردەگرین، ئاخر بەبێ خۆشەویستی ژیان بیابانێکە چۆڵوهۆڵ. ئەوە تەنیا خۆشەویسـتییە، وەک گەنج دەمانهێڵێتەوە و هانمان دەدات بۆ گەییشتن بە حەقیقەت، سڵ لە هیچ سەرکێشییەک نەکەینەوە.

ئەگـەر لـە شـتێک تێبگەیت، دەیشـتوانیت لێـی قوتار ببێـت، بەڵام ئەگـەر لێـی حاڵیـی نەبیـت، ئەسـتەمە لەبـن هەژموونـی دەربچیـت. زۆرینـەی ئەوانـەی وابەسـتەی ئەم ئەفسـانە یان ئـەو نەریتن، هیچی وای لـێ نازانـن، ئەگەرنـا خۆیـان ڕادەپسـکاند. بـۆ دەربازبـوون لـە دەسـت ئەو شـتەی داگیری کردوویت، پێویستت بە نەشتەرگەرییەکی دژوارە، بەڵام بەبێ بەنگ، ئاخر ئەگەر هەموو هۆشـت چڕ نەکەیەوە، دەربازبوونـت مەحاڵە. مەسـەلەکە وەک ئیشـی دەروونناس وایە، کە بۆ ڕزگارکردنت لە کێشـەیەک، چی لە ناهۆشیاریتدا هەیە، دەیانهێنێتە نێـو زۆنی هۆشـیاریتەوە، ئیـدی دەتوانیت خۆتیان لـێ ڕزگار بکەیت، ئاخر کەس ناخوازێت، شـتی دزێو لە هۆشـیدا هەبێت. هۆشـیاری پێی باش نییە دیل بێت، بەڵام پێویسـتی بەوەیە هەلی بۆ بڕەخسـێت. زۆر جـار هۆشـیاری بـە هـۆی خەونەوە پەیامـان بۆ دەنێرێـت، بەڵام کە بێـدار دەبینـەوە، خەونەکەمـان لەبیر دەچێتەوە. نەسـت هـەوڵ دەدات پێوەندیی بە هەسـتەوە پتەوبێت، بەڵام چونکە باری قورسە، بە تۆزی پێی هەستدا ناگات.

فرۆید بە نەخۆشـی دەگوت: (قسـە بکە، چیت لەبیرە، بیانڵێ! وەک خۆیـان بیانڵـێ، بەبێ جوانـکاری و ڕەچاوکردنی لۆجیک، خۆڕسـکانە بیانڵـێ. ماددەی خاو چۆنـە، ئاوا بیاندرکێنە!) دەروونناس بەو ڕێگەیە، ئەو شتانە ئازاد دەکات کە لە ناهۆشیاریماندا گیریان خواردووە، ئیدی



Scanned by CamScanner

هێدی هێدی گۆڕانمان بەسەردا دێت. دەروونناس گوێگرێکی بێدەنگە، هیچ کۆمێنتێکی نییە، بەوەیش ڕێمان بۆ خۆش دەکات، سڵ لە گوتن نەکەینەوە. ناهۆشیاری زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، جیاواز لە زمانی ئاسایی، ئەم تەکنیکی دەربڕینە، هەر ئەو تەکنیکەیە کە لە گێڕانەوەی چیرۆکدا، مەنەلۆجی ناوەکیی پێ دەڵێن و پروست، جۆیس، فۆکنەر و ڤیرجینیا وۆلف پێی بە ناوبانگن.

عیسا گوتوویەتی: ئەگەر سەرلەنوێ لە دایک نەبیتەوە، پێ ناخەیتە مەملەکەتی خواوە. سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە، بریتییە لە دوور توورڕدانی عەقڵی کۆن. عەقڵیش وەک هەر پێویستییەکی تر وایە، ئەو وەختە بەکاری بهێنە کە حەوجەت پێیەتی، پێویست ناکات لەگەڵ خۆتدا هەموو جێیەکی بگێڕیت، بە پاساوی ئەوەی، ڕەنگە لە داهاتوودا پێویستت پێی ببێت. وەک چۆن کە بە بەلەمێک لە ڕووبارێک دەپەڕییەوە، لە کەناری ڕووبارەکە بەجێی دەهێڵیت و لەگەڵ خۆتی نابەیت، تەنیا لە کاتی پێویستیشدا هانا بۆ عەقڵ ببە! عەقڵ کاتەکییە، ئینسان ئەبەدییە، دەستبەردان لە عەقڵ بریتییە لە ڕامان، ناعەقڵ، ناوێکی دیکەیە بۆ ڕامان.

منداڵ کە لە دایک دەبێت، بەهرەیەکی هەیە، ئەوە گەورەکانن ئەو بەهرەیەی تێدا دەکوژن، ئاخر بەو شتانەی فێری دەکەن، بەهرەکەی ژاراوی دەبێت و دەمرێت. سەرلەنوێ لە دایکبوونەوە، گەڕانەوەیە بۆ منداڵی، ئەو وەختەی یادگەمان لاپەڕەیەکی سپیوسۆڵ بوو، ڕەش نەکرابووەوە بە شتی پووچ. عەقڵ تەنیا ئەو کاتە پێویستە کە بتوانیت جوان بەکاری بهێنیت، عەقڵ ئەوپەڕەکەی شارەزای ئەو ماوەیەیە کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە، هیچ لەبارەی ئەزەل و ئەبەدەوە نازانێت. عەقڵ هیچ ئەزموونێکی لەبارەی دوای مردنەوە نییە، پێی وایە



Scanned by CamScanner

ئینسان به مردن کۆتایی دێت، نازانێت ئێمه بەشێکین له ئەبەد، ئەوەیە بۆیە پێویستمان بە ناعەقڵە.

کاهین تۆ بە مشـکی تاقیگە دەزانێت، ئەو شـتانە فێر ببیت کە ئەو بـە چاکیـان دەزانێـت، خەڵاتت دەکات، ئەو شـتانە فێر ببیت کە ئەو بە خراپیان دەزانێت، سزات دەدات، ئیدی هەر ئەو شتانەت لەبیر دەمێنێت، ئـەو بـە چاکیـان دەزانێت و ئەو شـتانەت لەبیر دەچێتـەوە لە کن ئەو خراپن. باوەڕدار کەسێک نییە، سەردانی پەرستگە بکات و بە ڕووکەش وا بکات، وەک کاهین دەخوازێت، باوەڕدار کەسێکە لە ناخەوە هەست بـەوە بـکات، بەشـێکە لە بوون، لە ناخەوە پێوەندیـی بە خواوە هەبێت و بـە دڵ نـەک بـە دەم، بڵێـت : ئامین! کە بە مانـای: بەڵێ خوایە گیان، دێت. باوەڕدار کەسێکە بەبێ قەید و شەرت، بەبێ ترس لە سزا، بەبێ چاوەروانیـی پاداشـت، بڵێت: بەڵێ خوایە گیـان. بەڵێ خوایە گیانەکەی هەر قسـە نەبێت، شـێوازی ژیانیشـی بێت، ئیدی ئەوسـا حەوجەی بە پەرسـتگە و بـە واعیـز نابێت، پێویسـتی بە پردێک نابێـت گرێی بدات، ئاخر خۆی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە خواوە دەبێت.

خواپەرستی ئەوە نییە وەک واعیز دەخوازێت تەرکی دونیا بکەیت، ئەوەیە توند توند خۆت بە ژیانەوە گرێ بدەیت و چێژی لێ ببینیت، تا زیاتر چێژ لە ژیان ببینیت، زیاتر لە خوا نزیک دەبییەوە. کە سەماکەر لە سەماکەیدا بزر دەبێت، کە گۆرانیبێژ لە گۆرانییەکەیدا دەتوێتەوە، ئیدی سـەما و سـتران دەبن بە سـەما و سترانی خودایی، ئیدی سەماکەر و سترانبێژ لە خودا نزیک دەبنەوە. دڵخۆش بە! بە هەموو بوونی خۆتەوە دڵخۆش بە! تا ئەوپەڕی دڵخۆشی، دڵخۆش بە! ئاوا گۆڕان لە تۆدا ڕوو دەدات، دەروونت ڕۆشن دەبێتەوە و وەک سەرچاوەی فەڕی لێ دێت.



Scanned by CamScanner

حەقیقەت ئەوە نییە لەڕێی کتێبێکەوە، یان واعیزێکەوە بگات بە تۆ، حەقیقەت ئەوەیە بە ئەزموونی خۆت پێی بگەیت، یان دروستتر حەقیقەت ئەزموون نییە، ئەزموونگەرێپە، ناتوانیت خۆت بە خاوەنی بزانیت، وەک تیشکی هەتاو وایە، ناتوانیت بیگریت. چونکە لە واقیعدا هیچ شتێک بێ جووڵە نییە و هەموو شتێک بەردەوام لە جووڵەدایە، بۆیە حەقیقەتیش ملکەچی هەمان یاسایە و ئەزموونێکی بەردەوامە. چاودێرێکی زیرەک بە! وەک ئاوێنە وا بە! ئاوێنە درک وەک درک پیشان دەدات و گوڵیش وەک گوڵ، جوان وەک جوان پیشان دەدات و ناشیرینیش وەک ناشیرین، نە درک دەکات بە گوڵ و نە جوان بە ناشیرین.

ژن لە پیاو خۆڕسکترە، ژن لە پیاو لە سرووشتەوە نزیکترە، لەگەڵ بووندا ژن لە پیاو تەباترە. ئەوەی باشە شارستانی نەیتوانیوە دڵ جڵەو بکات، ئەمەیش تاقە ئومێدە، بۆ ڕزگاربوونی ئینسان لە بەئامێربوون. چونکە ژن لە پیاو دلۆڤانترە، ئەوە هەر ژنیشە مرۆڤایەتی بە زیندوویی ڕادەگرێت. پیاو تەنیا وەک هێزی ماسوولکە لە ژن بەهێزترە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا ژن بەتواناترە، ژن زیاتر بەرگەی نەخۆشی دەگرێت، ژن تەمەنی درێژترە و ژن لە پیاو کەمتر تووشی کێشەی دەروون دەبێت. یاسای جەنگەڵ ئەوەیە، کێ بەهێزتربوو، ئەو بڕیار دەدات، بۆیە ئەوەی پیاو وەک ماسوولکە لە ژن بەهێزترەە، بۆ پێوەندیی نێوان مرۆڤگەل دەست نادات، تایبەتە بە دڕندەی نێو جەنگەڵ.

پیاو هەر زوو دەرکی بەوە کردووە، بێجگە لە هێزی ماسوولکە لە بوارەکانی تردا ژن لەو بەهێزترە، بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازییەکانی خۆی، هێزی ماسوولکەی لە دژی ژن وەگەڕ خستووە. داهاتوو لە قازانجی ژنە و سەردەمی بەگەڕخستنی هێز بەسەرچووە،



Scanned by CamScanner

باوی جەنگیزخان و تەیمووری لەنگ و ناپلیۆن و هیتلەر کە پشتیان بە هێز دەبەست، نەماوە، هەنووکە خەڵکانی نەرمونیانی ئینساندۆست، لە چەشنی بوودا و مەسیح و گاندی و ماندێلا نموونەی بالان. ڕەخنەی نیتشە (١٨٤٤ - ١٩٠٠) لە بوودا و مەسیح ئەوەبوو کە زیاتر لە مێ دەچوون وەک لە نێر، بەڵام ئەوە لایەنێکی گەشی وان بوو، ئاخر چونکە لە مێ دەچوون، بۆیە توندوتیژ نەبوون، نەرمونیان بوون.

گوڵی جوان و ئەستێرەی گەش سەرنجی نیتشەیان ڕانەدەکێشا، لە کن وی، (درەوشانەوەی شمشێری هەڵکێشراوی سەرباز لەبەر تیشکی هەتاودا، لە سەروەختی خۆنمایشکردندا دیمەنێکی جوان و دڵگیری هەبوو. بە گوێی وی، دەنگی پۆستاڵی عەسکەر بەدەم ڕۆییشتنی بە کۆمەڵەوە، لە موسیکی موزارت و ڤاگنەر خۆشتربوو. لە سەدەی بیستەمدا پەیامی نیتشە زاڵبوو، بۆیە سەدەیەکی هێندە ناشیرین بوو، بۆیە دوو جەنگی دونیاگرەوە ڕوویان دا. نیتشە جەنگی بەلاوە جوان بوو، ئاخر دەیگوت: جوانیی جەنگ لەوەدایە، هەموو شتە گەورە و گرینگەکانی ناخی ئینسان دەخاتە ڕوو. نیتشە کە ئاوەزی لە دەست دا، هەموو شتێکی لەبیر چووەوە، ئەوە نەبێت کە دوژمنی مەسیحە، مەسیحی دژە زەبروزەنگ.

ئەو خەڵکە بە گشتی وا ڕاهاتوون بە جۆرێک سێکس بکەن، ئەگەر منداڵێک دایک و باوکی لە سەروەختی سەرجێیدا ببینێت، پێی وایە شەڕ دەکەن و هاکا بابە دایەی کوشت، ئاخر بابە، دایەی ناوەتە ژێر و ناڵەناڵە و ئاخ و ئۆف و هەناسەبڕکێیانە. سێکسکردن هەر پرۆسەیەکی فیزیکی نییە، سۆز و هەست، تەنانەت ڕۆحیش تێیدا بەشدارە. سێکسکردن چرپەیە، نەک هاتوهاوار، سەمایەکی هێمنە، نەک زۆرانبازی، هەڵمژینی بۆن و بەرامەی گوڵە و گوێگرتنە لەو ئاوازانەی بە ڕۆح ئاشنان.



Scanned by CamScanner

هەر ژن نا، پیاویش دەبێت لە ڕابردووی خەمناکی ڕزگاری ببێت، ئاخـر مرۆڤایەتـی پێویسـتی بە ئازادی هەیـە. ژن و پیاو هەردووکیان ناخۆش دەژین، ئاخر ناخۆشـی شمشێرێکی دوودەمە، ئەگەر کەسێک ئـازار بدەیت، خۆیشـت ئـازارت پێ دەگات، ئەگەر کەسـێک بکەیت بە کۆیلـە، خۆیشـت ئـازاد نیت. پیاو لـە هەمان ئەو ڕۆژەدا ئـازاد دەبێت، کـە ژنـی تێدا ئازاد دەبێت. جوانیی ژن لەوەدایە، ململانێ دەکات، بەڵام بـە توندوتیژییەوە نـا، ئاخر ژنی توندوتیژیـش وەک پیاوی توندوتیژ، ناشیرینە.

کێشـەی نێـوان ژن و پیاو بەهـۆی بڵاوکردنەوەی هۆشـیارییەوە چارەسـەر دەکرێت، هۆشـیارییەک جیاواز سەرنجی نێر و مێ نەدات، وەک ئینسـان بـۆ هەردووکیـان بڕوانێـت، ئـەوەی نێرین یـان مێ، بە شـتێکی ڕووکـەش بزانێـت و نەیـکات بە کێشـە. ئەوە بۆ پیـاو جوانە، وەک ژن دلۆڤان بێت، بەڵام ئەوە بۆ ژن ناشیرینە وەک پیاو زبر بێت. بزووتنەوە هەیە، ژن وا فێر دەکات، پیاو بە دوژمنی خۆی بزانێت، جا کە پیاو بە دوژمن بزانێت، ئیدی چۆن دەتوانێت خۆشـی بوێت! ژن و پیاو وەک دوو جەمسەرەکەی موگناتیس هاودژن، هاودژییەک لێکیان دوور ناخاتـەوە، بـۆ لای یەکیـان دەبات. ئەوە ئاسـاییە ژن و پیاو لە یەکدی نەچن، ئەوە نائاساییە لە یەکتر بچن. ژن کاتێک گوڵ دەگرێت خۆی وەک ژن نمایش بکات، پیاویش ئەو کاتەی لە پیاو بچێت، ئەگەرنا سەرنجی یەکتری ڕاناکێشن.

*

(*) أوشو، كتاب الحكمة، ترجمة: متيم الضايع، دار الحوار ٢٠١٣ اللاذقية.

Scanned by CamScanner

# کتێبێک لە حیکمەت

# (٥)

هیچ واقیعێکی دیکە لە گۆڕێدا نییە، هەر ئەوەیە کە ئێستا لێرە دەیبینیت، یان ئەوەتا بە چاوێکی خەواڵووی پڕ لە تەپوتۆزەوە دەیبینیت، یان ئەوەتا بە چاوێکی بێداری هۆشیارەوە. تۆ کە بە چاوی خەواڵووەوە سەرنجی دونیا بدەیت و بستێک بەرپێی خۆت نەبینیت، بە هیوای ئەوە مەبە حەقیقەت ببینیت. گەییشتن بە حەقیقەت کە ئێستا لێرەیە، پێویستی بە گەشتێکی درێژخایەن نییە، حەوجەی بە زانینە، زانینێک لەڕێی ڕامانەوە ڕامی دەکەین، نێچیرێک نییە بەو عەقڵە دێرینەی تۆ ڕاو بکرێت.

کەسێک بە منداڵی لاقە کرابێت، هەڵگری برینێک دەبێت کە یارای چارەسەر نییە و وەک مەحاڵ وایە لە دەست ئەو ترس و ناسۆرە



Scanned by CamScanner

قوتاری ببێت. بچۆ لە دەروونناس بپرسە، منداڵێک ستەمی سێکسی لێ کرابێت، بە درێژاییی ژیانی هەست بە جۆرێک لە کەموکوڕیی دەکات و لەژێر باری ئەو ستەمەدا ئازار دەچێژێت. کچێک بە منداڵی پەلاماری سێکسی درابێت، ئەستەمە لە ژیانیدا چێژ لە سێکس وەربگرێت، ئاخر لەگەڵ هەموو نزیکبوونەوەیەکی سێکسیدا، ترسی لێ دەنیشێت و برینەکەی نوێ دەبێتەوە. بۆیە هەم ڕیسکە و هەم گەوجایەتی منداڵی خۆمان بۆ فێربوون، بنێرینە لای ئەم کاهین، یان ئەو واعیز.

(لە ڕوانگەی بۆقێکەوە کە لە بنی بیرێکدایە، ئاسمان ئەوەندەی ئەوەندەی دەمی بیرەکەیە.) تەسکبین کەسێکە، چی دەڵێت مەبەستی ئەوەیە و ئەوە دەڵێت کە مەبەستییەتی. گۆشەی ڕوانینی چونکە تەسکە، بەرچاویشی ڕوونە، ئەوە لایەنی باشی تەسکبینییە، بەلام تەواوی ئاسمان چونکە بەرینە، هەمووی ڕوون نییە، ئەویشی خاوەنی دونیابینییەکی فراوان بێت، مەبەستیشی ساکار و ڕوون نییە، هەندێک جار ئاڵۆز و تەمومژاوییە. تۆ کە لە ڕوانگەی تاقە پەیامهێنێکەوە سەرنجی دونیا بدەیت، ئاسۆی بینینت تەسکترە لە هی کەسێک، لە ڕوانگەی چەندان پەیامهێنەوە بۆ دونیا بڕوانێت.

تۆ کە لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەدا تەنیا یەکێکیان پەسەند دەکەیت، بە تۆزی پێی کەسێکدا ناگەیت، ڕێزی بۆ هەموو ڕەنگەکان هەبێت. جوانییەکانی هەموو ڕەنگێک ببینە، نەک هەموو جوانییەکان لە ڕەنگێکدا ببینیت. ئەگەر هەمیشە بە یەقینەوە دەپەیڤیت، ئەگەر ئەوەندەی گەردێک گومانت لە بۆچوونەکانی خۆت نییە، ئەگەر لە هیچی خۆت نارازی نیت و هەمیشە لەگەڵ خودی خۆتدا تەبایت، ئەوە هیچ گومانت لەوە نەبێت، بۆقی بنی بیرەکەیت کە

پێی وایە ئاسمان هێندەی دەمی بیرەکەیە، خاترجەم بە خاوەنی گۆشەنیگایەکی تەسکیت، ژەنیارێکی تەنیایت، ئۆرکسترایەک نیت، میلۆدییەکی ساکاریت، سیمفۆنیایەک نیت. ڕەنگە ژەنیارێکی چاکیش بیت، بەڵام ئۆرکسترا نیت، بەشێکی بچووکیت لە ئۆرکسترایەک.

وەک چۆن هەموو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەم خۆش دەوێت، هەموو جۆرەکانی خۆشەویستییش قەبووڵ دەکەم. نە خۆشەویستیی سەرزەمینی ڕەت دەکەمەوە، نە هی ئاسمانی، نە هی ئینسانی ڕەت دەکەمەوە، نە هی خوایی، نە هی ئیفلاتوونی ڕەت دەکەمەوە، نە هی ئاپیکۆری، نە هی ڕۆحی ڕەت دەکەمەوە، نە هی جەستەیی، ئاخر خۆشەویستی یەک پەیژەیە، ئەم سەری لە زەوین گیربووە و ئەوسەری لە ئاسمان، ئەگەر لە پلەی یەکەمییەوە دەست پێ نەکەین، ناگەینە دوا پلەی. تۆ ئازادیت وەک ئاپیکور پلەی یەکەمیان پەسەند دەکەیت، یان وەک ئیفلاتوون دوا پلەی، بەڵام ئەگەر ئینسانت خۆش نەوێت کە لەسەر زەمینە، ناتوانیت خوات خۆش بوێت کە لە ئاسمانە.

ئەوە سەرچڵییەکە تەواو مەترسیدار، ئەگەر شتی نوێ بڵێیت، ئاخر یەقینداران بە هەڵە لێت حاڵیی دەبن و بە گژتدا دێنەوە. ئەوە ئاسان نییە، نزم و بەرز، زەوی و ئاسمان قەبووڵ بکەیت، جەستە و ڕۆح، قوڕ و گوڵ قەبووڵ بکەیت و پێت وابێت قوڕ و گوڵ یەکێکن، ئاخر ئەگەر قوڕ نەبێت، گوڵیش نابێت. کە بە یەقیندارێک دەڵێین: کۆیلە، کۆیلەی فیکرێک، ئۆلێک، یان کەسێک، ئەوە قسەیەکی زبر نییە، گوتنی ڕاستی و بەرچاو ڕوونکردنەوەیە، خۆ نابێت درۆی بۆ هەڵبڕێژین.



Scanned by CamScanner

ئەکتەرێک با وەک سەرکەوتوو باوبانگیشی ڕۆییشتبێت، با ئەزموونی دەیان ساڵیشی هەبێت، بەڵام هەر جارێک دەچێتە سەر شانۆ و بەرەو ڕووی خەڵک دەبێتەوە، ترسی لێ دەنیشێت، وەک ئەوەی خۆی تۆمەتبار بێت و بینەرانیش دادوەر، ئاخر دەترسێت مافی خۆی پێ نەدەن، پێی سەرسام نەبن، یان تەنانەت ڕەتیشی بکەنەوە. بۆ ئەوەی ئەوان لە (من)ی تۆ ڕازی بن، پێویستت بەوە هەیە، (من)ی ئەوان ڕازی بکەیت، ئەمەیش وەک ئەوە وایە خۆت بە کۆیلە بزانیت. تۆ لەنێوان ناسیاوەکانتدا هەمان ترست لێ نانیشێت، ترسەکەت زادەی ئەوەیە، ئەو خەڵکە زۆرە هەموویان ناناسیت. تۆ بەرانبەر ئەو خەڵکە زۆرە، خۆت بە سواڵکەر دەزانیت و دەرۆزەی کۆمەکی مەعنەوییان لێ دەکەیت، تۆ بۆ خۆت ناژیت، بۆ ئەوان دەژیت، تۆ خۆت بەختەوەر نیت، ئاخر بە ختەوەریت، بەوەوە بەندە ئەوان لێت ڕازی بن، تۆ ڕۆحت دەفرۆشیت، بۆ ئەوەی (من)ت بەهێز ببێت، بۆ ئەوەی ناوبانگ پەیدا بکەیت.

نۆبێڵ باڵاترین خەڵاتی ئەدەبییە، نزیکەی هەر نووسەرێک وەری گرتبێت، ئیدی دەقێکی نەنووسیوە، لەوانەی پێشووی جوانتر بووبێت. بۆچی؟ چونکە کە (من)ی خۆی تێر و ڕازی کرد، ئیدی پێویستی بەوە نابێت دوورتر بڕوات و بەرزتر هەڵبکشێت، ئیدی پێویستی بەوە نامێنێت ئەو خەڵکە لێی ڕازی دەبن یان نا. مەرگی نووسەر، ئەو وەختە نییە کە هەر سەرنجی تێکستەکە بدەین و هەقی نووسەرکەیمان نەبێت، ئەو وەختەیە کتێبەکەی لە خۆی بەناوبانگتر دەبێت، وەک چۆن زۆربا، لە کازانزاکی بەناوبانگترە. نووسەر کە بەناوبانگ دەبێت، ئیدی پێویستی بەوە نامێنێت سازش لەگەڵ ئەم و ئەودا بکات، ئاخر بۆچی سازش بکات لە کاتێکدا کە بەناوبانگە! کە سازشی نەکرد، ئیدی بایەخی پێ نادرێت. ئەگەر داهێنانت زادەی



Scanned by CamScanner

تێرکردنـی ئارەزووی (من)ی خۆت بێت، لەگەڵ تێربوونی ئەو (من) ەدا، نـە وەک جـاران لە بینەر و خوێنەر دەترسـێت، نە داهێنانت پێ دەمێنێت.

(ئـەوی دیکـە دۆزەخـە.) کـە سـارتەر وای گوتووە، مەبەسـتی ئەوەبووە، ئەوی دیکە لێ ناگەڕێت پشوو بدەین و بە هێوری بژین. چونکە بە تەنیا، لە بانیۆدا درێژ دەبین، بۆیە هەست بە خاوبوونەوە و هێمنـی دەکەیـن، ئەگەر بزانین یەکێک لە کونی کلیلەوە سـەیرمان دەکات، ئەو خۆشییەمان لێ تێک دەچێت، ئاخر ئەوە زۆر ناخۆشە، ئینسـان لەژێر چاودێریدا بێت. بۆچی پێمان خۆشـە سـەرنجی ئەم و ئـەو ڕابکێشـین؟ چۆنکـە بەتاڵین، کرۆکی خۆمـان نەدۆزیوەتەوە و لـە ژاوەژاو پێکهاتوویـن، چونکـە لـەدوای پلـە و پۆسـت وێڵیـن، چونکـە بیـر لەوە دەکەینەوە خاوەنی کەسـایەتییەک بین کە کۆمەڵ پێمـان دەبەخشـێت، بیـر لـە تاکایەتـی ناکەینەوە کـە چڕبوونەوەی ڕاسـتەقینەی بوونمانە و بە هۆیەوە دەرک بە ئینسـانبوونی خۆمان دەکەین. کەسـایەتی شتێکی پووچە لە کۆمەڵ سواڵ دەکرێت، بەڵام تاکایەتی زادەی پێگەییشتنە و گەوهەری ئینسانە. تا کەسایەتییەکی گەورەترمـان هەبێـت، ئومێـدی ناسـینی تاکایەتیـی خۆمـان کەمتـر دەبێت.

ئەگـەر بـە تەنیا لە جەنگەڵێکـدا بژیت، کەسـایەتیت نابێت، ئاخر کەسی لێ نییە هەڵسەنگاندنت بۆ بکات، بەرز بتنرخێنێت، یان سووک سەرنجت بدات، کەسی لێ نییە بەناوبانگت بکات، یان بەدناو. لەوێ خـۆت تەنیایت، کەسـی لێ نییە تا بـە پیرۆزت بزانێت یان بە پۆخڵ. خەڵک تۆیان نەخوڵقاندووە، تا هەڵسەنگاندت بۆ بکەن، تۆ بەشێکیت لە ڕەها. بوودا کۆشـکی بەجێ هێشـت و دوازدە سـاڵ لە جەنگەڵدا



Scanned by CamScanner

سەرقاڵی ڕامان بوو، تا بە تاکایەتیی خۆی ئاشنا نەبوو، تا ناخ و بەرچاوی ڕۆشن نەبوونەوە، بۆ لای کەسوکاری نەگەڕایەوە. کە دەگەڕێتەوە باوکی پێی دەڵێت، من پیربووم، ئیدی تۆ پاشا دەبیت. بوودا دەڵێت: من ئەو کەسە نیم کە کۆشکی جێهێشت، ئەو کەسە مرد، من کەسێکی دیکەم، کەسێک سەرلەنوێ لە دایک بووەتەوە، تۆ نامناسیت.

باوکی تووڕە دەبێت و دەڵێت: چۆن ناتناسم، من لە خۆتت باشتر دەناسم، من ژیانم بە تۆ بەخشی، خوێنی من بە دەماری تۆدا دەگەڕێت. بوودا دەڵێت: ڕاستە لەڕێی تۆوە هاتوومە دونیاوە، بەڵام تۆ تەنیا منت گەیاندووەتە دونیا، وەک چۆن ئەسپێک کەسێک دەگەیەنێتە هەوارێک، بەبێ ئەوەی بیناسێت. ڕاستە من بە جەستەی تۆدا تێپەڕیوم، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی تۆ، من دەناسیت. من دوازدە ساڵ پێش ئێستا، خۆیشم خۆمم نەدەناسی و نەمدەزانی من کێم. تکایە ڕابردوو لە بیر خۆت ببەوە، من باسی ئێستات بۆ دەکەم. باوکی تێنەدەگەییشت سەرلەنوێ لە دایکبوونەوە چییە، تێنەدەگەییشت تاکایەتی چییە، تێندەگەییشت لەدەستدانی کەسایەتی و دەستکەوتنی تاکایەتی مانای چییە.

ژنەکەی لە بوودا دەپرسێت: تۆ دوازدە ساڵە کۆشکت بەجێ هێشتووە، دەتوانیت پێم بڵێیت، چیت لە جەنگەڵ بەدەست هێنا کە نەتدەتوانی لە کۆشک بەدەستی بهێنیت؟ ئایا حەقیقەت تەنیا لە دارستان هەیە؟ بوودا دەڵێت: حەقیقەت لە هەموو جێیەک هەیە، بەڵام مەحاڵ بوو لە کۆشک دەرکی پێ بکەم، ئاخر لەناو کەسایەتیی شازادە، کەسایەتیی مێرد، کەسایەتیی باوک و کەسایەتیی کوڕدا بزر بووبووم، کۆشکم جێ نەهێشتبا، لە دەست ئەو کەسایەتییانە



Scanned by CamScanner

ڕزگارم نەدەبوو، نەمدەتوانی بزانم، من بە تەنیا چیم، نەمدەتوانی ئەوە پشتگوێ بخەم، لە ڕوانگەی ئەوانی ترەوە چیم.

کێشەی کەسانی ناودار ئەوەیە، بە زەحمەت دەتوانن دەستبەرداری کەسایەتییان ببن. کەسایەتی دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ فریوت بدات، بەڵام ژیان بە تاکایەتییەوە چێژبەخشە، ئاخر تاکایەتی ئازادییە، پێویستت بەوە نابێت پشت بە کەسانی تر ببەستیت. ئەگەر پێویستت بە پشتگیریی ئەوانی تر هەبێت، وەک هەر کاڵایەکت لێ دێت و کڕین و فرۆشتنت پێوە دەکرێت. بۆ ئەوەی کەسایەتیت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بایەخت پێ بدەن، پێویستت بە دووڕوویی هەیە، پێویستت بەوە هەیە ڕێز لە نەریتگەلێک بگریت کە باوەڕت پێیان نییە.

کاهین بۆ ئەوەی ڕێزی خەڵک لە دەست نەدات، ژیان لە خۆی تاڵ دەکات، قوربانی بە هەموو شتێک دەدات، بۆ ئەوەی ڕێزی خەڵک بەدەست بهێنێت. تا دووڕووتر و فریودەرتر بیت، زیاتر ڕێزت لێ دەگیرێت، بۆ ئەوەی ڕێز دابین بکەیت، دەبێت هانا بۆ ساختە و نمایش ببەیت، نابێت وەک خۆت هەیت، بژیت، دەبێت خۆت وەک گوڵ پیشان بدەیت، گوڵی پلاستیک، هیچیش لەوە کارەساتبارتر نییە، ژیانمان گوڵێکی پلاستیک بێت، نەک گوڵێکی ڕاستەقینە و خۆڕسک و سرووشتی.

ئەگەر تاکایەتیی خۆتت مەبەست بێت، گوێ بەوە نادەیت، لەژێر چاودێریی خەڵکدایت، خۆت چاودێریی خۆت دەکەیت، گوێ بەوە نادەیت خەڵک بایەخت پێ دەدەن یان نا، خۆت بایەخ بە خۆت دەدەیت، ئەوسا دەبیتە خاوەنی هۆشیارییەک، چاودێریی



Scanned by CamScanner

ئارەزووەکانت و خەونەکانت دەکات، خۆت دەبیت بە ناوەند، نەک خەڵک، خۆت لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتدا دەکەیت. کە تووڕە دەبیت، تووڕەبوونەکەت سەرکوت ناکەیت، چاودێریی دەکەیت تا هێور دەبێتەوە، بە پێچەوانەوەی کاهینەوە کە خۆی سەرکوت دەکات. خۆسەرکوتکردن وەک برینێک وایە کێمی تێ زابێت و ئێمەیش لەبری ئەوەی چارەسەری بکەین، دایدەپۆشین، هەرچەندە داپۆشین بۆگەنتری دەکات. ئەوە ئەو هەموو برینە کێمتێزاوە داپۆشراوانەن، وایان کردووە، بۆگەنترین کەسانی نێو کۆمەڵ، کاهینەکان بن.

ئەگەر تاکایەتیی خۆت جێی مەبەستت بێت، لەڕێی چاودێریکردنی خۆتەوە، کەسێکی عاریف و پێگەییشتووت لێ پەیدا دەبێت، کەسێک خۆی دەناسێت، کەسێک خاوەنی تێروانینی خۆیەتی، بەگوێرەی سرووشتی خۆی دەژی، وا دەژی وەک بۆ خۆی گونجاوە، نەک وەک ئەوانی دیکە دەخوازن، کەسێک بەشی هێندە ئازایەتی شک دەبات، لەبەر ڕۆشناییی بەهاکانی خۆیدا بژی، نەک بەهاکانی ئەوانی دی. عاریف کەسێکە یاخیبوو، بەڵام کاهین کەسێکە نەریتخواز و گوێڕایەڵ و توندڕۆ. عاریف بۆیە هەیە، چونکە یاخی بووە، بۆیە چێژ لە ژیان وەردەگرێت، چونکە ئازادە. مەسیح بۆیە لە خاچ دار چونکە یاخی بووبوو، کاهین بۆیە ڕێزلێگیراوە چونکە گوێڕایەڵە.

کاهین کەسایەتیی هەیە، بەڵام حەکیم خاوەنی تاکایەتی و تایبەتمەندی و هۆشیارییە. کاهین کەسایەتییەکەی لە قازانجی خۆی وەگەڕ دەخات، لەم دونیا ڕێزلێگیراو دەبیت و لەو دونیایش دەچێتە بەهەشت. کاهین ملکەچی یاسای گۆڕان نییە، هەموو شتێک لای ئەو بە کۆتایی گەییشتووە. ئەگەر دوای کاهین کەوتوویت، ئەوا کەسێکی لاساییکەرەوەیت، ئۆرجیناڵ نیت، کۆپیت، ڕاستەقینە نیت،



Scanned by CamScanner

ساختەیت، ڕەنگە کەسایەتییەکی ناوداریشت لێ دەربچێت، بەڵام خاوەنی تاکایەتی و تایبەتمەندیی خۆت نیت.

چاودێریی خۆت بکە تا تاکایەتیی خۆت دەبینییەوە، ئاخر تەنیا ئەوسا لە پێستی خۆت دەچییە دەرەوە و دەبیت بە بەشێک لە بوون، دەبیت بە ئینسانێکی گەردوونی، دەگەیت بە نیرڤانا، لەبن هەژموونی تووڕەیی و ئارەزوو ڕزگارت دەبێت، ڕۆحی ئازادت ئاسمان تەی دەکات و سەرلەنوێ لە دایک دەبییەوە.

❊

Scanned by CamScanner

# کتێبێک لە حیکمەت
# (٦)

ئـەوە خۆتیـت بڕیـار دەدەیـت، گەشـبین و دڵشـاد دەبیـت، یـان ڕەشبین و خەمناک. ئەگەر نیوە بەتاڵەکەی پەرداخەکە دەبینیت، نەک نیـوە پڕەکـەی، ئەگـەر دڕکـی گوڵەکە دەبینیـت، نەک گوڵەکـە، ئەگەر پێـت وایـە، ڕۆژێکی ڕووناک دەکەوێتە نێوان دوو شـەوی تاریکەوە، نەک شـەوێکی تاریک دەکەوێنە نێوان دوو ڕۆژی ڕووناکەوە، ئەگەر هەمیشـە لایەنـە نەرێنییـەکان دەبینیـت، ئیـدی ئـەوە چاوەڕوانکراوە خەمناک بیت و تەنانەت تووشی خەمۆکییش ببیت. ژیان هاوسەنگ و یلایەنە، گوڵە و دڕکیش، ڕۆژە و شـەویش، ئەوە تۆ خۆتیت، یەکێک ـەو دوو لایەنـە هەڵدەبژێریت، ئەگەر بژارەکـەت هەڵەبوو، چاوەڕێی



Scanned by CamScanner

ئەنجامی دروســت مەبە! بەهەشــت و دۆزەخیش وەها دروست دەبن، ئەوە خۆتیت بڕیار دەدەیت لە کامیاندا بژیت.

دۆزەخ هەڵمەبژێـرە، یـان وەک بوودا سـەرلەنوێ لە دایک ببەوە، یـان وەک مارکـس دەیخواسـت، دۆزەخی دونیا بگۆڕە بە بەهەشـت. لـە ڕەشـدا بـۆ خاڵـی گەش و لـە نەرێنیدا بـۆ لایەنی ئەرێنـی بگەڕێ! ئەوە بکە بە یاسایەکی نەگۆڕی ژیانت. بیر لە ساتەوەختە خۆشەکانی ژیانت بکەوە! ئەوە ڕەشبین خۆیەتی، دۆزەخێک بۆ خۆی چێ دەکات. یـەک دونیـا نییـە، ئەوەنـدە ژمارەی کەسـەکان، دونیایـش هەیە، هەر کەسە و لە دونیای خۆیدا دەژی، من لە دونیای خۆمدا دەژیم، تۆیش لە دونیای خۆتدا، وەک یەکی لە ئەستێرەیەک بژین.

بـوودا ڕێـی دەکەوێتـە گوندێک، خەڵکەکەی قسـەی سـووکی پێ دەڵێن، ئەویش بە هێوریی گوێیان لێ دەگریت و دەڵێت: ئەگەر قسەتان تـەواو بـووە، ئیدی دەبێت من بچم بۆ ئەو گوندەی تر، ئەگەر هێشـتا قسـەتان ماوە، بەڵێن بێت سـبەینێ دێمەوە. یەکێک لە گوندییەکان لێی دەپرسێت: پێ دەچێت تۆ گوێت لە ئێمە نەبووبێت کە هەر چی قسەی سـووکە پێمان گوتیت؟ بوودا دەڵێت: ئێوە درەنگ کەوتوون، دە سـاڵ پێشـتر واتـان کردبا کە ئەوسـا منیش هەمان ئـاوەزی ئێوەم هەبوو، وەڵامم دەدانەوە، بەڵام ئێسـتا هاوسـۆزیم بۆتان هەیە و سوپاسـتان دەکەم کە ئەو هەلەتان بۆ ڕەخساندم، لەوە خاترجەم بم لایەنی نەرێنی لـە ناهۆشـیاریمدا نەمـاوە. دڵنیا بن دڵخۆشـتان کردم، نـەک نیگەران. ئاتیشـا بە هەوادارەکانی دەگوت: پێویسـتە وەک بوودا ڕەوتار بکەن، بـۆ هاوسـۆزی و خۆشەویسـتی و ڕامـان، کەڵـک لـە لایەنـی نەرێنی وەربگرن، ئەوەیە ژیان لە دونیای جیاوازدا.



Scanned by CamScanner

ئەگەر هەڵەیەکت کرد، ئەوە کوفرت نەکردووە و پێویستت بەوە نییە تۆبە بکەیت، با ویژدانیشت ئازارت نەدات، ئەوەندە بەسە پێی بزانیت کە هەڵەیەکت کردووە. تۆبە: وەک دەستکاریکردنی برین وایە بە دەستی پیسەوە، قازانجی بۆ برینەکە نییە، زیانی بۆی هەیە. پێویستت بەوەیش نییە بچیت بۆ لای کاهینێک ددان بە هەڵەکەتدا بنێیت، گرنگ ئەوەیە پەند لە هەڵەکە وەربگریت و بۆ پێگەیاندنی خۆت لێی سوودمەند بیت. گوڵێک زۆری دەوێت دەگەشێتەوە، بەڵام کە گەشایەوە، بایەکی توند بەسە بۆ هەڵوەراندنی، ڕامانیش وایە، درەنگ پێی دەگەیت، بەڵام دەشێت زوو لە دەستی بدەیت، سەخت بە دەستی دەهێنیت، بەڵام ڕەنگە بە ئاسانی لە کیست بچێت. هەر ڕامان نا، هەموو شتێکی باڵا دەستگیرکردنی دژوارە، بەڵام بزربوونی ئاسانە. لە شەڕی نێوان باڵا و نزمدا، زیاتر نزم دەیباتەوە، بەردێک دەتوانێت گوڵێک هەڵبوەرێنێت، ڕابردووت پڕە لە بەرد، ئەگەر وریای گوڵەکانی ناخت نەبیت، زوو هەڵدەوەرێن. بە وریاییەوە بەرەو هەوار بەڕێ بکەوە، وەک چۆن ژنی دووگیان بە وریاییەوە هەنگاو دەنێت. بەردەکانی ڕابردووت کە ژیانیان قورس کردووی، دابونەریتی سەردەمبەسەرچوون.

وەختی خۆت بە شتگەلی بێبایەخەوە بەفیڕۆ مەدە. وەخت بەفیڕۆدان ئەوەیە، بە شتێکی پووچەوە خەریک دەبیت و کە لێت دەپرسن، ئەوە چی دەکەیت؟ دەڵێیت: وەخت دەکوژم! وەخت ژیانی خۆتە، کە ڕۆییشت ناگەڕێتەوە، بۆچی دەیکوژیت؟ دەست لە شتە پووچەکان هەڵبگرە و وەختی خۆت بۆ شتگەلی گرینگ تەرخان بکە! وەختی خۆت بە شتی چاک ببەخشە، ئەو شتانەی کرۆکت دەوڵەمەند و پتەو دەکەن، وزەی خۆت بۆ ڕامان تەرخان بکە، نەک بۆ شتی پووچ، هەموو ئەوانەی وەختی خۆیان بە شتگەلی پووچەوە بە



Scanned by CamScanner

خەسـار دەدەن، کەسانی گەوجن. کە دەکەویتە هەڵەکەیەوە، پاساوی بـۆ مەهێنەوە، مەیهێنە بەسـەر ئەم و ئـەودا، مەیدە پاڵ بارودۆخەکە، ئاخـر ئەگـەر خۆت نەکەیت بـە خاوەنی، دووبـارەی دەکەیەوە. تۆ بە پاسـاوەکانت ڕەنگـە بتوانیـت ئەوانی دیکە قایل بکەیـت کە هەڵەی تۆ نەبـووە، بـەڵام ناتوانیـت خۆت قایل بکەیـت، چونکە سـوور دەزانیت خۆت هەڵەکەت کردووە. ئەوە باشترە دەرس لە هەڵەکەت وەربگریت، نەک ئەوەی خۆت چەواشە بکەیت.

بیر مەکەوە، هەست بکە، پشت بە دڵ ببەستە نەک بە عەقڵ، ئاخر عەقڵ فریوت دەدات، هەست ماددیترە لە هۆش، هەست جەوهەریترە و هەوێنـی گۆڕانـە. گرنگ ئـەوە نییە، بیر لە خۆشەویسـتی بکەیەوە، گرنـگ ئەوەیە هەسـتی پێ بکەیت، ئاخر یەکەمیـان هیچ وزەیەکت پێ نابەخشێت، بەڵام بەهۆی دووەمیانەوە گۆڕانت بەسەردا دێت. گۆڕان ئەوەیە، واز لە عەقڵ بهێنیت، بچیت بۆ لای دڵ، بیرکردنەوە فەرامۆش بکەیت، بچیت بۆ لای هەسـت، لۆگیک پشـتگوێ بخەیت، بایەخ بدەیت بە خۆشەویسـتی. بۆیە هەسـت گرنگترە لە عەقڵ، چونکە سرووشتی هەمـوو کەسـێک لە هەسـتییەوە نزیکترە وەک لە عەقڵییەوە. هەسـت زادەی خۆڕسـکییە، بـەڵام بیرکردنـەوە چونکە لە کرۆکی ئینسـانەوە هەڵناقوڵێـت، فریودەرە. کرۆکی ئینسـان ئەوەیە کـە بەهۆی نیرڤاناوە بـزر دەبێـت، ئاخـر کە دەگەین بـە حەقیقەت، ئیدی هەسـت بە بوونی خۆمان ناکەین.

کە عەقڵ باسـی خەوشـەکانی ئەوانی دی دەکات، (من) هەمووان بـە گوناهبـار دەزانێت و خۆی لێ دەبیت بـە قەدیس. ئەو خەڵکە چێژ لە باسـکردنی خەوشـەکانی یەکتری دەبینن، ئەوە بۆیە درۆ و دەنگۆ زوو بـڵاو دەبنـەوە. دەنگۆیەک ئەگـەر لای بەیانی ئەوەندەی بەردێک



Scanned by CamScanner

بێت، لای ئێـوارە، هێنـدەی گردێکـی لـێ دێـت، ئاخر هەمووان شـتی دیکـەی پێوە دەنێـن. بۆچی ئەوە خەڵکە حەزیان لە شـکاندنی ئەوانی دیکەیـە؟ چونکـە کە ئەوانی تریان ناشـیرین پیشـان دا، خۆیان جوان دێتە پێش چاو و هەست بە خۆشی دەکەن. ئاتیشا پێمان دەڵێت: (بیر لە خەوشی ئەوانی تر مەکەوە، چونکە پێوەندیی بە تووە نییە. دەست وەرمەدە ژیانی ئەوانی ترەوە، چونکە ئیشی تۆ نییە.) هەیە نەک هەر باسـی خەوشـەکانی ئەم و ئەو دەکات، باسـی خەوشـەکانی خۆیشی دەکات، تەنانـەت خەوش بۆ خۆیشـی هەڵدەبەسـتێت، بـۆ ئەوەی پێی بڵێن لەوپەڕی پۆخڵییەوە، گەییشـتە ئەوپەڕی پیرۆزی. هەقی عەیبی خەڵکت نەبێت، بزانە خۆت چ تایبەتمەندییەکت هەیە، ئەگەر زوو تووڕە دەبیت، هەوڵ بدە تووڕەبوونەکەت کەوی بکەیت.

عەقـڵ دەپرسـێت: چی بکەم بۆ ئەوەی بـە کەمترین ماندووبوون، زۆرترین قازانج بکەم؟ عەقڵ دەیەوێت بە ئامانج بگات، بەچاوپۆشین لەو ڕێیەی دەیگرێتە بەر، تەواو وەک مەکیاڤیللی دەیگوت. بەدرێژایی تەمەنت ناتوانیت بە ڕێگەیەکی پاکژ و یاسـایی، سـامانێکی زۆر پەیدا پێ بکەیت، بەڵام ئەگەر بازرگانی بە شتومەکی قاچاخەوە بکەیت، یان سیاسەتمەدارێکی بازرگان بیت، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەمەند دەبیـت. عەقـڵ بریتییـە لە من، منێـک کە هەر خۆی مەبەسـتە، منێکی زل. ڕامـان کـە بریتییـە ناعەقـڵ، بـۆ ئـەوە هانمـان دەدات، ئەنجام بە لامانـەوە گرینـگ نەبێـت و بـە هـەر نرخێـک بـووە، کرۆکـی خۆمان بناسـین و دەوڵەمەنـدی بکەین. ڕامان ئەوەیە، عەقڵ پشـوو دەدات و ڕەدووی بەرژەوەنـدی ناکەوێـت. ڕامـان ئەوەیە بەبـێ ئامانج و بەبێ چاوەڕێکردنـی ئەنجام، دوای نادیـار بکەویت، ئیدی لەناکاو حەقیقەت خۆی دێت بۆ لات.



Scanned by CamScanner

(مـن) لەڕێـی گـەڕان و داخـوازی و ئـارەزووەوە هەیـە، مـن لـە نیگەرانیـدا هەیە. من بەهۆی مۆچیارییـەوە هەیە، من بەهۆی (دەبێت) و (پێویستە)وە هەیە. هەموو سیستەمە مۆراڵییەکان خۆراک بە دەمی (من)ەوە دەکەن، کەس نییە هێندەی واعیز کە خۆی بە نموونەی باڵای ئەخلاق دەزانێت، درۆزل بێت، ئاخر (من) کە ئێستا و لێرە دەژی و ئەو باسـی ئایندەیەکی بۆ دەکات کە نییە، ئاخر (من) تەنیا لە (کاتشـوێن) دا هەیـە، ناتوانێـت لـە (ناکاتشـوێن)دا هەبێت. من لەدووی خۆشـی و قازانجـی خـۆی دەگەڕێت، بەڵام کێشـەکە ئەوەیە هەموو جارێک هەر نائومێد دەبێت، خەو بە کۆشکێکەوە دەبینێت، دەبێت بە خاوەنی، بەڵام دوای ئەوەیـش هەر نیگەرانە، خـەو بە ژنێکەوە دەبینێت، پێی دەگات، بـەڵام دواتـر هەر بـە نیگەرانـی دەمێنێتـەوە. ئەوانـەی دونیایی نیین، نیگەرانترن، ئاخر خەون بە شتگەلێکەوە دەبینن، کە لەودیو سنووری واقیعەوەن. (من) هەمیشـە لە سـەفەردایە، لە جێیەک پشوو نادات، بە هیچ تێر نابێت، بۆیە تاقە چارەسەر لە نیرڤانادایە، چونکە هەر کە من بە ڕۆشنبوونەوە گەییشت، ئیدی بە ئامانج گەییشتووە.

هەمـوو ژیان سـەفەرێکە بۆ گەییشـتن بە هـەواری پاکژبوونەوە. پاکژبوونەوە کۆتایی ڕێگەکەیە، بەڵام ڕەنگە هەموو ژیانت هەوڵی بۆ بدەیت و پێی نەگەیت. بۆچی ناگەیت بە وێستگەی حەقیقەت کە ئێستا لێرەیـە، چونکـە (من) هـەزار بیانـوو دەبینێتەوە بۆ بە لاڕێـدا بردنت، چونکە من بە شتی دیکەوە سەرقاڵت دەکات و لێ ناگەڕێت بە نیرڤانا بگەیـت و دەرک بـە حەقیقەت بکەیت. عەقڵ ڕێت لێ بزر دەکات، ئەوە عەقڵە بە هەڵپەکردنی بۆ شـتی دیکە، ماندووت دەکات، هەرچەندە تۆ پێویسـتت بە پشـووە، پێویسـتت بەوەیە بێدەنگ دابنیشیت، حەوجەت بە خاوبوونەوەیە، تا بە ڕۆشـنبوونەوە بگەیت و سـەرلەنوێ لە دایک ببیتەوە.



Scanned by CamScanner

بۆ ئەوەی ببیت بە کەسێکی ڕۆحانی، پێویستت بە زانینی زۆر نییە، حەوجەت بە پاکژیی زۆر هەیە. هەر لە دۆخی سەرسوڕماندا بمێنیتەوە باشترە لەوەی وەڵامی پرسیارەکان بزانیت، ئاخر زوو یان درەنگ بۆت ڕۆشن دەبێتەوە کە زانیارییەکان دراوی ساختەن. چێژ لە سەرسوڕمان ببینیت، باشترە لەوەی بەهۆی گەڕانەوە لەدووی وەڵامی پرسیار، ژیان لە خۆت تاڵ بکەیت. ژیان بریتییە لە چێژوەرگرتن لە ببینە و بەس. ئەوە کەی کێشەیە خۆر چۆن پەیدا بووە، چێژی لێ ببینە و بەس. نەزانێکی پاکژ بیت، باشترە لە زانایەکی پۆخڵ. وەک منداڵ بە پاکژی بمێنەوە، ئەگەر لەدووی حەقیقەت وێڵێت. بەهۆی سەرسوڕمانەوە تەمومژ دەڕەوێتەوە و بەرچاوت ڕوون دەبێتەوە، نەک بەهۆی کتێبە پیرۆزەکانەوە کە پڕن لە وەڵامی پرسیار.

وەڵام ترسناکە، ئاخر سەرسوڕمان دەکوژێت، وەڵام مەترسیدارە، ئاخر هەستێکی وات لە کن دروست دەکات کە لە نهێنییەکان تێگەیشتوویت، هەرچەندە لێیان تێنەگەیشتوویت. بەهۆی وەڵامی پێشوەخت و حازربەدەستەوە نابیت بە کەسێکی بەرچاوڕۆشن، دەبیت بە تووتی، ئەوە دەڵێیتەوە کە لە کتێبدا هەیە. وەڵام کوێرەڕێیەکە ناتباتە سەر هەواری مەعریفە، چارەسەر ئەوەیە، دڵت بەدەم سەرسوڕمانەوە بڕەقسێت و بەو بایە بژیت لە هەواری سەرسوڕمانەوە دێت. پەلەی وەڵامت چییە؟ لێ گەڕێ با مەتەڵ هەر بە مەتەڵیی بمێنیتەوە، لە پلەی نەوی مەکەوە و مەیهێنە ئاستی نزمی زانیاری! ژیان لە خۆشەویستیدا سەرسوڕهێنە، لە هاوسەرگیریدا هیچ نهێنییەک نامێنیتەوە تا لەدووی وێڵ بیت.

*

(*) أوشو، كتاب الحكمة، ترجمة: متيم الضايع، دار الحوار ٢٠١٣ اللاذقية.

# کتێبێک لە حیکمەت

# (٧)

عەیبی عەقڵ ئەوەیە، سەرسوڕمان دەکوژێت، عەقڵ لە ترسی نهێنییەکانی ژیان، هەندێک زانیاریی کۆ دەکاتەوە، گوایە لە تەنگانەدا بە هانایەوە دێن، بەڵام ئەوە لە خۆفریودان بەولاوە هیچی دیکە نییە. ترسنۆک هەوڵی ڕەواندنەوەی تەمی سەرسوڕمان دەدات، بەڵام ئازا بەرەو پیری تەمومژ دەچێت، بەبێ ئەوەی بخوازێت جڵەوی بکات. بەختەوەری ئەوەیە لە نهێنیی خوا تێنەگەیت، ئاخر کە لێی تێگەییشتیت، سیحری سەرسوڕمانت بە خوا، بەتاڵ دەبێتەوە. ئەوە مایەی خۆشییە کە تۆ لە سەرەتای ڕێی گەڕاندایت، ئاخر دوای گەشتێکی سەخت و درێژ، پێویستت بە ماندووبوونێکی زۆر دەبێت،



Scanned by CamScanner

بۆ ئـەوەی لە زانیارییەکانت کە لە چێژی سەرسـوڕمان بێبەشـیان کردوویت، ڕزگارت ببێت.

حەقیقەت چییە؟ باشە تۆ چ پێویستییەکت بە پێناسەی حەقیقەت هەیـە، بـە مەرجێک پێناسـەکانی ئێسـتایش هەر پێناسـە کۆنەکانن، ئەوپەڕی مەگەر شـوێنگۆڕکێ لە ڕیزبەندیی وشـەکاندا کرابێت! جا باشـە کوا حەقیقەت لە بازنەی پێناسـەدا گیر دەخوات؟ لە زانایەک بپرسە: عەقڵ چییە؟ دەڵێت: مادده نییە! جا ئەوە کەی ناساندنە، ئەوە لێڵترکردنـی گۆمەکەیە و تەنیـا گەوجی پێ فریو دەدرێت. حەقیقەت شتێک نییە دەستنیشان بکرێت، سنووردار نییە، نە سەرەتای هەیە، نە کۆتایی، ئیدی چۆن لە پێناسەیەکدا جێی دەبێتەوە! لاو زی دەڵێت: (پێناسەکردنی حەقیقەت، نکۆڵیکردنە لێی.)

لاو زی دامەزرێنەری فەلسەفەی تاویزم دەڵێت: ( تاو ناگوترێت، ئەگـەر گوتـرا ئـەوە تاو نییـە، دەتوانیت تێی بگەیت، بـەڵام ناتوانیت بیڵێیـت. تـاو کە بە مانای ڕێگا دێت، مەبەسـت لێـی حەقیقەتە، وەک خۆشەویسـتی وایـە، دەتوانـی تێیدا بژیت، بەڵام ناتوانیت پێناسـەی بکەیـت. دەتوانیـت بژیـت، بـەڵام ناتوانیـت پێناسـەی ژیـان بکەیت، دەتوانیـت هەبیت، بەڵام ناتوانیت پێناسـەی بـوون بکەیت، دەتوانیت دەرک بە جوانی بکەیت، بەڵام ناتوانیت پێناسەی بکەیت.) حەقیقەت پێناسە ناکرێت، ئیللا مەگەر ئەو پێناسە ساختانەی کە لە زانکۆکان دەکرێـن. مەپرسـە حەقیقەت چییە، لەڕێـی ڕامانەوە ئەزموونی بکە، بەڵام ئەوسایش ناتوانیت پێناسەی بکەیت.

ڕۆحانیبـوون ئەوەیـە، جۆرێـک لـە پێوەندیت لەگـەڵ حەقیقەتدا هەبێت، هەسـت بکەیـت بەشـێکیت لـە وجـوود، لەگـەڵ تـەواوی



Scanned by CamScanner

گەردووندا هاوئاواز و گونجاوبیت. ڕۆحانی کەسێکە هەر پێوەندیی بە ئینسانەوە نییە، هاوڕێی هەموو هەبووەکانە، بە بەرد و دار و شاخ و ڕووبارەوە، بە دڕندە و بە باڵندە و بە هەور و بە ئەستێرەوە. ڕۆحانی بە دڵ دیالۆگ لەگەڵ ئەوانی دیکە دەکات، نەک بە ئاوەز. واقیع بە چاوی سەر دەبینرێت، بەڵام حەقیقەت بە چاوی دڵ، واقیع جەستەی بوودایە کە چەند ساڵێکی دیاریکراو ژیاوە، بەڵام حەقیقەت ڕۆحی ئەوە کە هێشتا زیندووە. عیسا چونکە لەڕێی حەقیقەتدا گیانی بەخشی، بۆیە دوای لە خاچدانی، بۆ ئاسمان هەڵکشا، بوو بە بەشێک لە ناکۆتا و نەمریی بۆ خۆی دابین کرد. عیسای لەخاچدراو دیرۆکە، بەڵام عیسای بۆ ئاسمان هەڵکشاو حەقیقەتە. کە بوودا بە جێیەکدا ڕەت دەبوو، درەختەکان گوڵیان دەگرت، ئەوە شیعرە، بەڵام ئەوەی ناخی شوێنکەتووانی بوودا ڕۆشن دەبووەوە، ئەوە حەقیقەتە.

سوکرات لە کۆتاییی ژیانیدا گوتوویەتی: (تاقە شتێک دەزانم، کە بریتییە لەوەی: هیچ شتێک نازانم.) ئەوە ڕۆشنبوونەوەیە، کە ئەوەت زانی، هیچ نازانیت، ئەوە ئەو چرکەساتەیە، کە چیت زانیوە، هەمووی بزربووە، وەک (من) بزربوویت، وەک کەسایەتی بزربوویت و دیوارێک لە نێوان تۆ و بووندا نەماوە، ئیدی تۆ بە ڕۆشنبوونەوە گەیشتوویت، بە پاکبوونەوە گەیشتوویت و بوویت بە بەشێک لە بوون. ئەو کاتە ئەگەری ڕوودانی موعجیزە هەیە، کە وزەی هەر یەکێکمان لەگەڵ وزەی ئەوانی دیکەماندا یەک بگرێت. ئەو کاتە پەرجوو ڕوو دەدات کە بوونی هەر یەکێکمان لەگەڵ بوونی ئەوانی تردا دەبێت بە یەک، ئەو کاتەی بێدەنگ دەبین و گوێمان لە بێدەنگیی یەکتر دەبێت.



Scanned by CamScanner

تامەزرۆیی کاتێک خوایی و ڕۆحانییە، کە هیچ مەبەستێکی لە دواوە نەبێت و بۆ هیچ شتێک نەبێت. تامەزرۆیی لە دۆخێکی وادا، ئاگرە، ئاگرێکی بێ دووکەڵ، هەموو شتێک پاک دەکاتەوە. تامەزرۆیی هەر کە بۆ مەبەستێک بوو، ئیدی دونیایی بێت، یان ئاسمانی، بە پاکژی نامێنێتەوە و بەو مەبەستە پیس دەبێت، ئاخر ئەوسا مەبەستەکە گرنگتر دەبێت لە تامەزرۆییەکە. تامەزرۆیی تینووبوونە، بەبێ ئەوەی کەسی تینوو، مەبەستی تەڕکردنی زاری بێت بە چۆڕێک ئاو. تامەزرۆیی خوداییە هەر کە بوو بە ئارەزوو، دەبێت بە دونیایی و وەک تەیرێکمان لێ دێت، بەدەم فڕینەوە هەر دوو باڵی بشکێت. تامەزرۆیی ئەوەیە بە مەبەستی سووتان و بەخۆڵەمێشبوون، شەیدای ئاگر بین. قەقنەس بەو ئاگرە دەسووتێت کە لە ناخیدا دەگڕێت، هەر کە بوو بە خۆڵەمێش سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە، وەک چۆن عیسا دوای لە خاچدان، زیندوو دەبێتەوە و هەڵدەکشێت بۆ ئاسمان. عیسا گوتوویەتی: (ئەگەر سەرلەنوێ لە دایک نەبینەوە، ڕێمان ناکەوێتە مەملەکەتی خوا.) بەڵام چۆن دەتوانین سەرلەنوێ زیندوو ببینەوە، ئەگەر پێشەکی نەمرین؟ کە بەهۆی ڕامانەوە بە ڕۆشنبوونەوە دەگەین، ئیدی وەک کەسە کۆنەکە دەمرین و وەک کەسێکی نوێ لە دایک دەبینەوە.

ئەگەر وا هەست بکەین، ئەوەی پێویستبوو بیکەین، هێشتا نەمانکردووە، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، وەک مۆتەکە چۆک لەسەر سینگمان دادەدات، هەمیشە نیگەران دەبین و بواری پشوودانمان بۆ نارەخسێت، ئاخر هەر کە پشوویەک دەدەین، ئەو مۆتەکەیە لێمان پەیدا دەبێتەوە و دەڵێت: تۆ چیت کردووە، تاکوو پێت وابێت، وەختی پشوودانە. ئەگەر بەردەوام ئیشی چاک بکەین، یەخەمان دەگرێت و دەڵێت: ڕۆژ تا ئێوارە چاکە بکەیت، کەس پێی نازانێت، خۆت



Scanned by CamScanner

ماندوو نەکەیت باشترە! ئەگەر خۆمان لەو کەسە سەرزەنشتکارەی ناخمـان قوتـار نەکەیـن، نە تاوێک دەحەسـێینەوە، نە چێـژ لە ژیان وەردەگریـن و نەدەتوانیـن لـە کەرنەڤالـی بوونـدا بەشـدار بیـن. بەچاوپۆشـین لەوەی سـەر بە کام نەتەوەیت، یان لە کوێ دەژیت، یان باوەڕت بە کام دینە، ئەو سەرزەنشـتکارەت لێ پەیدا دەبێت و هەر تەنیا خۆیشت دەتوانیت لە کۆڵ خۆتی بکەیەوە. تا دیلی دەستی ئـەوە مۆتەکەیـە بیـت، ناخـت وەک گۆڕەپانی شـەڕی درێژخایەنی ناوخـۆ وایـە، نـە جارێـک لە دڵـەوە پێدەکەنیت، نە چێژ لە شـیعر و موسـیک وەردەگریت و نە بە ئەزموونی ئەوینی ڕاسـتەقینەدا ڕەت دەبیت.

بـۆ هیچ پەرسـتگەیەک مەچۆ! لـە هیچ واعیزێـک نزیک مەبەوە! گوێڕایەڵی هیچ کتێبێکی پیرۆز مەبە، تەنیا ملکەچی فەرمانی دڵت بە! تەنیا دڵت شیاوی ڕێزە، چونکە فریوت نادات. هونەری بەئینسانبوون، لـەوەدا چـڕ دەبێتـەوە، گـوێ بۆ دڵـت ڕادێریت و بۆ کوێـی ویسـت ڕەدووی خواسـتی بکەویـت. ڕەنگـە بگلێیـت، بەڵام هەڵدەسـتیتەوە، ڕەنگـە بـزر ببیـت، بـەڵام ڕێـی مەبەسـت دەدۆزیتـەوە، ئـەوە تاقە ڕێگەیـە بـۆ ئەوەی پێبگەیت و ئینسـانێکی خۆڕاگـرت لێ دەربچێت. ئـەو یاسـایانە ڕەچـاو بکـە کە لـە دڵتـەوە هەڵدەقوڵێن، ئاخر یاسـا دەرەکییەکان، کەسـانی دیکە بە مەبەستی فریودانی تۆ دایانهێناون. لاسـایی کەس مەکەوە، چونکە لاساییکردنەوە، سووک سەرنجدانی ئینسـانبوونی خۆتە. ئۆرجیناڵ بە، کۆپی مەبە! ئاخر لە دونیادا دوو کـەس پەیـدا نابـن، بە تەواوی لە یەکتری بچن. سـوود لەوانی دیکە وەربگرە، بەڵام نوسـخەی کاربۆنیی کەس مەبە! خۆت بە! گوێ بۆ (چرپـە)ی دڵی خۆت ڕادێرە، نەک بۆ (خوتبە)ی واعیز. خوا ڕەحمی کرد، کریشـنا لاسـایی بوودای نەکردەوە، ئەگەرنا پیاوێکی ئاسـایی

لێ دەردەچـوو، ئەگەرنا یەکێک لە هەرە پیاوە جوانەکانی دونیامان لە کیس دەچوو. بوودا بوودایە، کریشنایش کریشنایە، تۆیش تۆیت، ڕێز لە خۆت بگرە و گوێ بۆ دڵی خۆت ڕادێرە!

ئەگـەر نەزانیـت کامـە هەڵەیـە، نایشـزانیت کامە ڕاسـتە، ئەگەر شـارەزای ڕێبازێـک نەبیـت، ناتوانیـت لەگـەڵ ڕێبازێکـی دیکـەدا بـەراوردی بکەیـت. لـەوە مەترسـە کـە هەڵـە دەکەیـت، ئەگەرنـا تا ماویت لە بازنەی ترسـدا گیر دەخۆیت، هەنگاوێک ناچیتە پێشـەوە، لە جێی خۆت نابزوێیت و وەک بەردت لێ دێت. ئەگەر لە هەڵەکردن بترسیت، کەسێکی ڕاڕات لێ دەردەچێت، ڕاڕایییەک کە لە ترسنۆکی بەولاوە هیچی دیکە نییە، ئاخر قەت بوێریی ئەوەت نابێت، خۆت لە قەرەی هیچ کێشەیەک بدەیت. هەڵە بکە، بەڵام هەمان هەڵە دووبارە مەکەوە، ئەگەر هەڵە نەکەیت، کەسێکی بەهێزت لێ پەیدا نابێت.

تووڕەبوون هۆکاری خۆی هەیە، لۆگیکی لە پشتە و هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی دیکە سـەرنجی دونیا بدەین. ژیان هێندە ئاسان نییە، بزانین چی هەڵەیە و چی ڕاستە، دەشێت ئەوەی ئێستا ڕاستە، سـبەینی هەڵـە بێـت، ژیان مەتەڵێکـی هێندە ئاڵۆزە، دەشـێت ئەوەی بۆ ئێسـتامان گونجاوە، بۆ تاوێکی دیکەمان گونجاو نەبێت. ڕاسـت ئەوەیـە لەگـەڵ بووندا هاوڕێتم بێت، ئـەوەی لەگەڵ بووندا هاوڕێتم نەبێت، هەڵەیە. قەت پشت بە وەڵامی پێشوەخت مەبەستە، هەمیشە هۆشـت وەگـەڕ بخە، ئەوانـە گەوجن کە هانا بـۆ وەڵامە دێرینەکان دەبـەن. جوولەکـە دە مۆچیارییـان هەیـە، بە هۆیانـەوە دەزانن چی ڕاستە و چی هەڵەیە، بەڵام ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە ئەگەر مووسـا زینـدوو ببێتـەوە، گوێڕایەڵی ئەو مۆچیارییانە نابێت، شـتی نوێ دەڵێت.



Scanned by CamScanner

ئامۆژگاری شتێکی بێکەڵکە و کێشەمان بۆ دروست دەکات، ئاخر هەر کە گوێمان لێی بوو، یان خوێندمانەوە، دەستبەجێ ئێکسپایەر دەبێت. ژیان بە پەلە بەرەو پێشەوە دەچێت، ژیان گۆمێکی خامۆش نییە، ڕووبارێکی خوڕە، بەردەوام هاژەی دێت، ئەو ڕووبارەی ئێستا، ڕووبارەکەی ساتێک بەر لە ئێستا نییە، بۆیە ئەوەی بۆ ئێستا ڕاستە، بۆ ساتێکی دیکە ڕاست نییە. چار ئەوەیە، لێ گەڕێین ئەو خەڵکە خۆیان بڕیار بدەن، چۆن بە دەنگ گۆڕانکارییەکانەوە دەچن. ژیان بۆیە جوان و سەرسوڕهێنە، چونکە ناتوانیت خۆتی بۆ ئامادە بکەیت و هەمیشە دەتخات بەسەر کوتوپڕیدا. یاسای هەر گرنگی ژیان ئەوەیە، تۆ نوێنەری خۆت بیت. دوای تیشکی ئەو خۆرە بکەوە لە ناخی خۆتەوە هەڵدێت، ئیدی هەر چی بکەیت، ڕاستە.

سەرنجی پێشەوە بدە! باری خۆت بە ڕابردوو قورس مەکە! گوێ لە واعیز مەگرە کە هەمیشە ئەو هەستەت لە کن دروست دەکات، خۆت بە گوناهبار بزانیت، ئاخر ئەوی خۆی پێ گوناهبار بێت، ژیانی لێ دەبێت بە دۆزەخ. خۆت بە گوناهبار مەزانە، ئیدی پاکژ دەبیت، وەک ئاونگی بەر تیشکی خۆری بەربەیان، ئیدی گەش دەبیت وەک گوڵ، ڕۆشن دەبیت وەک ئەستێرە و ژیانت دەبێت بە گۆرانی بەدەم سەماوە، ئەگەرنا دەبیت بە نێچیرێک، بە تەڵەی واعیزەوە.

لە زیندانی ئایین و ئایدۆلۆجیا کە وەڵامی پێشوەختیان پێیە، وەرە دەرەوە! کەی هۆشی خۆت دەخەیە گەڕ؟ تا کەی دیلی دەستی ڕابردووی مردوو دەبیت؟ وابەستەی هەر کتێبێک بیت، لە جێیەکدا دەگاتەوە کۆتایی، بەڵام ژیان کۆتایی نییە، بۆیە هەر



Scanned by CamScanner

چی، گوتراوە لە بیری خۆتیان ببەوە، ئەگەرنا ژیان لەسەرت ڕاناوەستێت، بەجێت دەهێڵێت. لەوانە خۆت بەدوور بگرە کە لەجێی تۆ بڕیار دەدەن، جڵەوی ئەسپی ژیانی خۆت، با بە دەستی خۆتەوە بێت. مەترسە، بڕیاری کاربڕانە بدە، سەرکێشی بکە، ئەگەرنا دەبیتە کەسێکی ڕۆحزەلیل. گوێ بەوە مەدە، خەڵکێکی زۆر دوای فلان باوەڕ کەوتوون، ئاخر زۆرینە هەمیشە گێلن. ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەڵەیە، هەر باوەڕێک خەڵکێکی زۆری لە دەور خڕ بووەوە. قسە بۆ تاک بکە، ئەوی بۆ خەڵک دەدوێت، ساختەکارە. بەهۆی سەرکێشییەوە زەینت دادەگیرسێت و ناخت ڕۆشن دەبێتەوە. حەقیقەت لە باوەڕەوە هەڵناقوڵێت، زادەی ئەزموون و زیرەکیی خۆتە. پەرت مەبە، هەست بە گوناهباری مەکە و دڵت بە خۆت خۆش بێت!

*

# کتێبێک لە حیکمەت
# (٨)

بۆچی سوکراتیان کوشت؟ چونکە سازشی لەگەڵ گەوجاندا نەکرد. بۆچی مەسیحیان لە خاچ دا؟ چونکە نەچووە سەر قسەی گەوجان. بوودایش هەمیشە لەگەڵ گەوجاندا لە ململانێدا بوو، ئەوە قەدەری هەموو کەسێکی جیاوازە، کەسێک خاوەنی تاکایەتی بێت، یەکێک نەبێت لە عەوام. تۆ کە شتێکی تازە دەڵێیت کە ڕەنگە بەشێک بێت لە حەقیقەت، ئەوانەی لە وەهمدا دەژین، تووشی دڵەڕاوکێ دەبن و سەریان لێ دەشێوێت، بۆیە لێتی قەبووڵ ناکەن و تۆڵەت لێ دەکەنەوە.



Scanned by CamScanner

کە بە گڕ یەقینی بەبەردبوودا دەچینەوە، کە سەنگەر لە جەهل و توندڕۆیی دەگرین، کە ڕەدووی عەوام ناکەوین، ئیدی ئەوە چاوەڕوانکراوە، بەر برووسکەی غەزەبی دانیشتووانی مەملەکتی وەهم بکەوین. سوکرات سەنگەری دژایەتیکردنی دووڕوویی هەڵبژارد کە لە ئەسینادا زاڵ بوو، بوودا دژی کەلەپووری هیندۆس وەستایەوە و مەسیح زەبروزەنگی کولتووری جوولەکەی ڕەت کردەوە، بۆیە هەر یەکێک لەوان دوژمنیان زۆربوو، خۆ ئەگەر دوژمنایەتییان لەگەڵ کەسێک و دوواندا هەبووایە، نەیاریان هێندە زۆر نەدەبوو. کە تۆ دۆستت زۆربوو، وەک هەر یەکێک لە سوکرات و بوودا و مەسیح، دوژمنیشت زۆر دەبێت.

هەمووتان چیرۆکی (پیاو و منداڵ و کەر)تان بیستووە، کە هەردووکیان سواری کەرەکە دەبوون، دەکەوتنە بەر ڕێژنەی لۆمە، کە یەکێکیان سواری دەبوو، هەر سەرزەنشت دەکران، کە هیچ کامیان سواری نەدەبوون، هەر دەبوون بە نیشانە، بۆ تیری سەرکۆنە. پەند لەو چیرۆکە ئەوەیە، ئەوی لە هەوڵی ڕازیکردنی هەمووان‌دا بێت، نەک هەر سەرکەوتوو نابێت، بەڵکوو خۆیشی دەدۆڕێنێت. چارەسەر ئەوەیە، عەوام فەرامۆش بکەین، ئەوانەمان بە لاوە گرنگ بێت، کە بۆ سەلماندنی تاکایەتیی خۆیان، سڵ لە سەرکێشی ناکەنەوە.

ئەوە گرنگ نییە ئەم و ئەومان لێ زیز دەبن یان نا، ئەوە گرنگە سازش لەسەر هەق نەکەین. کە تۆ هیچت نییە تا لە کیست بچێت، کە تۆ بە هیوای ئەوە نیت، هیچت دەست بکەوێت، ئیدی لە پای چی سازش بکەیت؟ کە تۆ گەنجینەکەت لە ناخی خۆتدا بێت، نە کەس دەتوانێت، هیچی لێ کەم بکاتەوە، نە کەس دەتوانێت، هیچی بۆ زیاد



Scanned by CamScanner

بکات، ئیدی لە پای چی سازش بکەیت؟ خۆڕسکانە بژی، وا بژی وەک خۆت دەخوازیت، وا ژیان جێ بهێڵە وەک خۆت دەتەوێت، خۆ تۆ بۆ ئەوە لێرە نیت، دوای نەخشەڕێگای ئەم و ئەو بکەویت، چش با ئەوانی دیکە لێت ڕازی نەبن. خۆت لە کۆت و پێوەندی بیر و بۆچوونی ئەوانی دیکە ڕزگار بکە! ئەوە بڵێ کە بە ڕاستی دەزانیت، گوێ بەوە مەدە، ئەوانی دیکە پێیان خۆش دەبێت، یان نا. مردن لەو ژیانە باشترە کە پشتی بە سازش قایم بێت. مردن لە پێناوی هەقدا باشترە، لە ژیانێک بە درۆ بەڕێوە بچێت.

بەهەشت و دۆزەخ هەن، بەڵام لەنێو دەروونی خۆماندان، ئەگەر خۆڕسکانە بۆ خۆشەویستی و جوانی و حەقیقەت بژین، ئەوە ئێمە لە بەهەشتداین، ئەگەر ژیانمان لە درۆ و ساختە و سازش پێک هاتبێت، ئەوە ئێمە لە دۆزەخداین. دەتوانیت ژووری زیندانەکەت جوان بڕازێنیتەوە، بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە تۆ لە زینداندا دەژیت، هاوسەرگیری زیندانە، پەرستگە زیندانە، حیزب زیندانە، تۆ لە زیندانێکدا دەژیت، بە چەندان دیوار دەوری گیراوە، تۆ لە زیندانێکی گەورەدا دەژیت کە چەندان زیندانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەک بووکەشووشەکەی چەندان بووکەشووشەی لەناودایە. وەک پیاز چۆن کە هەموو توێژەکانیت فڕێ دا، هیچی نامێنێتەوە، تۆیش بۆ گەییشتن بە ئازادی، حەوجەت بە ڕووخاندنی هەموو دیوارەکان هەیە و تەنیا ئەوسا بە بەهەشتی ڕاستەقینە، بە نیرڤانا دەگەیت.

بەهەشت لەسەر زەوییە، لێرەیە، هەر ئەوەی پێویستە بزانیت چۆن تێیدا دەژیت، دۆزەخیش هەر لێرەیە و حاڵی حازر تێیدا دەژیت. بۆ ئەوەی لە دۆزەخەوە بگەیت بە بەهەشت، حەوجەت بەوەیە،



Scanned by CamScanner

تێڕوانینی خۆت بۆ ژیان بگۆڕیت. ئەگەر دەرک بە جوانییەکانی سەر زەوی بکەیت و چێژیان لێ ببینیت، ئەگەر هەست بە گوناهباری نەکەیت، ئیدی تۆ لە ناوەندی بەهەشتدایت، بەڵام ئەگەر هەموو چێژ لە جوانی وەرگرتنێک بە گوناهـ بزانیت، ئیدی تۆ کەسێکیت، ژاراوی بە گوناهبارکردنی ئەوانی دیکە، ئیدی تۆ ئێستا لە دۆزەخدا دەژیت.

ژیان دیالێکتیکییە، لە چەندان دووانەی دژ بە یەک پێک دێت، ژیان پێکەوە گونجانی دژبەرەکانە. ناتوانیت تا ماویت هەر بەختەوەر بیت، ئاخر ئەوسا بەختەوەری مانای خۆی لە دەست دەدات، چونکە بەختەوەری بە پێوەندیی لەگەڵ کوێرەوەریدا بوونی هەیە. ژیان لەسەر یەک ڕیتم بەڕێوە ناچێت، ژیان بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی هاودژەکان. شادی و ئازار: هەموو شادییەک ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە و هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادیی تێدایە. ئەوە مەحاڵە ژیانێک دابین بکەین، خاڵیی لە خەم. تا شەو تاریکتر بێت، ئەستێرەکان گەشتر دەردەکەون، ئەستێرەکان بە ڕۆژ لەناو ناچن، بەڵام ڕووناکی لێ ناگەڕێت دیاربن.

ئەوە مردنە، مانا بە ژیان دەبەخشێت، چونکە مردن بەڕێوەیە، تۆ ناچاریت، ئێستا و لێرە بژیت. هارمۆنیای نێوان دژەکان ئەوەیە، تۆ هەردووکیان بە ئاسایی بزانیت، وەک چۆن پێشوازی لە شادی دەکەیت، هاتنی خەمیشت بە لاوە ئاسایی بێت، ئاخر هەردووکیان هاوبەشی هەمان گەمەن. کە زەریا هەبوو شەپۆلیش هەیە، بەڵام شەپۆل و زەریا دوو شت نیین، یەکێکن، وەک چۆن ئێمە لەگەڵ بووندا یەکێکین، ئاخر ئێمەیش شەپۆلی زەریای وجوودین. خۆشەویستی ئەوە نییە هاوژینەکەت بە کۆیلەی خۆت بزانیت، ئەوەیش نییە، هێندەی ئازادی پێ ببەخشیت، وەک فەرامۆشت



Scanned by CamScanner

کردبێت، خۆشەویستی ئەوەیە، تەباییەک لە نێوانتاندا هەبێت، وەک ڕۆحێک بن لە دوو جەستەدا، وەک بە هەمان سی هەناسە بدەن.

نزیکەی هەموو کولتووری ئێمە، بریتییە لە فریودان. ئینسان ئەو گیانلەبەرەیە کە بە (وەهم) دەژی، ئاخر (واقیع) ئەوەندە تاڵە، بە هەنگوینیشەوە ناخورێت. کە شەیدای ژنێک دەبیت، تا دەستت پێی نەگەییشتووە، لە تۆ وایە کلیۆپاترایە، کەچی کە دەیهێنیت، هێندە نابات لەبەر چاوت وەک ڕمووزنی لێ دێت. کە شەیدای پیاوێک دەبیت و لە تۆ وایە، شازادەی خەونەکانتە و بە سواری ئەسپێکی سپییەوە بۆ لات هاتووە، هێندە نابات بە پرخەی، خەوت لێ دەزڕێنێت و بە دووکەڵی جگەرەی، وەها قانگت دەدات، دەمیت لێ دەبێت بە تەپڵەکی سیگار و بێزت نایەت ماچی بکەیت. ئەوە وەهمە کە بۆق ماچ بکەین، دەبێت بە شازادە، لە واقیعدا کە شازادە ماچ بکەین، دەبێت بە بۆق. بەهۆی قەڵغانی وەهمەوە ماوین، ئەگەرنا بەرگەی یەک تیری واقیعمان نەدەگرت.

تووڕەبوونی کەسی ناخڕۆشن، وەک تووڕەبوونی کەسی ئاسایی نییە، زادەی چڕبوونەوەی هاوسۆزییە، ناخڕۆشن لە خۆشەویستییەوە لێمان تووڕە دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی ڕقی لێمانە. تووڕەبوونی تاگوور، زادەی ڕقێکی ئەستوور نییە، بەرهەمی خۆشەویستییەکی بێسنوورە. تووڕەبوونی خەڵکی ئاسایی، لە تووڕەبوونی سەگ دەچێت، لە سەروەختی هاتنی کەسێکی نامۆدا. سەگ لە دۆخێکی وادا، هەم دەوەڕێت و هەم کلکیش دەلەقێنێت، ئەگەر کەسەکە دۆستی خاوەنماڵ دەرچوو، وەڕین ڕادەگرێت و درێژە بە کلکەلەقێ دەدات، ئەگەر نەیاری خاوەنماڵ دەرچوو، کلکەلەقێ ڕادەگرێت و درێژە بە وەڕین دەدات.



Scanned by CamScanner

وەک چـۆن لەش لەڕێی خۆراکی ماوەبەسـەرچووەوە، ژاراوی دەبێـت، عەقڵیش لەڕێی بیروباوەڕی ئێکسـپایەرەوە ژاراوی دەبێت. ژاراویبوونـی عەقـڵ ئەوەیە، ئینسـان گیـرۆدەی دەسـتی یەکێک لە دینـەکان یـان ئایدۆلۆجیاکان دەبێـت. ژاراویبوونت بە خۆراک، هەر زیانـی بۆ جەسـتەی خۆت هەیـە، بەڵام ژاراویبوونـت بە باوەڕێکی بەردیـن، زیانـی بـۆ مرۆڤایەتـی هەیـە، ئاخـر ئەوسـا بێجگـە لـە هاوبیرەکانـی خـۆت، ڕقت لـە هەموو خەڵکی دونیا دەبێت. ئینسـان لە باوەڕ مەزنترە، خۆت لە سـنووری باوەڕێکدا قەتیس مەکە. هیچ ئاییـن یـان ئایدۆلۆجیاییەک لە ئینسـان مەزنتر نییە، ئاخر ئینسـانی هۆشـیار خۆی بە بەشـێک لە بوون دەزانێت، نەک بە بەشـێک لەم دین یان ئەو ئایدۆلۆجیا. پاکژکردنەوەی لەش لە ژار، ئاسانە، دەیان ساڵ گۆشتت خواردبێت، کە وازت لێ هێنا، دوای سێ چوار مانگێک، لەشـت لە ژاری گۆشـت پاک دەبێتەوە، بەڵام کاهین با گیاخۆریش بێت، عەقڵی ژاراوییە.

ئازادی ئەوەیە دیلی دەستی هیچ باوەڕێک نەبین. باوەڕ کارگەی بەرهەمهێنانی گەوجانە، ئاخر لەڕێی وەڵامی پێشـوەختەوە عەقڵمان لە کار دەخات و لێ ناگەڕێت خۆمان بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین. زیـرەک بـاری شـانی خۆی، بە باوەڕی دێرین قـورس ناکات، ئاخر دەزانێـت هەڵگرانـی باوەڕی کۆن، وەڵامی پرسـیارەکانی ئێسـتایان پێ نییە. ڕەنگە هەندێک دیاردەی ئێستا لە هی ڕابردوو بچن، بەڵام تـازەن، کۆنـەکان نیین و جیاوازییـان زۆرە، ئاخر ژیان وەک ئاوی ڕووبار، بەردەوام لە گۆڕاندایە.

ئـەوە نیشـانەی گەوجایەتییـە ئەگەر بە چارەسـەری دێرینەوە،



Scanned by CamScanner

بەرەو ڕووی کێشـەکانی ئێسـتا ببینەوە، ئاخر هۆشمەند بە وەڵامی پرسیارەکانی پارەوە، ناچێتە تاقیکردنەوەی ئەمساڵەوە. گەوجایەتی هیچی تێ ناچێت و ماندووبوونیشـی ناوێت، دوای عەوام دەکەویت و تـەواو، بەڵام هۆشـمەندی مەترسـیدارە و ڕەنگە وەک سـوکرات و عیسـا و حەلـلاج باجەکەی بە ژیانـی خۆت بدەیت. بۆچی عەوام دەنـگ بـە گەوجێک دەدەن، بەڵام بە هۆشـمەندێکی نـادەن؟ چونکە گەوجەکـە یەکێکـە لە خۆیان، بەڵام هۆشـمەند نامۆیـە پێیان. بۆچی عـەوام دەنـگ بـە هەمـان ئەو حیزبـە دەدەنـەوە کە جاری پێشـوو پێیان دابوو؟ چونکە لە گۆڕانکاری دەترسن، بۆیە دەنگ بە حیزبێک دەدەن، دۆخەکـە وەک خـۆی بهێڵێتـەوە. لایەنی هاوبەشـی ئەکتەر و سیاسەتکاردا ئەوەیە، هەردووکیان لە هەوڵی ئەوەدان، سەرنجی زۆرینـەی خەڵک ڕابکێشـن، ئاخـر (من)یان هۆگری ئـەو خۆراکەیە ژاراوییەیە.

لەسـەر قسـەی خـۆت سـوور مەبـە! ئاخـر ئەگەر هـەر هەمان بۆچوونت هەبێت کە لە ڕابردوودا هەتبووە، کەواتە تۆ لە ڕابردوودا دەژیت، کەواتە مەرجەعی باڵای تۆ، ڕابردووە. ئەگەر هەر وا بژیت کـە لەگـەڵ ڕابردوودا بگونجێـت، کەواتە تۆ مردوویـت. ئەگەر هەر سـووربیت لەسـەر بۆچوونـی خـۆت، وەک ئەوەیـە ژیـان لای تـۆ ڕاوەسـتابێت، یـان تەنانەت کۆتاییشـی پێ هاتبێـت، وەک ئەوە وایە دەرگا و پەنجەرەت بە ڕووی خۆتدا داخسـتبیت، یان سـەری خۆت کردبێت بەژێر خۆڵەوە.

لۆگیـک دوور تـووڕ بـدە! کـەس لـەو ئینسـانە هەژارخەیاڵتر و تاریکڕۆحتر نییە کە هەمیشـە لۆگیک ڕەچاو دەکات. لۆگیک شتێکی دەرەکییـە، دیـوی نـاوەوەی ژیـان ملکەچـی لۆگیـک نییـە. کـوا لـە



Scanned by CamScanner

خۆشەویستیدا لۆگیک هەیە؟ کوا لە پێوەندییت بە منداڵەکانتەوە لۆگیک هەیە؟ کوا لە ئاییندا لۆگیک هەیە، کە لە ئەفسانەوە نزیکترە، وەک لە واقیعەوە؟ لۆگیک بۆ بازاڕ و بۆ بازرگانی گونجاوە، نەک بۆ ژیان، لۆگیک یەک لایەنی هەیە، بەڵام ژیان فرەلایەنە. لۆگیک هێڵێکی ڕاستی نێوان دوو وێستگەیە، بەڵام ژیان شەمەندەفەر نییە، لەسەر هێڵ بڕوات.

*

Scanned by CamScanner

# کتێبێک لە حیکمەت
# (٩)

ژیان هەر خۆشی نییە، خەمیشی تێدایە، خەمیش تامی خۆشی خۆی هەیە، ئاخر ئەوی ئاشنای خەم نەبێت، ئینسانێکی ڕۆحتەزیوە، ئینسـانێکە چێژ لە خۆشـی وەرناگرێت و ناتوانێت قووڵ پێبکەنێت. ئـەوی ژیـان بە هەمـوو ڕەنگەکانییەوە بژی، بە هەموو خۆشـی و تاڵییەکانییـەوە بژی و سـڵ لە سەرکێشـی نەکاتـەوە، ناتوانێت لەو جۆرە کەسـە کەلـلەڕەقانە بێت کە هەمیشـە لەسـەر قسەی خۆیان سوورن. پڕ بە هەموو مانای ژیان، بژی! بە پیری خۆشەویستییەوە بچـۆ! گۆرانـی بڵێ، سـەما بکـە، پێبکەنە، بگری و ڕابمێنـە. بژی، لە



Scanned by CamScanner

شاخ، له شـار و دەشـتودەر بـژی! جێگیـر مەبە، ئینسـانی جێگیر، فەقیرخەیاڵـە، پێشـبینیی کار و کاردانـەوەی دەکرێـت، بـە ئاسـانی جڵـەو دەکرێـت، بـە ئاسـانی لـە کار دەخرێت و دەخرێتـەوە ئیش. کەسی جێگیر زیاتر لە ئامێرەوە نزیکترە، وەک لە ئینسانەوە.

ئینسـانی جێگیـر لای کۆمـەڵ ڕێزلێگیـراوە، چونکـە لەبـری ئـەوەی خاوەنی تاکایەتی بێت، خاوەنی کەسـایەتییەکە کۆمەڵ پێی بەخشـیوە، کەسـی وا لەپێنـاوی ڕازیکردنـی کۆمەڵـدا، دووڕووانە دەژی، یان ڕاسـتتر ناژی، بەڵکوو بە ژیانی خۆی، باجی پاراسـتنی ئـەو کەسـایەتییە سـاختەیە دەدات کـە کۆمـەڵ پێـی ڕەوا بینیـوە. کەسێک هەندێک ژێری شک ببات، ئەو ژیانە ڕەت دەکاتەوە، خۆی بـە بەرپرسـی ژیانی خۆی دەزانێت و لـە ڕوانگەی خۆیەوە دەژی، نەک وەک کۆمەڵ لێی دەخوازێت.

دژی قۆشمە مەوەستەوە، ئاخر دژایەتیکردنی قۆشمە، نیشانەیە بـۆ گەوجایەتـی. فرۆید دەڵێت: (کە نوکتەیەک لەبارەی کەسـێکەوە دەگێڕینـەوە، ئەگـەری ئـەوە هەیە، لە دڵەوە ڕقمـان لێی بێت، بەڵام ڕقەکەمان لەودیو پەردەی قۆشـمەوە بشـارینەوە.) ئایا نوکتەکەت هەڵگـری پەیامێکی ڕقاوییە؟ خۆت دەتوانیت وەڵامی ئەو پرسـیارە بدەیتـەوە، زەحمەتە کەسـێکی تـر بتوانێت، نیازی تـۆ بخوێنێتەوە. نوکتە وەک چۆن دەشێت پاکژ بێت و زەبروزەنگی لەدواوە نەبێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە، هەڵڕشـتنی ڕقێکی شاراوەی پەنگخواردوو بێت. نوکتـە بگێـڕەوە، بـەڵام دژی کەسـانی بەسـتەزمان و بـێ دەسـەڵات نا، دژی کەسـێک نا، کە خۆشـی بوێیت، ئاخر قووڵ پێی بریندار دەبێت. نوکتە بۆ خەڵک بگێڕەوە، مەبە بە کڵاونی دەربار.



Scanned by CamScanner

ئـەوی خۆی بـە خاوەنی ژیانی خۆی بزانێت، سـازش لەسـەر ژیانـی خـۆی نـاکات، جلـەوی ژیانی خـۆی ناداتە دەسـت کۆمەڵ، ئـەو ڕێسـایانە ڕەچاو نـاکات کۆمەڵ دایڕشـتوون و خۆی ناخاتە ژێـر ڕکێفـی کۆمەڵـەوە. کاهین چونکە ملکەچـە و ملکەچی بەرهەم دەهێنێـت، خاوەنی کەسـایەتییە و کۆمـەڵ ڕێزی لێ دەگرێت، بەڵام حەکیمێکـی وەک سـوکرات، چونکـە ئازادبـوو، چونکـە گوێڕایـەڵ و دووڕوو نەبـوو، چونکـە خاوەنـی تاکایەتـی بـوو، جێگەی ڕێزی کۆمەڵ نەبوو. خۆڕسـکانە، پاک و سـادە بژی، ئیدی پێویسـتت بە هیچ فەلسەفەیەک نابێت. قەت پشت بە ڕق و بە داوەریی پێشوەخت مەبەستە. خەون ببینە، بەڵام با پێت لە واقیع دانەبڕێت. هەوڵ بدە، (مـن) نەخەیە ڕسـتەوە، ئاخر بەختـەوەری دوای فەرامۆشـکردنی (مـن) پەیـدا دەبێت و ژیانی ڕاسـتەقینە لـەدوای بزربوونی (من)وە دەست پێ دەکات.

مـردن هـەق نییـە، مـردن ڕاسـت نییـە، مـردن وەهمـە، ئێمـە هەموومـان نامریـن، تەنیـا ئـەو کەسـانە دەمرن، کە (مـن) لەکنیان بـە پلـەی یەک دێـت. ئەگەر بۆت دەرکەوت مـن بوونی نییە و هەر لـە سەرەتایشـەوە نەبـووە، ئەگـەر بـۆت دەرکەوت مـن یەکێکە لە داهێنراوەکانـی ناهۆشـیاری، ئیـدی تۆ لە سـەروو مردنەوەیت، تۆ نامریـت، ئاخـر لەگـەڵ بزربوونـی (مـن)دا، مردنیش بـزر دەبێت. حەقیقەتـی تـۆ شـتێکە ئەبـەدی، ئەگـەر ناخـت ڕۆشـن ببێتـەوە تێدەگەیـت، ژیـان ئـەو ماوەیە نییـە دەکەوێتە نێـوان لەدایکبوون و مردنەوە، بەڵکوو ژیان ئۆقیانووسـێکە، بەردەوام شـەپۆل دەدات و ئێمەیش شـەپۆلی ئۆقیانووسـی وجوودین. وەک چۆن ئۆقیانووس



Scanned by CamScanner

هەر هەبووە و هەر دەیشمێنێت، ئێمەیش هەر هەبووین و هەر دەیشمێنین. تاریکایی بوونی نییە، شەڕی لەگەڵدا مەکە، هەر کە ڕووناکاییت هێنا، دەستبەجێ بزر دەبێت.

خۆڕسکانە هەڵسوکەوت بکە، نەک وەک ڕۆبۆت، ڕۆبۆت هەندێک شتی دیاریکراو فێر کراوە و دەرگا لەسەر عەقڵی داخراوە، دەرگا لەسەر خۆت دامەخە، ئەگەرنا وەک ڕۆبۆتت لێ دێت و ناتوانیت لە دونیای ئەو زانیارییانە بچێتە دەرەوە کە فێریان بوویت. ئەوە دەرگای کراوەیە بەرەو ڕامانت دەبات. تۆ لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر دەزانیت، پێویستت بەوەیە، لە ڕووی چلۆنایەتییەوە گەشە بکەیت. ئەگەر ژیان بناسیت، دەرک بەوە دەکەیت، شتێک نییە، ناوی مەرگ بێت، ئەوەی هەیە گۆڕانکارییە لە ژیاندا، تۆ چەندان ساڵ لەمەوبەر منداڵێکی بچووک بوویت، ئیستا ئەو منداڵە نەماویت، بەڵام خۆ منداڵەکە نەمردووە، کە پیریش دەبیت، تۆ وەک لاو نەماویت، بەڵام لاوەکە نەمردووە. لە هەموو پیرێکدا، هەم پاکژی هەیە و هەم منداڵی، هەم وزەی لاوی و هەم هۆشیاری. پیر نامرێت، وەک جەستە بزر دەبێت، بەڵام سەفەری هۆشیاری هەر بەردەوام دەبێت. بوودا نەمردووە، هێشتا هەر بەردەوامە، بەڵام وەک جەستە نا، بوودا ئیستایش دەژی، بەڵام وەک گوڵ، نا، وەک بۆنی گوڵ، وەک هۆشیاری.

(ئەوانەی ملکەچم نابن، زۆر بە سەختی تۆڵەیان لێ دەکەمەوە، وردوخاشیان دەکەم و فڕێیان دەدەمە نێو ئاگری دۆزەخەوە.) بەگوێرەی پەیماننامەی دێرین، ئەوە گوتەی خوایە. ئایا هۆشیاری ئەو قەبووڵ دەکات، ئەوە هەڕەشەیە فەرموودەی خوایەکی دلۆڤان



Scanned by CamScanner

بێت؟ مـردن ئێسـتا لای تـۆ نییە، ئیـدی بۆچی لێی دەترسـیت؟ کە مـردن هـات، (مـن)ی تۆ لێـرە نییـە، ئیدی بۆچـی لێی دەترسـیت؟ مەترسـە و بـڕوا بـە کاهین مەکە کە دەڵێـت: دوام بکەوە لە ئاگری دۆزەخ دەتپارێـزم. ئاییـن بژارەی تۆ نییە، لە خێزانێکی هیندۆسـدا لـە دایک ببیت، هیندۆسـیت، لـە خێزانێکی بوودایيـدا بێیتە دونیاوە، بوودایيـت، ئاخـر منداڵ هۆگری ئەو شـتە دەبێت کـە لێیەوە نزیکە. بـە قووڵـی و بە چڕی بـژی، هۆگری دووبارەکردنـەوە مەبە! ژیان بـە چـڕی، خۆپاراسـتنە لـە دووبارەکردنـەوە. ژیان بـە چڕی و بە قووڵـی ئەوەیە، کە گریایـت لە دڵەوە بگریت، کە پێکەنیت، لە دڵەوە پێبکەنیت، کە یەکێکت ماچ کرد، لە دڵەوە ماچی بکەیت.

چاوەڕێـی هـەل مەکـە، دونیـا خـۆی هەلـە، وەخـت هەلێکە بۆ ئـەوەی لێیـەوە فێـری هەتاهەتایی ببیـن، ماددە هەلێکـە بۆ ئەوەی لێیـەوە فێری هۆشـیاری ببین، ڕق هەلێکە بۆ ئـەوەی لێیەوە فێری هاوسـۆزی ببین، سێکس هەلێکە بۆ ئەوەی لێیەوە فێری سامادهی ببین،(**) چاوچنۆکییش هەلێکە بۆ ئەوەی لێیەوە فێری هاوبەشی ببیـن. کـە مـردن خـۆی نەبـوو، شـتێکیش نییە بـە نـاوی هونەری مردنـەوە، خـۆت فێـری هونەری ژیـان بکە! ڕووناکی بناسـە، نەک تاریکی، خۆشەویستی بناسە نەک ڕق، ئەرێنی بناسە نەک نەرێنی، ژیان بناسە نەک مردن.

ئـەوی بزانێـت چـۆن و کەی دەسـت بە خۆشەویسـتی دەکات، دەیشـزانێت چۆن و کەی کۆتایی پێ دەهێنێت، لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی خۆشەویسـتیدا، بەدەم سـوپاس و پێزانینەوەماڵئاوایی لە خۆشەویسـتەکەی دەکات و پێـی دەڵێـت: دونیابینییەکی تازەت پێ



Scanned by CamScanner

بەخشیم و زۆر دەرگات بە ڕوومدا کردەوە کە بە خۆم نەدەکرانەوە، بەلام ئیدی وەختی ئەوە هاتووە، لە دڵەوە سوپاست بکەم و هەر یەکەمان ڕێی خۆی بگرێتە بەر. ئەگەر بزانیت خۆشەویستی بکەیت، دەیشزانی چۆن جیا دەبیتەوە و جیابوونەوەکەیشت جوانیی خۆی دەبێت. هەمووچیرۆکێک کۆتاییەکی خۆشـی هەیە، ئەگەر بتوانیت لە کاتـی گونجاودا کۆتایی پێ بهێنیت. ئەگـەر بزانیت جوان بژیت، دەیشـزانیت جـوان بمریـت. مردنـی جـوان، مردنی سـوکرات بوو، مردنـی بـوودا جوان بوو کە بە شـوێنکەوتووانی گـوت: (خەمم بۆ مەخـۆن، چەنـدان جار بۆم باس کردوون، هەر شـتێک دەسـتپێکی هەبێت، کۆتاییشـی دەبێت.) ئیدی چوو لەژێر درەختێکدا دانیشـت، چاوی لێک نا و لە جەستەی بزربوو. بزربوون لە جەستە، یەکەمین ڕامانە، کە لەوە بەدواوە، ئیتر خۆت بە هۆی جەستەوە ناناسێنیت. ڕامانـی دووەم خۆڕزگارکردنـە لـە عەقـڵ و سـێیەم ڕامانیش ئەو کاتەیە کە دڵ لە لێدان دەکەوێت، دڵێک کە تا دوا لێدان، هەر کانگای هاوسۆزی بوو.

تـۆ بـە هـۆی شۆڕشـی تەکنەلۆجیـاوە گۆڕانـی ڕاسـتەقینەت بەسەردا نایەت، گۆڕانی ڕاستەقینە لە تۆدا، بە هۆی ڕامانەوە ڕوو دەدات کە شۆڕشێکە زەمینەکەی ناخی خۆتە. هەموو هونەری ژیان لەوەدا چڕ دەبێتەوە، لەگەڵ ژیاندا پۆزەتیڤ بیت، ڕێزی لێ بگریت و سوپاسی بکەیت. کاهین جەستەی تۆ بەجۆرێک ژاراوی کردووە، لـە مەرگـەوە نزیکتری وەک لە ژیانـەوە. کاهین عەقڵی تۆی جام و ڕۆحی تۆی ئیفلیج کردووە، تۆ بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت، لەسەر دارشـەق دەڕۆیت، هەرچەندە کەوتنت باشـترە لە هانابردن بۆ ئەو دارشـەقە. ژیانێکـی دیکە بـژی، جێگرەوەی تازە بـەکار بهێنە، ڕێی



Scanned by CamScanner

نوێ تاقی بکەوە، ئاوارە بیت باشترە لە گیرخواردن لە بازنەیەکدا. نــە بیــر لە داهاتوو بکەوە، نە ئاوات بــە ڕابردوو بخوازە، ئازا بە و ئێستا بژی، ژیانی تۆ ئێستایە، بیر مەکەوە، گوێ بە ئەنجام مەدە، ئەگەرنا ژیانت بەدەم بیرکردنەوە و ترسەوە تەواو دەبێت.

واعیــز ســەرچاوەکانی ژیانــی تــۆی ژاراوی کــردووە، واعیــز دوژمنــی تــۆ و دوژمنــی مرۆڤایەتییــە، گوێــی لــێ مەگــرە! چێــژ لە سرووشــتی جــوان وەربگرە، بێ دوولّی خــۆت فڕێ بدە ناو گۆمی خۆشەویســتییەوە، مەپرسە بۆچی، مەترسە لە ئەنجام. گوڵ بۆچی دەگەشــێتەوە؟ مــەل بۆچــی دەخوێنێت؟ خــۆر بۆچــی هەڵدێت؟ تۆ بۆچی عاشــقیت؟ ئەو پرســیارە لاوازانە لە خۆت مەکە، ئاخر وەڵام نادرێنــەوە. ژیــان پێوەندییەکــی دڵدارییــە، شــیعر و موســیکە، بــە پرسیاری گەوجانە، ژیان لە خۆت تێک مەدە! خۆش بژی، گوێ بە مــردن مەدە، ژیان پڕە لە ڕووداو، مردنیش یەکێکە لەو ڕووداوانە. ســوکرات پەلەی ئەوەی دەبێت، تاوێک زووتر ژارەکەی بۆ بهێنن، کە جەللادەکەی لێی دەپرســێت، پەلەی چیتە، با بڕێک زیاتر بژیت، پێــی دەڵێــت: تامــی ژیانــم کــردووە، شــارەزای ژیانــم، پێم خۆشــە تامــی مردنیــش تاقــی بکەمەوە! ئــەوی وەک ســوکرات جوان بژی، جوانیــش دەمرێت، مردنێک کە لە منداڵدانی وجوودا بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە.

ژیــان ئەگــەر ژاریــش بێــت، وەک شــەراب نۆشــی بکــە، وەک سوکرات ڕاستی بڵێ و سازش لەگەڵ سیاسەتکاردا مەکە! متمانەت بــە سیاســەتکار نەبێت، ئاخــر گەمەکــردن لەگەڵیاندا مەترســیدارە، دۆستایەتیکردنیشــیان وەک دوژمنایەتیکردنیــان مەترســیدارە.



Scanned by CamScanner

سیاسەت وەک کەشوهەوا وایە، بخوازیت یان نا کاریگەریی لەسەرت دەبێت. تا کۆسپی زیاتر قوت بکرێتەوە، یاخیبوون بەهێزتر و فراوانتر دەبێت، مەسیح لە خاچ نەدرابا، کریستیانیزم لە ئارادا نەدەبوو.

*

(*) أوشو، كتاب الحكمة، ترجمة: متيم الضايع، دار الحوار ٢٠١٣ اللاذقية.

(**) لای بوودایی، سامادهی لووتکەی هۆشیارییە، بەهۆی ڕامانەوە پێی دەگات، ئیدی هاوزەمان هەم لە خودی خۆی نزیک دەبێتەوە، هەم دەبێت بە یەکێک لەگەڵ هەمووان و خۆی لەسەروو دەمەقاڵە و شەڕەوە ڕادەگرێت. سامادهی کۆتایی ڕێی مورێدە، گەییشتنە بە کرۆکی شتەکان و دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی یۆگا دەیگاتێ، ئیدی شەکەتیی نە لە هەستیدا دەمێنێت، نە لە جەستەیدا، ئیدی هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکات، چوارچێوەی (من) بەجێ دەهێڵێت و لە حەقیقەت نزیک دەبێتەوە. مورید کە بە سامادهی گەییشت، ئیدی بە بێدارییش وەها پشوو دەدات، وەک خەوی لێ کەوتبێت، خەوێک بە تەواوی هۆشیارییەوە. سامادهی خۆشییەکی گەورەیە لە ئەنجامی یەکگرتنی عەقل و خودەوە پەیدا دەبێت و ئیدی ئینسان سێکسی بەلاوە گرنگ نابێت، ئاخر سێکس چێژێکی کاتەکییە، بەڵام ئەو خۆشی و بەختەوەرییەی سامادهی بەرهەمی دەهێنێت، درێژخایەنە.

# تانترا
# دونیابینییەک لە شیعر و سەما
# (١)

ئەو هەموو ڕووبارە هەیە
بەڵام گشتیان
لە ئامێزی یەک زەریادا
بەستە دەڵێن،
ئەو هەموو درۆیە هەیە
بەڵام گشتیان
لەبەردەمی یەک ڕاستیدا
بە چۆکا دێن.

*



Scanned by CamScanner

لەبەر ئەوەی
سەر بە دوو دینی جیاوازین
بۆیە لەگەڵ یەک ناسازین،
خوداوەندی تۆ سامانە
منیش هیچ شتێ شک نابەم
غەیری ئەوین.

*

ساراها بەری هەمان درەختی بوودایە، دوو سەدەیەک دوای بوودا پەیدا بووە. ساراها (تانترا)ی دامەزراند، تانترا دونیابینییەکە لە شیعر و سەما. بەردی بناغەی تانترا بریتییە لەوەی، دونیا دوو بەش نییە، سەرەوە و خوارەوە، یەک بەشە، سەرەوە و خوارەوەی لێک ئاڵاون، سەرەوە، خوارەوە لە خۆ دەگرێت و خوارەوەیش سەرەوەی تێدایە. لە تانترادا بوار بۆ خوارەوە ڕەخساوە، بگاتە سەرەوە، کەلێنێکی وا لە نێوان خراپە و چاکەدا نییە کە یارای پڕکردنەوە نەبێت، ئاخر ئەهریمەن لەنێو دڵیدا خوداوەندی هەڵگرتووە و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، ئەهریمەن بگەڕێتەوە بۆ لای خوداوەند.

دیڤل: ئەهریمەنە، دیڤاین: بە مانای خودایی دێت، دیڤل لە دیڤاینەوە هاتووە، لای تانترا، ئەهریمەن خوداوەندێکە هێشتا گەشەی نەکردووە. ئەهریمەن نە دژی خوداوەندە، نە نیازی ئەوەی هەیە بە سەریدا زاڵ ببێت، بەڵکوو بەدوایدا وێڵە و بەڕێوەیە بۆ لای. ئەهریمەن تۆوە، خوداوەند ڕووەکە، ئەگەر تۆو لە ئارادا نەبێت، ڕووەک پەیدا نابێت. ژار و شیلە دوو سیمای هەمان وزەن، مردن و ژیانیش هەروەها، شەو و ڕۆژ، ڕق و سۆز، سێکس و ئەوینیش. تانترا دەڵێت: (بەگژ هیچ شتێکدا مەچۆوە، لێ گەڕێ با هەموو



Scanned by CamScanner

شتێک خۆی نمایش بکات، لەنێو قوڕەوە، گوڵی لۆتس سەری بڵند دەکاتەوە.

تانترا فەلسەفەی ژیانە، ڕێنوێنییەکانی بە زمانێکی ڕەمزی نووسراونەتەوە، هەموو کەس تێیان ناگات، هەڵگرانی ئەو باوەڕە وەک چۆن سرووتی ئاشکرایان هەیە، هی نهێنیشیان هەیە. لە تانتراوە فێر دەبین: ئینسانێکی نوێ لە هەوڵی ئەوەدایە پەیدا ببێت، هۆشیارییەکی نوێ لە دەرگامان دەدات، ئیدی دووڕوویی لە توانایدا نامێنێت، ئاوەزمان دیل بکات. لەمێژە کۆششیان بۆ ئەوەیە، ئینسان ئیفلیج بکەن، لێ نەگەڕێن ئازادانە بژی و نەهێڵن تامی شادی بکات. هیچ نەما بە گژیدا نەچنەوە، هیچ نەما دەستی زبری تێ وەرنەدەن، لە خۆراک و پۆشاکەوە تا هاوڕێیەتی، لە خۆشەویستییەوە تا سێکس. ئەوین سەرکوت دەکەن، بوار نادەن جەستە بدوێت، ناهێڵن عەقڵ بکرێتەوە، بستێک ئەرزیان نەهێشتووەتەوە پێی لەسەر دابنێین، هەموو شتێکیان زەوت کردووە و ئینسانیان لە بۆشاییدا ڕاگرتووە. ئینسانێکی نوێ لە هەوڵی ئەوەدایە پەیدا ببێت، هۆشیارییەکی نوێ لە دەرگامان دەدات، ئیدی دووڕوویی لە توانایدا نامێنێت، ئاوەزمان دیل بکات.

ڕەنگە ناوی (ساراها)ت بەر گوێ نەکەوتبێت کە یەکێکە لەو مەزنانەی خزمەتێکی زۆری مرۆڤایەتییان کردووە. ساراها سەردەمی فەرمانڕەوایی شا (ماهابالا) لە ناوچەی (ماهاراشترا) کە یەکێکە لە هەرێمە گەورەکانی هیند، پێی ناوەتە دونیاوە. ساراها دوو سەدەیەک دوای بوودا ژیاوە، بوودا، ناو نییە، پلەیەکی دینییە، بە مانای (بێدارێکی وریا) دێت، بوودایی لە فەلسەفەی ژیانەوە نزیکترە، وەک لە ئایینەوە. بوودا شازادە بووە، لە دەڤەرێک لەدایک



Scanned by CamScanner

بووە کە دەکەوێتە نێوان هیند و نیپاڵەوە، پێنج سەدەیەک پێش زایین کۆچی دوایی کردووە. ساراها هیندۆس بوو، گەنجێکی بلیمەت بوو، نزیکبوو لە پاشاوە، کە کۆشکی شایانەی بەجێ هێشت و چووە لای (سیری کیرتی) کە وەک خەلیفەی بوودا وابوو، بەرەو داوایەکی سەیر بووەوە: (هەر چی ڕێنوێنییەکانی دینی هیندۆس هەیە، لە بیری خۆتیان ببەوە! خۆت وەک منداڵێک لێ بکەوە کە هیچ نازانێت و وەک لاپەڕەیەکی سپی وایە!)

تانترا ئامانجی ئەوەیە ئینسان ئازاد بێت، گەشە بکات و بەرەو باڵایی هەڵبکشێت، لایەنێکی هەرە گەشی تانترا ئەوەیە، ڕێزێکی زۆری بۆ ژن هەیە، ژن وەک هۆشمەند و وریا دەناسێنێت، تەنانەت بوودا لە شێوەی ژندا پیشان دەدات. بوودایی ڕاستەقینە، با وەک جەستە نێریش بێت، وەک ناخ هەر لە مێ دەچێت، پڕە لە وزەی مێچکایەتی و بارانی ئەوین بەسەر ئەوانی دیکەدا دەبارێنێت. شوێنکەوتووانی تانترا زیاتر ژن بە مامۆستای خۆیان دەزانن و پێیان وایە تەنیا ژن دەتوانێت، ڕێبەریان بێت.

تانترا هەرچەندە بایەخێکی زۆر بە یۆگا و ڕامان دەدات، بەڵام ڕێنوێنییەکانی بەرهەمی دوورەپەرێزی نیین و لە خەڵوەت و ئەشکەوتەوە سەریان هەڵنەداوە، ئینسان لەنێو جەرگەی بازاڕدا بە هۆی ئیشەوە فێریان دەبێت. تانترا بۆ ئەوانە گونجاوە کە کەسانی سەرەتایی و خۆڕسک و سرووشتین، نەک ئەوانەی بە زەبری کولتووری زبر، وەک پلاستیکیان لێ هاتووە. تانترا پێی وایە، ئەوانەی ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان نییە، چالاکترن، ئەوە بۆیە ئەمریکاییە سوورەسپییەکان لە ڕەشپێستەکان دەترسن، ئاخر سوورەسپی وەک پلاستیکی لێ هاتووە و زنجی هێشتا تەڕوبڕ



Scanned by CamScanner

و زرپوزیندووە. لە ڕوانگەی تانتراوە، ململانێی سپی و ڕەش لە ئەمریکا، پێوەندیی بە ڕەنگی پێستەوە نییە، ململانێی نێوان ئینسانی پلاستیکی و ئینسانی ڕاستەقینەیە، زادەی ئەوەیە، پیاوی سپی لەوە دەترسێت، ڕەشێک کە هێشتا خاوەنی وزەیەکی سەرەتاییە، کە سێکسیتر و چالاکترە، ژنەکەی لێ داگیر بکات. تانترا پێی وایە، ئەمریکاییی سپیپێست، وەک میوە و مریشکی ناسرووشتی، بە هەڵە پێگەییشتووە و وەک پلاستێکی لێ هاتووە، بەڵام ڕەشپێست کە هێشتا ئینسانێکی سەرەتاییە و پێنەگەییشتووە، ئەگەری ئەوە هەیە، ڕێی ڕاست بگرێتە بەر و دروست پێ بگات.

ئەوە گرینگ نییە خۆت بە بوودایی بزانیت و زانیاریت لەبارەی دینەکەوە هەبێت، ئاخر بوودایی بە کردەوەکانیدا دەناسرێتەوە، نەک بە قسە و زانیارییەکانیدا. بوودایی خۆی لەم یان ئەو جەمسەر بەدوور دەگرێت، نە ئەمپەڕە، نە ئەوپەڕ، ناوەڕاستی بەلاوە پەسەندە. سەرمایەداران وای بۆ دەچن: (لە غەیری سەرمایە هیچ خوداوەندێکی دیکە نییە.) بوودایی هەرگیز ناتوانێت وەها بیر بکاتەوە و قەت سامان نابێتە ئامانجی، ئاخر پێی وایە، شێتایەتی ئەوەیە، ژیان بۆ گەییشتن بە سامان تەرخان بکەیت. لای بوودایی ئاسوودەیی لەوەدایە، بە هۆی کارەوە فێری فەلسەفەی ژیان ببیت و هەر کارێکت کرد، ئەوەندە بە چاکی و ڕێکوپێکیی خەریکی بیت، وەک ژیانت بە جوان ئەنجامدانی ئەو کارەوە بەند بێت. لەبن هەژموونی هیچ کارێک ڕزگارت نابێت، ئیللا مەگەر بە تەواوی و بە دروستی بیکەیت. ڕامان ئەوە نییە، ماوەیەکی درێژ وەک بەرد بێ جووڵە و بێ دەنگ لێی دابنیشیت، ئەوەیە بە هەموو بوونتەوە لە ژیاندا نوقوم بیت، ئەوەیە ئەوەندە قووڵ بەو کارەدا کە پێیەوە خەریکیت، ڕۆ بچیت، ئاگات لە دەوروبەر نەمێنێت.



Scanned by CamScanner

تانترا کە هەڵگری ڕۆحێکی قۆشمەیە، باڵاترین شێوەی ئەوینە، ئەوینیش بریتییە لە گەمە. ئەو کاتە هاوژینەکەت لە ئامێز بگرە کە هەست دەکەیت بەختەوەریت، ئاخر خۆشەویستی گەمەیە، بۆ وەچە خستنەوە نییە، خۆ خۆشەویستی کارگەی بەرهەمهێنانی منداڵ نییە. کە خولْکت هەیە، کە شادمانیت و حەزت لە سەماکردن و سترانگوتنە، ئەو کاتە خەریکی گەمەی خۆشەویستی بە! هەر کە ڕۆحی قۆشمە و گەمەکردن لە تۆ و خۆشەویستەکەتدا مرد، ئیدی وەک دوو ئەویندار نامێنن، دەبنە ژن و مێرد و ژیان لە کنتان وەک کانییەکی کوێرەوەبووی لێ دێت، ژیانتان دەبێتە زنجیرەیەکی درێژ لە فێڵ و دووڕوویی. (ساراها) لەڕێی سەما و گۆرانییەوە، فەلسەفەی ژیانی بڵاو دەکردەوە، ئەوانەیشی سەردانیان دەکرد لەگەڵیدا دەکەوتنە سەماکردن و سترانچڕین.

بۆشایی لای بوودایی، بەو مانایە دێت، ئیدی ئینسان لە جەستەی ڕزگاری بووە، ئیدی چێژ لە وەخت وەردەگرێت و هەست بە ئاسوودەیی دەکات. براهماچاریا ئەوەیە، وەک ڕووکەش خۆت وەها پیشان دەدەیت، سێکس بە لاتەوە گرینگ نییە، بەڵام لە ناختدا گڕکانێک هەیە، ها ئێستا، ها تاوێکی تر تەقییەوە. لە تانترادا، پیاو بەرانبەر ژنێکی ڕووت دادەنیشێت، تا لێی تێر دەبێت سەرنجی دەدات، ئیدی ئارەزووی ئەوە ناکات، ژنی ڕووت ببینێت، ئیدی لەو خولیایە ڕزگاری دەبێت، هەر ژنێکی بینی، لە خەیاڵی خۆیدا ڕووتی بکاتەوە.

تانترا پێمان دەڵێت: نە دەچیتە ئەو دۆزەخەوە کە زەندەقت لێی چووە، نە بۆ ئەو بەهەشتە دەچیت کە خەونی پێوە دەبینیت. دۆزەخ



Scanned by CamScanner

خۆی دێت بۆ لات، بەهەشتیش هەروەها، ئەگەر توانیت بوونی خۆت بگۆڕیت، بەهەشت دێت بۆ کنت، ئەگەرنا هەنووکە لە دۆزەخدایت و هەر لەنێویشیدا دەمێنییەوە. شیزۆفرینیا ئەوەیە، تۆ دوو لەت بوویت، شتێک دەڵێیت و شتێکی دیکە دەکەیت، چاوشارکێ لەگەڵ خۆتدا دەکەیت، ئەوە هەر دوولەتبوونی تۆ نییە، دۆزەخیشە، چونکە بەهۆی ئەو دووڕووییەوە هەمیشە نیگەرانیت و ئازار دەچێژیت.

ئەو تێکستانەی وەپاڵ ساراها دراون، دەقی شیعریین، بە گۆرانی گوتراون و سەت و شێست کۆپلەیان بۆ عەوام نووسراون، هەشتایان بۆ شاژن و چلیان بۆ پاشا.

ڕێز لە ئینسانێ بگرە
سنووری بەزاندبێ
گێل مەبە گێل چرایەک
بە دوو چرا دەبینێ
گێل تێناگا بینەر و
بینراو تاقە یەکێکن
با چرایش داگیرسابێ
بەڵام کەسی نابینا
لە تاریکیدا دەژی
وەک سەرخۆش چۆن کەسێکی
لە کن دەبێ بە دوو کەس
هۆشیار نەبی تۆیش بیرت
بۆ لای شتی وا دەڕوا
کە نە هەن و نە دەبن
خۆڕسکی دەورەی داوین



Scanned by CamScanner

فریومان نەخواردبا
تێر تێر سەمامان دەکرد
تێر تێر سترانمان دەگوت،
خۆڕسک بە! ئەگەرنا
ناگەی بە هەواری هەق.

❋

Scanned by CamScanner

# تانترا
# دونیابینییەک لە شیعر و سەما
# (٢)

هیراکلیتۆس پێی وایە، (ناتوانین دوو جار لە هەمان ڕووباردا مەلە بکەین،) چونکە ئاوی ڕووبارەکە دەگۆڕێت، بەڵام پارمێنیدیس وای بۆ دەچێت: (هیچی تازە لەژێر خۆردا نییە،) هەردووکیشیان ڕاست دەکەن، ئاخر هەرچەندە ئاوی ڕووبارەکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی مەلەی تێدا دەکەین هەر ئاوە، کەواتە حەقیقەت لای کەسێک نییە، هەر یەکە و بەشێک لە حەقیقەتی لە کنە. ئەگەر پێت وایە هەموو حەقیقەت لای تۆیە و دەتوانیت هەموو حەقیقەت بڵێیت، ئەوا هیچ گومانت لەوە نەبێت، ئاوەزت ساغڵەم نییە، تووشی بەبەردبوونی باوەڕ بوویت. کە لە بوودا دەپرسن حەقیقەت کامەیە،



Scanned by CamScanner

بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، چونکە سوور دەزانێت، ناتوانێت هەموو حەقیقەت بڵێت و دەکەوێتە ناکۆکییەوە. وەک نموونە: ئەگەر بڵێین هەور بەسوودە، ئەوە هەموو حەقیقەت نییە، ئاخر ئەگەر لافاوی لێ بکەوێتەوە، زیانبەخشە. بەهۆی هەورەوە ئاسمان هەڵمەسەنگێنە، با هەور ڕەشێکی چڵکنیش بێت، ها ئێستا ها تاوێکی تر ئاسمان ڕۆشن دەبێتەوە. بەهۆی یەک هەڵوێستی خراپەوە، حوکم لەسەر ئینسانێک مەدە، ئاخر تەمەنێک لە هەڵوێستێکدا چڕ ناکرێتەوە.

گۆڕان بەوە چێ نابێت، دوای بوودا، مەسیح، یان هەر کەسێکی دیکە بکەویت، گۆڕان ئەوەیە شوێنکەوتەی کەس نەبیت و ئاسوودەیش بیت. گۆڕان لە ئایندەوە دێت، نەک لە ڕابردووەوە، گۆڕان پەسەندکردنی بیروباوەڕی دێرینی ئەم یان ئەو نییە، کرانەوەیە بە ڕووی داهاتوودا. ڕابردوو کۆتاییی هاتووە، مردووە، بینێژە، ئەگەر هەر بە کۆڵتەوە بێت، بواری فڕینت بۆ نارەخسێت. ئەگەر هاوبیری ئەم پەیامهێن، یان ئەو ڕێبەر بیت، دەرگای داهاتوو بە ڕووی خۆتدا کڵۆم دەدەیت. ئەگەر لە لاساییکەرەوەیەک بەولاوە هیچی دیکە نەبوویت، ئەوە خاترجەم بە، ژیانێکی ڕاستەقینە نەژیاویت، ژیانت بریتیبووە لە وەهم. ژیانی ڕاستەقینە ئەو وەختە دەست پێ دەکات کە خۆت لە بازنەی ڕابردووت دەرباز دەکەیت، هەر ئەوەیش سەرەتای گۆڕانە لە تۆدا.

ئەوە کێشەی تۆ نییە ئەو خەڵکە بە چییەوە خەریکن، خوای دەکرد وەختێکی زۆریان بە گەمەیەکەوە بەفیڕۆ دەدا، لێیان گەڕێ تا خۆیان وەڕس دەبن و شێوازی ژیانی خۆیان دەگۆڕن. تۆ چیت، تا ڕێی ڕاست پیشانی ئەوان بدەیت؟ کێ دەڵێت خۆت لەسەر ڕێی ڕاستیت؟ پێت وایە ئەگەر بەو چەشنە ژیان بەسەر بەرن، بۆ دۆزەخ

دەچـن؟ ئـەوە بژارەی خۆیانە، کێشــەی تۆ نییە، تـۆ خەریکی خۆت بە، هەقی ئەوانی دیکەت نەبێت. دز بۆ ئەوەی هەست بە گوناهباری نـەکات، ئـەو خەڵکە هەموویان بە دز لە قەڵـەم دەدات. ئەوانی دیکە مەدە بەر تیشک، لە خۆت ورد ببەوە. چاودێریی ئەوانی دیکە مەکە، چاودێریی خۆت بکە!

ئەگەر چاودێریی خۆت بکەیت، هێدی هێدی لایەنە نەرێنییەکانت بـزر دەبـن و لایەنە ئەرێنییەکانت گەشــە دەکەن، کوێرەوەرییەکانت بزر دەبن و ئاسوودەیی و بەختەوەری جێیان دەگرنەوە، خەمۆکی لە کۆڵت دەبێتەوە و ڕووت بە زەردەخە دەگەشێتەوە، متمانەکردنت بەوانی دی، جێگەی بەدگومانیت دەگرێتەوە. فریو بدرێیت، باشـترە لـەوەی متمانــە بــە کـەس نەکەیت، ئاخر ناشـێت متمانـەت بە کەس نەبێت و چێژیش لە ژیان وەربگریت. لەڕێی چاودێریکردنی خۆتەوە گۆڕانـت بەســەردا دێـت، چاودێریی خـۆت بکە، ئەو وزەیـە لەوانی دیکـەدا بەفیـڕۆ مـەدە، کەس لەســەر ئـەوەی چاودێریت کـردووە، سوپاســت ناکات، ئاخر چاودێریکردنی ئەوانی دی، کارێکی دزێوە، ئاخر کەسی چاودێریکراو، وا هەست دەکات سووکایەتی پێ کراوە، چونکە هەموو کەسـێک حەزی لێیە، ژیانێکی تایبەتیی خۆی هەبێت. تـۆ چیت، دەســت بخەیتە ژیانی ئەوانی دیکـەوە و لە کونی کلیلەوە ســەیریان بکەیت؟ تاقە کەسـێک کە نانی لـە چاودێریکردنی ئەوانی دیەکەدایە و شەرمیشــی بە خۆی نایەت، واعیزە. سـیخوڕ لە واعیز شــکۆمەندترە، ئاخـر سـیخوڕ خـۆی دەرکـی پـێ دەکات کەسـێکی سەنگین نییە. چی زووترە واز لە چاودێریکردنی ئەوانی دیکە بهێنە، چاودێریی خودی خۆت بکە!

کـە بتوانیـت بــە هیچــەوە ســەرقاڵ نەبیـت، بەبـێ ئــەوەی ئـەو



Scanned by CamScanner

سەرقاڵنەبوونە نیگەرانت بکات، ڕامان لەو چرکەساتەوە دەست پێ دەکات. ئەگەر پێت وایە کێشەیەکت هەیە، تاوێک لە بیری خۆتی ببەوە، تاوێک پشوو بە بیرت بدە، ئەو پشووە، بۆشایی دروست ناکات، کەلێن پڕ دەکاتەوە. ئەگەر بتوانیت پشوو بە بیری خۆت بدەیت، کەواتە لە واقیعدا کێشەت نییە، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کێشەیەکی وەهمیت بۆ خۆت خولقاندووە. کە هیچ نییە بیکەیت، چێژ لە سەرقاڵنەبوونە وەربگرە، هەست بە وەڕسی و نیگەرانی مەکە! ئەگەر کەموکوڕییەکت هەیە، بە ئاسایی وەری بگرە، ئاخر کەسێک نییە لە هەموو ڕوویەکەوە لە لووتکەدا بیت، ئەگەر خۆتت وەک هەیت قەبووڵ کرد، هەست دەکەیت ئەوەی بە کێشەت زانیوە، لە وەهم بەولاوە هیچی دیکە نییە. ئەگەر چێژت لەم چرکەساتەی ئێستات وەرگرت، چرکەساتی داهاتووت چێژبەخشتر دەبێت، ئاخر داهاتوو زادەی ئێستایە. هەرگیز هیوابڕاو مەبە، هەمیشە خەون بە دواڕۆژێکی گەشترەوە ببینە!

بەهۆی (تانترا)وە، لەوە ڕزگار دەبین، ژیان لە سێکسدا کورت بکەینەوە. سێکس شتێک نییە بە چەپاندن کۆتایی پێ بێت، ئاخر حەقیقەتێکی بایۆلۆجییە. سێکس گڕکانێکە بە سەرکوتکردن هێور نابێتەوە، بەوە خامۆش دەبێتەوە بەری لێ نەگیرێت. سێکس بەوە لەنێو ناچێت، بیکەیت بەژێر قوڕی ناهۆشیارییەوە، نوێژ و ڕۆژوو، دوورەپەرێزی، ئەشکەوتنشینی و گیرخواردن لە پەرستگەدا، وزەی سێکس لاواز ناکەن، بەهێزتری دەکەن. بەهۆی لێ تێگەییشتنییەوە وەک هەیە، مامەڵە لەگەڵ سێکسدا دەکرێت، نەک بەهۆی نکووڵی لێ کردنییەوە. ئەوە چەند هەڵەیە ژیانت بۆ سێکس تەرخان بکەیت، لای کەم هێندەیش هەڵەیە سێکس سەرکوت بکەیت. خۆتەرخانکردن بۆ سێکس و چەپاندن، دوو جەمسەرەکەن، بوودا فێرمان دەکات، لە

Scanned by CamScanner

ناوەڕاستدا بین، نە لەمسەر بین و نە لەوسەر، نە سێکس سەرکوت بکەین، نە پێمان وابێت، ژیان سێکسە و هیچی تر. ساراها دەیویست لە سێکس حاڵیی ببێت، دەیویست بزانێت ئەو ئەفسوونە چییە کە لە ئۆرگازمدا هەیە، دەیویست لە نهێنیی چرکەساتی لووتکەی چێژی جووتبوون تێبگات.

سێکس وزەیەکە سرووشت بە ئینسانی بەخشیوە، بەردەوامیی ژیان زادەی وزەی سێکسە، کلیلی دەرگای نەمرییی، لە وزەی سێکسدا حەشار دراوە، بایەخی سێکس هەر لەوەدا نییە، ئینسان بە هۆیەوە وەچە دەخاتەوە، ئەوەیشە ئەگەر وزەی سێکس سەرکوت نەکرێت، ستەمکار لە توانایدا نابێت، خەڵک سەرکوت بکات. سەرکوتکردنی سێکس ئینسان دەشێوێنێت، سیاسەتکار و واعیزیش بە ئاسانی کەسی شێواویان پێ جڵەو دەکرێت. بەهۆی (تانترا)وە فێری کردنەوەی کۆدەکانی سێکس دەبین، تانترا پێمان دەڵێت: (وەک زەریا سینگت بۆ با بکەوە! لەگەڵ سرووشتدا هاوڕێتم بە! ئەگەرنا نە تامی شادی دەکەیت، نە ڕێی بەرەو لای خوا دەبینییەوە، ئاخر خوا بەهۆی سرووشتەوە خۆی نمایش دەکات، ئاخر سرووشت جەستەی خوایە. گوێ بۆ سرووشت ڕادێرە! وەها نا وەک گوێ لە فەیلەسووف ڕابگریت، وەها وەک گوێت بۆ موسیک شل کردبێت. تەنیا لەڕێی خۆشەویستنییەوە، لە زمانی سرووشت تێدەگەیت.)

تۆ لەنێو هەناسەی منای
لە خولیا و لە تاسەی منای
لە خەون و خەیاڵی منای
لە لێدانی دڵی منای
لەنێو نیگاکانی منای



Scanned by CamScanner

لای تانترا، خۆڕسکی مەزنترین بەهایە، با بە تەواوی سرووشتی بین، با لێ بگەڕێین سرووشت ڕێڕەوی خۆی بگرێت، نەبینە کۆسپ لەبەردەمیدا، ئەگەرنا ڕێڕەوی خۆی بزر دەکات و بەرەو جێیەکی دیکە دەچێت. با خۆمان بدەینە دەست سرووشت، با بە پێچەوانەی ڕێڕەوی سرووشتەوە مەلە نەکەین، با بەدرێژایی ڕێگەکە هاوسەفەری سرووشت بین. خۆڕسکی ئەوەیە گوێڕایەڵی سرووشتی خۆمان بین، ئاخر ناکرێت سرووشتمان ڕووی لە باکوور بێت و ئامانجمان لە باشوور بێت. ئەو خەڵکە بۆچی خەمناکن؟ چونکە بەرەو ئامانجێک بەڕێوەن کە زادەی خەیاڵێکی ناساغە، چونکە سرووشتی خۆیان ڕازی ناکەن. خۆڕسکی ئەوەیە ئازادانە هەڵسوکەوت بکەیت، کولتوور و کۆمەڵ جڵەوت نەکەن، گەشە بکەیت و گوڵ بگریت، گوێ بۆ هەستی خۆت شل بکەیت، نەک بۆ مۆچیاریی ئەوانی دیکە. ئەگەر ملکەچی ئامۆژگاریی ئەم و ئەو بیت، دەمریت و تامی ژیان ناکەیت.

کۆمەڵ گەلێک کۆت و پێوەندی لە ناخی هەر یەکێکماندا جێگیر کردووە کە لێ ناگەڕێن خۆڕسکانە هەڵسوکەوت بکەین. ئەو کۆت و پێوەندانە کە بۆمان دیاری دەکەن، چی بکەین و چی نا، دەنگی باوکێکی ستەمکارە، دەنگی واعیز و دەنگی سیاسەتکارە، ناخمانی داگیر کردووە. ئەگەر دژی فەرمانی ئەو کۆت و پێوەندانە بجوولێینەوە، هەستێکی وامان لە کن دروست دەبێت، وەک تاوانێکی گەورەمان کردبێت. ئەگەر سرووشتی بین و خۆڕسکانە ڕەوتار بکەین، لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە تاوانبارین، ئاخر کۆمەڵ داومان لێ دەکات، ناسرووشتی و ناخۆڕسک بین. بۆچی هەست بە بەختەوەری ناکەین و لە ژیان نائۆمێد دەبین؟ چونکە کۆمەڵ لێ



Scanned by CamScanner

ناگەڕێت وەها بژین، وەک دەخوازین و وەک سرووشتی خۆمان داوامان لێ دەکات. ستێرنی سەیارەکە بە دەستی تۆوەیە، بەڵام تۆ لێی ناخوڕیت، ئاخر لە ڕیزی پشتەوە، واعیز و سیاسەتکار دانیشتوون و زوو زوو پێت دەڵێن: وا بکە و وا مەکە، وا بڕۆ و وا مەڕۆ! ژیانیش وایە، ئەوانی دیکە بۆت دیاری دەکەن چۆن بژیت، خۆت هیچت بە دەست نییە.

*

(*) أوشو، رؤية التانترا، سر التجربة الداخلية، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، الطبعة الثانية ٢٠١٤ دار الفرقد، دمشق.

Scanned by CamScanner

# تانترا
# دونیابینییەک لە شیعر و سەما
# (٣)

کێشەکە ئەوە نییە زۆرینە لەسەر هەقن، یان تۆ، کێشەکە ئەوەیە تۆ پێویستە هەمیشە گوێ بۆ سرووشتی خۆت شل بکەیت، ئاخر خۆڕسکی هەمیشە لەسەر هەقە. ئەوی لاسایی زۆرینە بکاتەوە و یەکێک بێت لە مێگەل، هەرگیز لە توانایدا نابێت، بوونی خۆی بسەلمێنێت. لاساییکەرەوە وا هەڵسوکەوت دەکات، وەک واعیز یان سیاسەتکار لێی دەخوازێت و هەر ئەوەیش دەڵێتەوە کە لە یەکێک لەو دووانەوە گوێبیستی بووە. لاساییکەرەوە لە باشترین دۆخدا تووتییە، ئاخر تووتی، تەنات ئەگەر خاوەنەکەی لە ئەنجامی سیگارکێشانیشەوە بکۆکێت، ئەویش دەکۆکێت، چونکە



Scanned by CamScanner

بێجگە لە لاساییکردنەوە هیچی دیکە نازانێت. ئەگەر ژیانت بە لاساییکردنەوەوە بەسەر ببەیت، ژیانت لە کیس دەچێت، ئەوە بۆیە لای تانترا، خۆڕسکی بە پلەی یەکەم دێت.

خۆڕسکی دوو جۆرە، یان زادەی هەڵچوونە، یان لە هۆشیارییەوەیە، جۆری یەکەمیان کاردانەوەیە، بەڵام جۆری دووەمیان بەڵگەیە بۆ تاکایەتییەکی بێ وێنە. زۆر جار کە پێت وایە کەسێکی خۆڕسکیت، ڕاستییەکەی کەسێکیت زوو زوو هەڵدەچێت. ئینسان لە فیکر و بایۆلۆجیا پێک هاتووە، خۆڕسک کەسێکە گوێڕایەڵی هیچ کامیان نەبێت، ئاخر فیکر، کۆمەڵ بەرهەمی هێناوە و بایۆلۆجیایش زادەی گەشەسەندنی ملیۆنان ساڵە، بۆیە خۆڕسک کەسێکە وەک چاودێرێک سەرنجی هەردوو لایەنەکە بدات. لای تانترا خۆڕسکی ئەوەیە، سیخناخ بیت لە هۆشیاری، ئاخر ئەگەر هۆشیار بین، نە بە تەڵەی فیکرەوە دەبین، نە بە هی جەستەوە. خۆڕسکیی ڕاستەقینە، نە وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی فیکرە، نە گوێڕایەڵییە بۆ پێویستییەکانی جەستە، لە قووڵاییی ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێت. ئەوی دوای ئارەزووی جەستە بکەوێت، کەسێکە چاوی ڕۆحی نابینایە، فیکریش شتێکە زوو یان درەنگ، دەبێت بە بەرد.

وابەستەی فیکر بین یان هی جەستە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە، ئاخر بە هەردوو بارەکەدا هەر ژیانێکی ناهۆشیارانە بەڕێ دەکەین. بوودا پێی وایە، ئەگەر خۆڕسکی لای تۆ، لەسەر هەردوو لاقی حیکمەت و ڕەحمەت بڕوات، ئەوا خاوەنی خۆڕسکییەکی ڕاستەقینەیت. مەبەست لە حیکمەت فیکر نییە، بەڵکوو هۆشیارییە، ڕامانە، بێدەنگییە، بێداری و ورياييیە کە ڕەحمەت بەسەر مرۆڤایەتیدا دەبارێنن. ئەگەر بەختەوەریت لەو



Scanned by CamScanner

کاتەوە دەست پێ دەکات کە هەست بە کوێرەوەریی ئەوانی دیکە بکەیت، خەمیان بە هی خۆت بزانیت و بە هانایانەوە بچیت، ئەوا تۆ بە هۆشیارییەوە خۆڕسکیت.

دونیا پێویستی بە دابڕان هەیە، دابڕانێکی وا، مرۆڤایەتی لە فریودەران ڕزگار بکات، دابڕانێک ئیدی فریودەر نەتوانێت، خۆی وەک فەریادڕەس نمایش بکات و ئینسان وەک ئامراز وەگەڕ بخات. بوودا دەڵێت: ئەگەر ڕەحمەت هۆشیاریی لەگەڵدا نەبێت، خێری لێ ناکەوێتەوە، هۆشیارییش بەبێ ڕەحمەت، لە خۆپەرستی بەولاوە هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت. بوودایی نموونەیی کەسێکە، هەم هۆشیار بێت و هەم دلۆڤانیش، ئاخر هۆشیاری بەبێ دلۆڤانی، چاکەی لێ سەوز نابێت و تا هاوزەمان هۆشیار و دلۆڤان نەبین، لە داوی خۆپەرستی قوتارمان نابێت.

لە هەنگوینەوە نزیکین<br>ئەگەر نەیخۆین<br>تا سەر لە جێی خۆی نامێنێت.

تۆ بەشێکیت لە ئاسمان، بەڵام ئەگەر بە هۆشیارییەوە لەگەڵیدا یەک نەگریت، ڕێت لێ ون دەبێت، ئاخر هەرچەندە هەزاران ڕێ هەیە، وەلێ یەکێکیان دروستە، ئەوەی بۆ هەواری کرۆکی خۆت دەچێت. ئاسمان لە جێی خۆی نابزوێت، ئەوە هەورە سەفەر دەکات، ئاسمان لە هەموو جێیەکە، نزیکە لە خۆتەوە، پێویستت بەوە نییە بەدوایدا وێڵ بیت، پێویستت بە ڕێنیشاندەر نییە. بۆ ئاسمان مەگەڕێ، دوور مەڕۆ! بەختەوەری لە نزیک خۆتەوەیە، بەجێی مەهێڵە! هەر ڕێیەک بگریتە بەر، بزر دەبیت و بەختەوەریی



Scanned by CamScanner

ڕاستەقینەت لە کیس دەچێت، ئاخر کانیاوی بەختەوەری لە کرۆکی خۆتــەوە هەڵدەقوڵێـت. مەڕۆ، تــا بڕۆیت، لە کرۆکـی خۆت دوورتر دەکەوییەوە.

ساراها باسی دوو جۆر لە بەختەوەری دەکات، یەکێکیان بەهۆی شــتێکەوە، یان کەســێکەوە هەســتی پێ دەکەیــت و کاتەکییە، ئەوی تریان نە پێویســتی بە کەســی دیکە هەیە، نە بە هیچ شــتێک، بەڵام هەمیشــەییە. بـۆ گەیشــتن بە بەختەوەریی ڕاســتەقینە، پێویســتت بــە هەڵکشــان نییە بــە هیمالایــادا، حەوجەت بە ڕۆچوونــە بە ناخی خۆتدا. جۆرە کەڵەئاسکێک هەیە، لە ناوکیدا میسک هەیە کە بۆنێکی گەلێک خۆشــی هەیە، هەر بە ئەفســوونی ئەو بۆنە خۆشەیش، مامز لێــی نزیــک دەبێتەوە و لەگەڵیدا جووت دەبێت. کەڵەئاســکەکە خۆی نازانێــت، ئــەو بۆنە خۆشــە لە خۆیدایە، بۆیە کە ئارەزووی ســێکس دەکات، بــەدەم ڕاکردنەوە بۆ ســەرچاوەکەی دەگەڕێت، ئینســانیش وایە، شــێتانە بەدوای ئاســوودەییدا دەگەڕێت، بەبێ ئەوەی دەرکی پێ بکات، لە ناخی خۆیدایە.

تەنیا ئەو وەختە لە دونیا تێدەگەین کە لە هەلومەرجێکی ئازاددا بژیــن، ئەگــەر کۆیلەی کتێبێکی دینی، یان فەلســەفی بین، دەمرین و هیــچ لــە دونیا حاڵی نابین، ئاخر دەرککــردن، حەوجەی بە عەقڵێکی کراوە و ژینگەیەکی ئازاد هەیە. ئەو خۆشییەی دەرەکی بێت، کە لێی نزیک دەبینەوە، هەســت دەکەین شــتێکە وەک ســەراب، ئەوسا خوا خوامانــە چی زووتــرە لێی دوور بکەوینــەوە. ئەوانەی بەختەوەری لە هاوسەرگیریدا دەبینن، هەر زوو ددان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن، ئاخر هەســت دەکەن هاوســەرگیرییش وەک ســەراب لــە دوورەوە هیوابەخشــە. تــا لە ژیــان ورد نەبینــەوە و چاودێریــی نەکەین، لێی



Scanned by CamScanner

تێناگەین و لە وەهمی سەراب و لە فریوخواردن قوتارمان نابێت.

لای ساراها، دونیا ئەوە نییە بە چاو دەیبینین، دونیا دەشتودەر و شاخ و ڕووبار نییە، دونیا ئەوەیە خۆمان بەهۆی هۆشیاری و ورياییيەوە دەرکی پێ دەکەین، دونیای ڕاستەقینە نیرڤانایە. نیرڤانا کە لەڕێی ڕامانی قووڵی درێژخایەنەوە پێی دەگەین، بە هۆیەوە لە دونیای دەوروبەر دادەبڕێین، دابڕانێک وەک زەین و وەک جەستەیش پێوەندیمان بە دونیای دەرەوە نامێنێت. ئامانج لە نیرڤانا بەهێزکردن و بەگەڕخستنی وزەکانی ڕۆحە، بۆ گەییشتن بە قنیاتکردن، کوشتنی ئارەزووەکان، ڕزگاربوون لە نیگەرانی و لەنگەرگرتن لە ئەوپەڕی ئاسوودەییدا. بەهۆی نیرڤانەوە لە چاوچنۆکی و ڕق ڕزگارمان دەبێت و بە ئاشتەواییيەکی تەواوی ڕۆحی دەگەین، ئیدی نە هەڵپەی هیچ شتێک دەکەین و نە لە کەس تووڕە دەبین.

بەهۆی نیرڤاناوە تێدەگەین پەلکەزێڕینەیش وەک سەراب وەهمە، تێدەگەین هەموو ئەو بەناو خۆشییانەی لە دوورەوە چاومان لێ دادەگرن و بۆ لای خۆیانمان بەکێش دەکەن، لە خەونی زڕ و لە فریودان بەولاوە هیچی دیکە نیین، ئیدی لەو وەرچەرخانەدا دەرک بە حەقیقەت دەکەین، گۆڕانمان بەسەردا دێت و وەک ئینسانێکی نوێ لە دایک دەبینەوە. بەهۆی نیرڤاناوە دەرک بەوە دەکەین، کام پێوەندی بە ڕووکەش، جوان خۆی دەنوێنێت، جۆرێکە لە کۆیلایەتی و نابێتە هەوێنی بەختەوەری، ئاخر بەختەوەری لە دەرەوە نایەت، لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت. ساراها دەڵێت: (ئەوی پێی وابێت، بەختەوەری لە دەرەوە دێت، کۆیلەیەکی دڕندەیە، ئاخر ئینسانی ئازاد دەزانێت، سەرچاوەی بەختەوەری لە ناخی خۆیدایە.)

خۆشەویستی کوشندەیە، بەو مانایەی کە چووینە نێو دونیای خۆشەویستییەوە، ئیدی ئەو ئینسانەی پێشوو نامێنین و سەرلەنوێ لە دایک دەبینەوە. ئەگەر خۆشەویستی قووڵ و بەهێز بێت، با هەوڵێکی زۆریش بدەین، هەر ناتوانین خۆمان لەبەر لافاویدا ڕابگرین، ئەگەر شەڕیشی بکەین، شەڕێکی دۆڕاو دەکەین، وەک شەڕی ئەو سەربازە ژاپۆنییەی سالانێک بوو وەلاتەکەی خۆی بە دەستەوە دابوو، کەچی ئەو لە جەنگەڵەکانی ئەندەنووسیادا بە تاقی تەنیا هەر بەرگریی دەکرد. دەبێت ددانی پێدا بنێین، بەهۆی خۆشەویستییەوە، خودی خۆمان لە دەست دەدەین، ئاخر تێیدا دەتوێینەوە و بزر دەبین.

تا هۆشیاریت بەرینتر بێت، دونیابینیت فروانتر دەبێت، تا وای لێ دێت، لە هۆشیاریدا چڕ دەبیتەوە و هێندەی نووکەدەرزییەک تاریکی لە ناختدا نامێنێت، ئەوسا هەست دەکەیت ڕووبەری تۆ وەک ئاسمان بەرینە و ملکەچی هیچ سنوورێک نیت، ئەوەیە ئەزموونی هەموو سۆفییە گەورەکانی دونیا، هەر بۆیە مەسیح دەیگوت: من و باوکم کە لە ئاسمانە، یەکێکن، من لەنێو ئەم جەستە بچووکەدا زیندانی نیم، من بە هەموو گەردووندا بڵاو بوومەتەوە. هەر لە ئەنجامی هەمان ئەزموونەوە کە هەوێنی گەشەکردنی ڕۆحە، حەللاجیش دەیگوت: من هەقم.

سیاسەت لە ماددەی هۆشبەر مەترسیدارترە، ئاخر ماددەی هۆشبەر تەنیا زیانی بۆ بەکاربەرەکەی هەیە، ئەگەر هیتلەر گیرۆدەی ماددەیەکی هۆشبەر بووایە، ئەو هەموو زیانەی بە مرۆڤایەتی نەدەگەیاند. ئەوانەیشی ئایینداریان کردووە بە پیشە و بازرگانی



Scanned by CamScanner

پێـوه دەکەن، زۆر مەترسـیدارترن لەوانەی گیـرۆدەی ئەم یان ئەو ماددەی هۆشبەرن. ئالوودە زیانی تەنیا بۆ بایۆلۆجیای خۆی هەیە، بـەڵام ئەوانـەی لە ڕێی ئاییئەوە سـەرقاڵی کۆکردنەوەی سـامان و سـەپاندنی دەسـەڵاتی سیاسـیی خۆیانـن، قوربانییەکانی دەسـتیان لـە ژمـارە نایەت. بۆچـی سیاسـەتچی و واعیز ڕقیان لـە بەنگکێش دەبێتـەوە؟ چونکـە بـەو زوڕنایە هەڵناپەڕێت کە ئـەوان لێی دەدەن. سیاسـەتچی و واعیـز هەڵەی بچووکـی موعتادێک دەبینن کە زیانی تەنیا بۆ جەستەی خۆی هەیە، بەڵام تاوانە گەورەکانی خۆیان نابینن کـە دونیا بە دەسـتیانەوە گرفتـارە. ئەمە حەقیقەتە، کریشـنامورتی گوتەنی: تۆ پەسەندی دەکەیت، یان نا، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

نە بوودا دووبارە دەبێتەوە، نە مەسـیح، ئاخر هەموو کەسـێک بێوێنەیـە، کـەس لـەوی دیکـە ناچێـت، ئەگەر هـەوڵ بدەیـت کۆپیی کەسـێکی دیکە بێت، ئەوە تۆ کەسـێکی ڕاسـتەقینە نیت، سـاختەیت. بۆ ئەوەی ببیت بە کەسـێکی گەورە، پێویسـتە ئامانجێکی گەورەت هەبێـت، ئەوانـەی هیـوای بچووکیان هەیـە، ئینسـانی گەورەیان لێ نارسـکێت. یەکێک لە لایەنە هـەرە خراپەکانی واعیز ئەوەیە، چونکە خـۆی هەسـت بە گوناهباری دەکات، هەمیشـە لـە هەوڵی ئەوەدایە، ئەوانـی تریش هەمـان هەسـتیان هەبێـت. بۆچی واعیز هەسـت بە گوناهبـاری دەکات؟ چونکە خۆی دەناسـێت کە نەک هەر نموونەی باڵا نییە، بەڵکوو چەندان لایەنی ڕەش و لاوازیشی هەیە.

واعیز چونکە گرێی هەسـتکردن بە گوناهباریی هەیە، هەمیشـە بـەدوای هەڵـەی ئـەم ئـەودا دەگەڕێـت، بـۆ ئـەوەی ئەوانـی تریش وەک خۆی، وا هەسـت بکەن گوناهبارن. واعیز دەسـت دەخاتە نێو هەمـوو کونجێکـی ژیانی ئەوانی دیکەوە، هـەر چییەک بکەیت وەک



Scanned by CamScanner

سرووشـتی خۆت لێت دەخوازیت، ئەو بە گوناهی لە قەڵەم دەدات، ئاخـر بەختەوەریـی ئـەو، بـە کوێرەوەریـی ئەوانـی دیکـەوە بەندە. گەورەترین فێڵ بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە هەست بە گوناهباری بکەن، ئەوەیـە داوایـان لـێ بکەیت، وەک فـلان نموونەی باڵا بـن. واعیزان بە گشـتی سادیسـتن، چـی توانایان هەیە بەگـەڕی دەخەن تا تۆ وا هەسـت بکەیـت گوناهباریـت، بۆیە لێیـان نزیک مەبـەوە. ئێمە بۆیە لێرەیـن بەختـەوەر بیـن، نـەک لـە کوێروەریـدا بژین، بۆیـە دەژین، گۆرانی بڵێین و سەما بکەین، نەک بۆ ئەوەی هەست بە گوناهباری بکەیـن. ئـەوە خۆتیت بڕیار دەدەیـت، کۆیلە بیت، یان ئـازاد، ئەگەر بڕیـارت دا ئازادانـە بژیـت، ئیدی نـە زیندان لە گـۆڕێ دەمێنێت، نە پاسەوان. ئینسان مەلێکە بە دوو باڵ دەفڕێت، هۆشیاری و ئازادی، تا هۆشیارتر بین، ئازادتریش دەبین.

شارسـتانی لـە هیـچ کوێیـەک نییـە، کام کـەس خـۆی وەک شارسـتانی نمایـش دەکات، تۆزێـک بیرووشـێنە، هەسـت دەکەیـت دڕندەیەکە لە پێسـتی ئینسـاندا، هەست دەکەیت شارستانییەکەی لە پێسـتی، قووڵتر نـاڕوات، تۆزێک لەمەوپێش بـە دەمتەوە پێدەکەنی، کەچی ئێسـتا خەریکە بتکوژێت. شارستانیی ڕاستەقینە گەڕانەوەیە بۆ پاکژییەکەی سـەروەختی منداڵی، شارسـتانییەک لەسەر بناغەی ئەو پاکژییەی منداڵی ڕۆ نەنرێت، ئینسـانی نابێت. شارسـتانی ئەوە نییە، هەناوت لە زەبروزەنگ تژی بێت و بە ڕووکەش زەردەخەنەی پلاسـتیکی ببەخشـییەوە، شارسـتانی ئەوەیـە ناخـت سـەرچاوەی خۆشەویستی بێت و کەسێکی یەکڕوو بیت.

*

(*) أوشو، رؤية التانترا، سر التجربة الداخلية، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، الطبعة الثانية ٢٠١٤ دار الفرقد، دمشق.



Scanned by CamScanner

# تانترا
# دونیابینییەک لە شیعر و سەما
# (٤)

سوێر نییە ئاوی زەریا
وەختێ دەبێ بە هەور،
خەیاڵی جوان دەتوانێ
ژەهر بکا بە شەکر.

ئینســان مەترسـیدارترین ئەفسـانەیە، ئاخر ئەگەر ددان بەوەدا بنێین ئـەو زینـدەوەرەی هەیە ئینسـانە، ئیدی هەوڵی گەشـەپێدانی نادەین و ئەگـەر خۆمـان پـێ ئینسـان بێـت، ئیـدی کۆشـش بـۆ



Scanned by CamScanner

چاککردنـی خۆمـان ناکەیـن. تۆ ئینســان نیت، یان ڕاســتتر، هێشــتا نەبوویت بە ئینســان، بەڵام دەشـێت ببیت. ئینســان هێشــتا لە دایک نەبووە، ئینسان درەختێک نییە، تۆوێکە، ئەگەری ئەوە هەیە ببێت بە درەخت، بەڵام ئەگەری ئەوەیش هەیە، نەبێت بە درەخت، جیاوازیی نێوان شـیمانە و واقیعیش، وەک جیاوازیی نێوان زەوی و ئاسـمان وایــە. ئینســان ئامێــرە، ئامێرێکی ئاســایی نــا، ئامێرێک کــە ئەگەری ئەوە هەیە، سـنووری سرووشـتی میکانیکییانەی خۆی ببەزێنێت و ببێت بە بوودا، یان بە مەسـیح. ئەوە خۆکوژییە، ئەگەر پێت وابێت، بوویت بە ئینسانێکی تەواو، ئاخر ئەوی ئەو هەستەی هەبێت، هەوڵ دۆزینەوە، یان خولّقاندنی ئینسانەکەی ناخی نادات.

هەیە ناساغە، بەڵام چونکە لە خۆی وایە تەندروستە، سەردانی نەخۆشخانە ناکات، لە دۆخێکی وادا، ئەگەری ئەوە بەهێزە، بەهۆی ئەو بۆچوونە نادروسـتەیەوە، ژیان لە دەسـت بدات. ئینسان کاتێک سـامناکترین ئەفسـانەیە، کـە هێشـتا پـرۆژەی ئینسـانە، کە هێشـتا گەشەی نەکردووە و دەبێت بە ئامێرێک بە دەست ئەم سیاسەتچی، یـان ئـەو واعیزەوە، ئیدی ئەو بەناو ئینسـانە، وەک ئامێرێک دەژی و وەک ئامێرێـک دەمرێـت، یـان بە کوشـت دەچێت. ئامێرەئینسـان کەسـێکە کۆیلەی دابونەریت و ملکەچی ڕابردوو کە تا دەمرێت، لە هەمان بازنەدا دەسووڕێتەوە و ئەم نسکۆ دەیداتە دەست ئەو گلان.

ئینســان هــەر بــە هیوایــە و هــەر نائومێـد دەبێـت، بـەردەوام هیواخواسـتن و نائومێـدی بەدوای یەکـدا دێن و تەمەنیش دەڕوات، ئەوەیە بە ئامێربوونی ئینسان، ئەوەیە جەستەی بێ گیان. تا هۆشیار نەبینــەوە، تــا دەرک بــەوە نەکەین ئینســانبوونمان لێ زەوت کراوە، نابین بە ئینسان، هەر وەک ئامێر دەژین. ئەوە هۆشیارییە، ئینسان



Scanned by CamScanner

له درەخت جیا دەکاتەوە، هۆشیار نەبین، تەنانەت لەگەڵ بەردیشدا جیاوازییەکی ئەوتۆمان نییە. هۆشیاری ئەوەنده دەگمەنە، ڕەنگە ئەوانەیشی خۆیان بە بژاردە دەزانن، پرشنگێکی لێ شک نەبن و لە ژیانیاندا ساتەوەختێک وەک هۆشیار ڕەوتاریان نەکردبێت.

کارڵ یۆنگ (١٨٧١ – ١٩٦٥) هەر دەروونناس نەبوو، دەروونناساغیش بوو، ئەوەندە ناهاوسەنگ بوو، نە لە جێیەک دەسرەوت، نە تاوێک بەبێ سیگارکێشان هەڵی دەکرد و نە دەیتوانی بڕێک بێدەنگ بێت. ئینسان لە پاییزی تەمەنیدا، یان دەبێتە کەسیکی ڕۆحانی، یان پاشماوەی عومری بۆ گەڕان بەدوای سێکسدا تەرخان دەکات، دەڵێن: ئەوانەی مێشکیان زۆر بەگەڕ خستبێت، لە کۆتاییدا خوو دەدەنە سێکس، (یونگ)یش وای کرد. یۆنگ وەک پاساوهێنانەوە بۆ سەرچڵییە ئەویندارییەکانی، دەیگوت: (دوو جۆر ژن هەن: ژنێکی دلۆڤان وەک هاوسەر، ژنێکی ڕۆمانتیک وەک دڵبەر، پیاو پێویستی بە هەردووکیانە، ئەگەرنا کانیاوی بەهرەی چۆڕبڕ دەبێت.) بەڵام نەیگوت: (دوو جۆر پیاو هەن: مێردێکی میهرەبان و دڵدارێکی شەیدا، ژن پێویستی بە هەردووکیان هەیە.) ئینسان چونکە ددان بەوەدا نانێت، ئیشی نابەجێ زادەی قەیرانی هۆشیارییە، بۆیە پاساوی بۆ دەبینێتەوە.

یۆنگ هەرچەندە دۆکتۆری دەروون بوو، کەچی وەک خۆی نکووڵیی لێ نەدەکرد، لە تارمایی دەترسا! بەوە فریو مەخۆ کە زانستێک هەیە، ناوی: زانستی دەروونی ئینسانە، ئاخر کە ئینسان خۆی هێشتا پەیدا نەبووبێت، چۆن زانستێک لەبارەی دەروونییەوە پەیدا دەبێت! بافلۆف ئینسانی بە ئامێر دەزانی، بەڵام نەیدەتوانی بەدەم گەشەکردنەوە بیبینێت، فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر هەر سێکیان



Scanned by CamScanner

لەوەدا بە هەڵەدا چووبوون، کە پێیان وابوو، لەمێژە ئینسان پەیدابووە. بڕوا بەوە بکە، ئینسان ئەفسانەیە، ئاخر تا ددان بەو ڕاستییەدا نەنێیت، هەر کەسێکی فریوخواردوو دەبیت.

تانترا کە هەوڵێکە بۆ ئەوەی هۆشیار ببینەوە، بە مانای فروانبوونی هۆشیاری دێت. تانترا کۆششێکە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین، ئێمە لە خەوێکی قووڵداین و پێویستمان بە بێداربوونەوە هەیە. تۆ لە سەرەتایساڵی نوێدا بەڵێن دەدەیت، واز لە سیگارکێشان بهێنیت، بەڵام بوێریی ئەوە شک نابەیت، ئەو بەڵێنە لای کەس بدرکێنیت، چونکە متمانەت بە خۆت نییە، ئاخر پێشتریش بەڵێنی وات داوە و پێوەیە پێبەند نەبوویت. ئەگەر بڕوات بە توانای خۆت هەبووایە، سڵت لە باسکردنی نەدەکردەوە. زیندانییەک ئەگەر نیازی هەڵاتنی هەبێت، بە تەنیا ئەوە ئیشەی پێ ناکرێت، پێویستی بە کۆمەکی زیندانییەکان و کەسانی دەرەوەی زیندانیش هەیە، تۆیش ئەگەر بە ڕاستت بووایە، لای هەمووان نیازەکەی خۆت دەدرکاند. لای تانترا، یەکخستنی تواناکان ئامانج دەپێکێت و ژن و پیاویش، بە کۆمەکی یەکتری هۆشیار دەبنەوە.

ئینسان ئامێرێکە بە دەست ڕابردووەوە، یادگە دەیجووڵێنێت، دابونەریتی دێرین هەڵیدەسووڕێنێت، زانیارییەکانی کۆنن، بۆیە هەر لە مێش دەچێت کە شەیدای خۆراکی کۆنی بۆگەنە. بۆچی سوکراتیان کوشت؟ چونکە شتی تازەی پێبوو، ترسی ئەوەیان هەبوو، چی بیر و باوەڕی کۆنی کۆمەڵ هەیە، تێکیانبشکێنێت، ئاخر ئامێرەئینسان شەیدای شتی کۆنە، وەک چۆن مێش تامەزرۆی بۆگەنی گۆشتی ڕزیوە. جارێکیان سێکسفرۆشێک سەردانی سوکرات دەکات، دەبینێت سێ چوار گەنجی نەناسراوی لایە،



Scanned by CamScanner

پێی دەڵێت: پیاوماقووڵانی شار، هەر لە بیرمەند و کاهینەوە، تا ئەورەبازرگان و سیاسەتکار، لای من لەسەرەدا دەوەستن، پێم سەیرە کەسیان لای تۆ نابینم! سوکرات دەبێژێت: من بۆنی خۆشی نوێ بڵاو دەکەمەوە، ئەوانە حەزیان لە بۆگەنی شتی کۆنە، ئەوانە عەقڵیان بۆگەنی کردووە، نە ئەوان بەدوای شتێ نوێدا دەگەڕێن، نە من دەتوانم فێری شتی تازەیان بکەم، ئاخر (سەگی پیر، فێری فێڵی نوێ نابێت.)

یادگە لێوانلێوە لە شتگەلی کۆن، گوێڕایەڵی یادگە مەبە، لەبری یادگە پشت بە هۆشیاری ببەستە! لە یادگەوە هیچێ نوێ فێر نابیت. یادگەت بسڕەوە و لە سفرەوە دەست پێ بکە! حەقیقەت تازەیە، بە کۆمەکی شتگەلی کۆن پێی ناگەین. حەقیقەت لەوە فراوانترە لە یادگەدا جێی ببێتەوە، حەقیقەتهەمیشە گەشە، سیس نابێت، هەمیشە گەنجە، پیر نابێت. پیر لە ترسی مردن، لە شتی کۆن نزیک دەبێتەوە، بەڵام ئەوە بە زەبری خۆشویستنی ژیانە، گەنج شەیدای شتی نوێیە، هەر ئەوەیش جیاوازیی نێوان دینی ساختە و دینی ڕاستەقینەیە، ئاخر دینی ساختە زادەی ترسە، بەڵام دینی ڕاستەقینە، بریتییە لە خۆشەویستی. ترس لە خوا! چۆن دەبێت لە خوا بترسین؟ کە لێی بترسین، چۆن دەتوانین خۆشمان بوێت؟ ئاخر ترس، ڕق بەرهەم دەهێنێت، کە لە کەسێک بترسین، ڕقمان لێی دەبێت، خۆشمان ناوێت. خوا دادپەروەرترین دادوەرە، ئێمەیش هیچ تاوانێکمان نەکردووە، ئیدی بۆچی لێی بترسین؟

خوا نە پێناسە دەکرێت، نە لێک دەدرێتەوە، نە لە چوارچێوەی فیکرێکدا جێی دەبێتەوە، قەتیسکردنی خوا لە باوەڕێکدا، وەک کۆکردنەوەی زەریایە لە جامێکدا کە مەحاڵە. ساراها دەڵێت: بۆ

Scanned by CamScanner

ئەوەی خوا بناسیت، پێویستە فیکرت بخەیە ئەو لاوە، ئاخر حەوجەت بە دونیابینییەکی نوێیە، ئاخر عەقڵی تۆ کە ئەوەندەی عەقڵی مێشێکە، توانای ئەوەی نییە بە حەقیقەت بگات. ناسینی خوا لە ڕێی ڕامانەوە ڕوو دەدات، سۆفییەکان وەختێک خوایان بە تەواوی ناسیوە کە بە لووتکەی هۆشیاری گەییشتوون و لە فیکر و لە هەوەس خاڵیی بوونەتەوە. کاتێک خۆری حەقیقەت هەڵدێت کە ئاسمانی زەینت ڕۆشن بێت، هیچ پەڵەیەکی پێوە نەبێت، نە پەڵەی فیکری پێوە بێت، نە پەڵەی هەوەس. ئینسان تەنیا سەروەختی نیرڤانا بە ناسینی خوا شاد دەبێت، سەروەختێک کە ئیدی نە وەک فیکر دەژی، نە وەک جەستە، سەروەختێک کە دەبێتە دونیایەک لە هۆشیاری و ئیدی نە هێز بەلایەوە گرینگ دەبێت، نە سامان، نە ناوبانگ و نە ڕاکیشانی سەرنجی ئەوانی دیکە.

ئایا لەگەڵ هاوژینەکەتدا وەها وەخت بەسەر دەبەیت، وەک ئەو شتێک بێت؟ ئەگەر تەنیا بۆ ئەوە بەکاری دەهێنێت، بژێوی یان سێکست بۆ دابین بکات، ئەوە وەک شتومەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت. کەس شتومەک نییە، بۆ ئەوە نییە لە قازانجی خۆت بەکاری بهێنیت. ئەگەر ئەوانی دیکە، وەک ئامێر لە قازانجی خۆت وەگەڕ دەخەیت، ئەوە تۆ هێشتا لە دونیای بۆگەنی مێشدا دەژیت و مێشکت کاسی بۆنی پیسە و لە تۆ وایە، بۆنی خۆش هەڵدەمژیت.

(دەربارەی ڕۆح پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ ئەوە هەر خوا بۆ خۆی دەیزانێت. ئیسراء ٨٥) ئاخۆ ڕۆح لەنێو جەستەی مرۆڤدایە؟ نەخێر ڕۆح لە جەستەدا نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، جەستە لەنێو ڕۆحدایە، ئاخر ڕۆح زۆر لە جەستە گەورەترە و چواردەوری لە ئینسان گرتووە. ڕۆح وزەیەکە هەموو گەردوونی تەنیوە، ڕۆحی



Scanned by CamScanner

کەس لە هی ئەوی دی جیاواز نییە، ئاخر هەمان گەردوون هەمووومان کۆ دەکاتەوە، ئەوە جەستەمانە لە یەکدی جیاوازن. ڕۆح وەک تەزووی کارەبا وایە، هەمان تەزووە و هەزاران جۆر ئامێری جیاواز دەخاتە ئیش. ئەوەی بە هەموومان یەک ڕۆحمان هەیە، با خەم و خولیاکانیشمان جیاواز بن، ڕاستییەکە تەنیا لە هۆشیاریدا دەرکی پێ دەکەین، ئەو وەختەی هەموو شتێک لەبەر چاومان ڕۆشن دەبێتەوە. هۆشیاری ئەو وەختەیە هەست بە یەکگرتوویی گەردوون دەکەین، کە هۆشیاریمان هەبوو، دەبینە ئینسانێکی گەردوونی.

ئەوی بە دونیای ڕامان ئاشنا نەبێت، ڕەنگە خاوەنی فیکر بێت، بەڵام فیکری وەک بەردی لێ هاتووە. وەک چۆن ئەو تۆزە بارانـاوەی لە جێپێیەکدا کۆ دەبێتەوە، دەبێت بە هەڵم و ئاسەواری نامێنێت، فیکریش هەمان چارەنووسی هەیە، ئاخر فیکر، بە بەراورد بە زەریای بەرینی هۆشیاری، هەر هێندەی جامەئاوێک دەبێت.

بەهۆی ڕامانەوە، لە جەستەی خۆمان دەچینە دەرەوە و لەنێو گەوهەری خۆماندا ئۆقرە دەگرین، کە هەمان گەوهەری هەموو گەردوونە. کە هەزاران بوودایی پێکەوە لە ڕاماندا نوقوم دەبن، بە هەموویان لە یەک کەسی بێدەنگ دەچن، ئەوەیە ئینسانی گەردوونی.

بەردی بناغەی تانترا ئەوەیە، ئەو شتانەی هەستیان پێ دەکەین، دەشێت بگۆڕدرێن بۆ شتگەلی بالاتر، دەشێت نەزانی بگۆڕدرێت بە هۆشیاری، ئاخر کەلێنێک لە نێوان بنار و لووتکەدا نییە و پێوەندییان وەک پێوەندیی نێوان پلەی یەکەمی پەیژە و دوا پلەی هەمان پەیژە وایە. دەشێت (ئینسان) لە بنی نەزانیدا بژی، یان لە لووتکەی هۆشیاریدا. تانترا ئینسان ناکات بە دوو بەشەوە،

جەستە و ڕۆح، ئینسان وەک یەکەیەک دەبینێت و جەستە وەک هەواری شەڕ پیشان نادات. تانترا دژی بەکارهێنانی زەبروزەنگە، چ دژ بەوانی دیکە و چ دژ بە خۆمان، تانترا پێی وایە، بەهۆی خۆشەویستییەوە، لە پرۆژەی ئینسانەوە، دەبین بە ئینسانێکی ڕاستەقینە. ئاوی زەریا سوێرە، لەڕێی هەورەوە دەبێت بە ئاوێکی سازگار، ساراها دەیگوت: خۆمان دەتوانین ئەو هەورە بخولقێنین، ئەگەر واز لە چاوچنۆکی و هەوەسبازی بهێنین.

*

(١) أوشو، رؤية التانترا، سر التجربة الداخلية، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، الطبعة الثانية ٢٠١٤ دار الفرقد، دمشق.

(٢) جان بران، سقراط الشهيد الأول للفلسفة، ت: فاروق الحميد، دار الفرقد ٢٠٠٨ دمشق.



Scanned by CamScanner